# **قڵیشانی بەرد**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسیدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# قڵیشانی بەرد

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسیدا

سامی شۆڕش



کتێب: قڵیشانی بەرد - ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسیدا
نووسینی: سامی شۆڕش
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٣٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# سەرەتایەکی گشتی

ئەگەر پانزە ساڵ پێش ئەمڕۆ، واتە ساڵانی پێش ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسەری لە بونیادی سیاسەتی جیهان، دەوروبەری ١٩٩٠، باست لە دیموکراسی و فرەخوازی و بووژانەوەی ئابووری و بازاڕی ئازاد و جیهانی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکردایە(١) (تا ئێستا پێناسەیەکی دیارکراو بۆ سنووره جوگرافییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی جوگرافییەوە وڵاتە عەرەبییەکان و کوردستان و پاکستان و ئەفغانستان و تورکیا و ئێران و ئیسرائیل دەگرێتەوە)، ئەوا بێ گومان لە زۆربەی کۆڕ و ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکاندا بەکابرایەکی خەیاڵ پڵاو، بەرچاو تەمومژاوی، هەندێک جاریش، ڕووخاو و وردە بورژوا و نۆکەر و کاسەلێس و سەرشێت، لە قەڵەم دەدرایت.

ئێستا، دوای تێپەڕبوونی پتر لە پانزە ساڵ بەسەر ڕووخانی سیستەمە کۆنە دووفاقیەکەی جیهان و دامەزرانی سیستەمێکی تازەی تاک جەمسەری کە ئەمریکا تیایدا تاکە زلهێز و باڵادەستە، هەروەها دوای کشانەوەی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیا و فراوانبوونی ئاسۆی چارەسەری دیموکراسییانە لەبەردەم کێشە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەکە، ئیتر وا خەریکە وردەکارییەکانی وێنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتەوە دەگۆڕدرێت و ئاسۆیەکی تازە لەبەردەم بەدیموکراسەبوونی ناوچەکە دەکرێتەوە. ئاسۆیەکی تازە دەکرێتەوە ئەگەرچی تا ئێستاش زۆر تەمومژاوی، زۆر بێ نموود، زۆر تەسک و دوور و پڕ زەحمەتیی دێتە پێش چاو. نامەوێ گەشبینانە سەیری ڕووداوەکان بکەم. نامەوێ بەئاوەژوو ڕاوبۆچوونەکانی خۆم دەرببڕم. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، هێشتا هەر دەتوانم



بڵێم ئەوەی پێش پانزە ساڵ خەیاڵ پڵاو و نۆکەرایەتی و کاسەلێسی بوو، ئەمڕۆ لە سایەی گۆڕانکارییە بنەرەتییەکانی جیهان خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی واقیعی و قبوڵ کراو. لە هەمان کاتیشدا دەزانم تەپوتۆزی کێشە و زەحمەتی و ئاڵۆزییەکان بەتایبەتی لە ڕووی پەرەسەندنی مەترسییەکانی تیرۆر، هێشتا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەست و قورسە.

ئەمرۆ پرۆسەیەکی گەورەی دامەزراندنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی گەورە (٢) (نە لە زانستی جوگرافیا و نە لە زانستی مێژوو ئەم ئیدیۆمە بەکارهاتووە. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتاکانیساڵی ٢٠٠٤ پرۆژەیەکی گەورەی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. مەبەستی پرۆژەکە دارشتنی ستراتیژێکی بەرفراوان و هەمەلایەنە بوو بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە و هاندانی ریفۆرم و چاکسازی و دیموکراسی تیایدا) لە گۆڕێ دایە کە ڕەنگە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە، واتە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی ساردی نێوان هەر دوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستی و ڕۆژئاوای سەرمایەداری، گەورەترین و پڕ بایەخترین دەرفەتی ئازادی و بووژانەوەی دیموکراسی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یەکسانی بۆ میللەتانی ناوچەکە پێک بهێنێت.

ڕاستە، ئەمڕۆ لە چەند لایەکەوە بەوپەڕی توندوتیژی بەرپەرچی تەوژمی بەدیموکراسەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرێتەوە. ڕاستیشە، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕەوڕەوەی بووژانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەو ناوچە ئاڵۆز و سەخت و دژوارەدا، تیرۆر پەرەدەسێنێت و گورزە کوشندە و پڕ مەترسییەکانیشی، جا چ لەسەر ئاستی جیهانی بێت، وەک تەقینەوەکانی ئیسپانیا و بریتانیا و ئەندینۆسیا، چ لەسەر ئاستی ناوچەیی بێت وەک هێرشە تیرۆریستییەکانی میسر و کوردستان و پاکستان و ئافغانستان و ئوردون و جەزائیر و لوبنان و تورکیا، هەتا دێ

پڕ ئێشتر و کوشندەتر دەبن و گۆڕەپانەکانیشیان لە جیهاندا بەرفراوانتر دەبن. هەروەها ڕاستە، ئەو کەشوهەوا تازەیەی لە ناوچەکەدا پەیدا بووە، بەهۆی گیروگرفتی ئابووری و بژێوی و کۆمەلایەتی و کەلتووری، زۆر جار دەکەوێتە ناو بازنەی تەنگژەییێکی سەخت و خوێناویی ئەوتۆ کە قەناعەتێکی نادروست لای زۆران دروست دەکات، بەوەی گوایە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەر ئالۆزییەکانی مێژوو، قەت دیموکراسی بەخۆیەوە نابینێت و خۆ ئەگەر بینیشی ئەوا بووژانەوەکە تەمەن کورت و بێ کەلک دەبێت.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستییانە، دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بلێین کە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە دوای تێپەڕبوونی پتر لە پانزە ساڵ بەسەر دەستپێکردنی سیستەمی جیهانی تاک جەمسەری، خەریکە ئەویش وەک ناوچەکانی دیکەی جیهان دەکەوێتە سەر دەستپێکی قۆناغێکی تازە: قۆناغی گۆڕان، قۆناغی خۆهەلتەکاندن لە تۆز و گەردی مێژوو، قۆناغی زالبوون بەسەر گیروگرفتەکانی کەلتوور و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا. قۆناغی بیرکردنەوەی واقیعی و دامەزراندنی بنەما سەرەتاییەکانی بازاڕی ئازاد و بازرگانیی ڕەها. قۆناغی هۆگر بوون لەگەڵ دیموکراسی و ئازادیی تاکە کەس و فرەخوازی و قبوڵ کردنی یەکتری و لێبووردەیی.

ئەوی ڕاستی بێت، سەرەتاکانی پرۆسەی بزاڤی دیموکراسی لە ناوچەکەدا، وا نەبێت لەم یەک دوو ساڵەدا، یان دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق دەستی پێ کردبێت. سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیە زۆر زووتر، لەگەڵ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێ کرد بوو. ئەو دەستپێکردنەش لە کاتێکدا بوو تازە هێرشی عێراق بۆ سەر میرنشینی کوێت ڕووی دابوو، هەروەها بەر لەو ڕووداوە بەساڵێک یان دوو ساڵ بلۆکی سۆشیالیستی لە ڕووسیا و ئەوروپای ڕۆژهەلات لە بار یەک هەلوەشابۆوە. دیواری بەرلین خەریکی ڕووخان بوو. بەلام سەیر ئەوەیە ئەو سەرەتایانە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەپێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی



جیهان لەسەرەخۆتر بوو، تەمەن کورت بوو. وەک گۆڕانکارییەکانی دیکەی جیهان بەتایبەتی ئەوانەی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەلات، مەودایەکی فراوانی جەماوەریی نەبوو. بۆیە دوای شکست پێ هێنانی سوپای عێراق لە کوێت، ئەو سەرەتایەش زوو پاشەکشەی کرد و دامرکایەوە. دیار بوو، ناوچەکە لەو سەردەمەدا بەپێچەوانەی دەوڵەتە سۆشیالیستەکان کەمتر سوودی لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی جیهان وەرگرت و لە جیاتی کردنەوەی دەرگاکان پەنجەرەکانیشی بەڕووی شنەبای دیموکراسیدا داخست:

کورد دوای ڕاپەڕین و ئازادی کەوتە کۆچڕەوێکی بێ ئامان، شیعەکانی خوارو، ئەوانەی لە قەسابخانەکەی سەدام حوسێن ڕزگاریان بوو بەرەو سەعوودییە ڕۆیشتن. بەرگریکارە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان، ئەوانەی ساڵی ١٩٨٩ تازە لە داگیرکردن و سوپای شوورەوی ڕزگاریان بوو بوو، کەوتنە گیانی یەکتری و ئاگریان لە گۆشت و ئێسقانی یەکتری بەردا. تیرۆر لە سەعوودییە و پاکستان و سوودانەوە دەستی بەگەشەکردن کرد. ئوسامە بن لادن هەموو پردەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا دا بەدەم ئاوەوە. دواتریش ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ - یەکەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لەناو گۆماوی خوێن و ڕاپەڕین و تەوژمی کوچکە بەرددا خنکا. لەو سەردەمە جەنجاڵ و ئالۆزەدا، ناوچەکە وەها دەهاتە پێش چاو لەناو کەندەلانێکی مینرێژکراوی پڕ ترس و لەرز و ڕاڕایی و گومان هەنگاو بهاوێژێت. بگرە زۆر جاریش وای نیشان دەدا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە جیاتی پێشکەوتن و بووژانەوە، خەریکی پاشەکشە و گلۆربوونەوە بێت بەرەو تونێلێکی تاریک و نوتەک.

ئەوەی زۆرتریش کارەکەی سەختتر و وێنەکەی تەڵختر کرد، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد بوو، سیاسەتی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بیل کلینتۆن بوو کە کەمتر بایەخی بەڕۆڵی وڵاتەکەی دەدا لەسەر شانۆی جیهانی و زۆرتر چاوی لە چاککردنەوەی باری ئابووریی ناوەخۆی ئەمریکا بوو. ئەو

ڕێبازەش پێچەوانەی ڕێبازی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا جۆرج دەبلیو بووش بوو کە باوەڕی بەتۆکمەترکردنی جێگەی ئەمریکایە لە سیاسەتی دەرەوەدا و پێی وایە ڕەدوونانی ئاشووب و تیرۆر و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و لیبرالیزم لە جیهاندا هەتا ئەگەر ناوە ناوە شەڕ و هەرایشی لێ بکەوێتەوە، هێشتا هەر ئەرکە سەرەکییەکەی واشنتۆنە.

هەن پێیان وایە تیۆری "شەڕی دەستپێشکەرانە"ی بووش لە ئەفغانستان و عێراق دامەنی بزووتنەوەی دیموکراسی لە جیهاندا خوێناوی کردووە و ڕێگەی لەبەردەم تەشەنەکردنی تیرۆر خۆش کردووە. هی دیکە هەن وای بۆ دەچن شەڕی دەستپێشکەرانە دەرگای دۆزەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی جیهاندا دەکاتەوە. هەشە پێی وایە: نەخێر، ئەو جۆرە سیاسەتە توندوتیژ و سەرکوتکەرانە و دەستپێشکەرانەیە نەک هەر ڕێگە لە مەترسییەکانی تیرۆر دەگرێت و ناوەخۆی ئەمریکا و ئەوروپا دەپارێزێت، بەڵکو لەوەش زیاتر بونیادی ئیستیبداد و دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا دەڕووخێنێت و ڕێگە لەبەردەم دامەزرانی دیموکراسی و ڕژێم و حکوومەتی شارستانی و بووژانەوەی ئابووری دەکاتەوە.

بەر لە ١١ی سێپتەمبەر و ڕووخانی ڕژێمی تالیبانی ئەفغانستان و سەدام حوسێن-ی عێراق، زەحمەت بوو لە ناوچەکەدا بیر لە ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری بکرێتەوە. زەحمەت بوو بیر لە دەستووری تازە و فیدرالیزمی کورد و لابردنی ئاسەواری تەعریب لە کەرکووک و بەدرە و جەسسان و خانەقین و شنگال بکرێتەوە. زەحمەت بوو باس لە دابەشکردنی سەروەت و مافی چارەی خۆنووسینی شەش ساڵەی خوارووی سوودان بکرێتەوە. زەحمەت بوو کەس بەرامبەر بەڕژێمی تاکڕەویی میسر سەر هەڵبڕێت و داوای هەڵبژاردنی سەربەخۆ و لاچوونی موبارەک بکات. زەحمەت بوو باسی مافی ئافرەت و تێکەڵاوبوونیان بەژیانی سیاسی بکەیت لە کوێت و سەعوودییە و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



زەحمەت بوو باسی کشانەوەی هێزە سەربازی و سیخوڕییەکانی سووریا بکەیت لە لوبنان. زەحمەت بوو سەرەک کۆمارێکی پێشووی وەک سەدام حوسێن بدرێتە دادگا. زەحمەت بوو هەڕەشەی دادگاییکردن لە گەورە بەرپرسانی دیمەشق بکرێت. زەحمەت بوو سەرکردەیەکی عەرەب باس لە دەست هەڵگرتنی خۆی بکات لە فەرمانڕەوایەتی وەک چۆن عەلی ساڵح عەبدوڵڵای یەمەن کردی. زەحمەت بوو جەنابی سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی دەعوەتی واشنتۆن و پایتەختە گرینگەکانی ئەوروپا بکرێت و بەجلوبەرگی کوردی لەگەڵ بووش کۆببێتەوە و بەکوردی قسە بکات بێ ئەوەی ئاڵای عێراقی بەسەرەوە بێت. زەحمەت بوو ئەمینداری جامیعەی عەرەبی بێتە پایتەختی کوردستان و بەشانازییەوە باس لە کوردستان و تاقیکردنەوە دیموکراسییەکەی بکات. لەو ڕۆژگارانەدا، زەحمەت بوو بیر لەوە بکەیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان حزبوڵڵای لوبنانی بەشێوەیەکی فەرمی بگاتە ناو حکوومەتی لوبنان و هێمای ئەوە بڵاو بکاتەوە کە ئیتر واز لە خەباتی چەکداری دەهێنێت. زەحمەت بوو لیبیا بەتەواوی خواستی خۆی دەست لە بەرنامەی چەکی کۆمەڵکوژ هەڵگرێت و داوای ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی بکات لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا. دیارە لەو ماوەیەی ڕابردوودا زۆر شت گۆڕا. بۆیە لە دوای ڕووداوە گرینگەکانی واشنتۆن و نیویۆرک و بەغدا و کابول ئیتر وەک بڵێی بەردی ڕەقەنی ناوچەکە قڵیشی بردووەو ئەم ئەگەر و باس و گۆڕانکارییانە هەر هەموویان بوون بەواقیع و بوون بەسەرچاوە بۆ پێشهات و گۆڕانکاریی گەورەتر و کاریگەرتر.

دوور لە کێشەی عێراق، حاڵی خراپی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر ئەوە نەبووە کۆمەڵێک ڕژێمی دیکتاتۆری و تاکڕەو و دڕندە لە ناوچەکەدا گرد بووبوونەوە و ڕێگەیان لە هاتنە پێشەوە و گەشەکردنی دیموکراسی گرتبوو. بەڵکو لەوەش زیاتر حاڵە خراپەکە لەوەدا بوو کە ئەو ڕژێمانە، جا چ دەوڵەت و ئیمپراتۆرە کۆنینەکان بوو بێت یان دەوڵەت و

کیانە تازەکانی ناوچەکە، پارێزەری کەلتوورێکی سیاسی کۆن بوون و لەناو کۆمەڵگاکانیاندا: کەلتووری شەڕ، گۆشەگیریی، توندوتیژیی، تاکڕەوێتی، پێشیلکردنی ئازادیی تاکە کەس، مافی مرۆڤ، دەست نانە بینەقاقای ئابووری و ڕۆشنبیری لە ڕێگەی دەوڵەتەوە پەرەی سەند بوو.

مەعلوومە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی چەندین شارستانی و ئاین و ئیمپراتۆرییەتی کۆن بووە. هەروەها زێدی چەندین ئاین بووە وەک زەردەشتی و موسایی و عیسایی و دواتریش ئیسلام. لەوەش زیاتر، لانکەی شارستانێتی و ئیمپراتۆری گەورەی وەک سۆمەرییەکان و میدییەکان و بابل و ئاشوور و ئەرمینییەکان و ئنجا ئیسلام و ئێرانی قاجاری و عوسمانییە تورکەکان بووە. ئەو هەموو شارستانێتی و ئاین و کەلتوورانە سوود و کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هەبووە و گەرماییەکی زۆریان بەژیانی مرۆڤ بەخشیووە. بەڵام لە هەمان کاتدا کاری زۆر خراپیان لە ڕەوتی مێژووی میللەتانی ناوچەکە کردووە. وایان کردووە شەڕ و ناکۆکی و پێکادان باڵا دەست بێت و زۆر جار، یەک لەو شارستانی و ئاینانە، ئەوی پێشە خۆی، یان تەنیشتە خۆی قەبووڵ نەکات و ڕەتی بکاتەوە و بگرە تەفروتونایشی بکات.

ئێزدییەکان بەقەولی خۆیان و بەپاڵپشتی بەڵگە مێژووییەکان دەیان هێرشیان کراوەتە سەر بەمەبەستی لەناوبردنیان. جوولەکەی وڵاتانی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٤٨ بەسەرەوە ناچاری سەرهەڵگرتن و کۆچکردن بوون بۆ ئیسرائیل لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانیان. ئەرمەن بەقەسابخانەیەکی خوێناوی قەڵاچۆکران و ئێستاش حکوومەتی تورکیا ڕازی نییە تەنیا داوای لێبووردنیشیان لێ بکات. کورد هەرچۆنێک ئاوڕی بدابایەوە سەرکوت دەکرا و ئاگری قەڵاچۆکردنی تێبەردەدرا. ئاشووری و لازو و دەیان نەتەوەی بچووکی دیکە گەیشتنە لێواری لەناوچوون.



لەوانە بەولاتر، ئەو مۆزاییکە دژ بەیەکەی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی کەشوهەوایەکی کراوە نەبووە بۆ چارەسەرکردنی، نەک هەر لە بازنەی ناکۆکیی سەربازی نەماوەتەوە، بەڵکو زنجیرەیەکی نەپساوەی کێشە و گیروگرفتی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جوگرافی و مێژوویی لێ کەوتۆتەوە و بونیادە ناوخۆییەکەی ناوچەکەی لاواز کردووە و وای لێکردووە ببێتە گۆڕەپانی شەڕ و پێکادانی ئیمپراتۆر و هێزە دەرەکییەکان.

بێ گومان ئەو هەموو هۆیانە کارێکی ئێجگار قورسیان کردۆتە سەر دواکەوتنی ناوچەکە. وایان کردووە نەک هەر پێوەندییەکی پڕ گێرمە و کێشە لە نێوان میللەتان و دەسەڵاتی دەوڵەتەکانیدا دروست بێت، بەڵکو کەلتووری میللەتان و دەوڵەتانیشی بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابمەزرێت کە دەمارە سەرەکییەکانی: قبوڵ نەکردنی یەکتری و گیانی گۆشەگیری و ڕاچڵەکینی ترس و بوغز و ڕق و کینە بێت. باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری دوا بکەوێت و هەلومەرجی باوەڕبەخۆبوون و بەگەڕخستنی عەقڵ و هاوکاری هەتا بێت ڕوو لە کەمی و فەوتان بکات. لە ئەنجامیشدا کەلتووری سیاسی لە ناوچەکەدا وەکو پێویست گەشە نەکات، بگرە زۆر جاریش بەرەو دواوە بکشێتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە ناوچەکە، لە دێرزەمانەوە، هاندەری سەرەکیی زاوزێکردنی دیکتاتۆری و ڕقەبەرایەتی و شەڕوشۆڕ بێت. بۆیە غەریب نییە ئەگەر دەمارە سەرەتاییەکانی ئەو تیرۆرەی ئێستا لە سەرتاپای جیهاندا لە گەشەکردن دایە لەناو هەناوی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزینەوە.

لە ڕابردوودا کارێکی ئەستەم و زەحمەت بووە هیچ تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی لە ناوچەکەدا سەربگرێت. لە عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا ویسترا جۆریک لە دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی دابمەزرێت. بەڵام دەمارە توندوتیژەکانی ناو کۆمەڵ، بەتایبەتی لەناو بازنە سیاسی و

کەلتووری و سەربازییەکانیدا هەر زوو ڕێگەیان لەو جۆرە تاقی کردنەوەیە گرت. هەر لەو سەردەمەدا ویسترا هەندێک لە مافە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکانی کورد لەناو چوارچێوەی دەوڵەتە تازەکەی عێراق بپارێزرێت. بەڵام نەتەوەپەرستە عەرەبەکانی عێراق کە ئەوسا زۆرتر هێزە فیکرییەکەی خۆیان لە دیمەشقی نەتەوەپەرستیی عەرەبایەتیدا دەبینییەوە، ڕێگەیان لەو جۆرە هەوڵە گرت. ئنجا هەلومەرجەکە لە گوین بوو شیعەش لە هەندێک بواری کار و ئیدارەی دەوڵەتی عێراقدا بێتە پێش بەتایبەتی کاتێک مەلیک فەیسەلی یەکەم نێوانێکی خۆشی لەگەڵ شیعەدا دروست کرد. بەڵام لێرەشدا ناوەندە سیاسی و مەزەبییەکانی سوننەی عەرەب ڕێگر بوون. دواتر نوری سەعید ساڵی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ ویستی لە ڕێگەی وتووێژی سیاسیەوە لەگەڵ بارزانیی نەمر کێشەی کورد چارەسەر بکات. بەڵام نەتەوەپەرستانی ناو سوپای عێراق نەیانهێشت نەخشەکە سەربگرێت و ئەلسەعیدیان ناچار کرد ئیستیقالە بدات و حکوومەتەکەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە. بەرلەوەیش کاتێک ڕژێمی پاشایەتی خەریکی بەهێز کردنی پێوەندییەکانی خۆی بوو لەگەڵ ڕۆژئاوا بەو مەبەستەی کەڵک لە توانستە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیا وەربگرێت، چەند ئەفسەرێکی نەتەوەپەرستیی عەرەبی عێراقی (کۆمەڵەکەی یونس سەبعاوی و صەلاحەددین صەبباغ) ساڵی ١٩٤١ لە ڕووی عێراق و بریتانیا ڕاپەرین و شەڕێکی گەورەیان نایەوە و دەستیان بەسەر حکوومەتدا گرت. عێراق لەژێر فشاری ئەفسەر و سیاسەتمەدارە نەتەوەپەرستە عەرەبەکان بەرەو بەسەربازیکردنی کۆمەڵگا ڕۆیشت تا وای لێهات لە تەمووزی ١٩٥٨ دا سەرباز بەکودەتایەک تەواوی حوکمڕانییان گرتە دەست و تەخت و تاراجی پادشایەتییان لە عێراق تێکوپێک دا و دواهەناسەیان لە پرۆسەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە عێراقدا بڕی.



ڕاستە ئەو ڕژێمە سەربازییەی لەو ساڵەدا هاتە سەر حوکم بەسەرکردایەتیی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم کۆمەڵێک هەنگاوی باشی هاوێشت و چەندین بڕیاری نیشتمانییانەی دا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەهۆی دواکەوتوویی کەلتووری سیاسی لەو قۆناغەدا، هەروەها بەهۆی باڵا دەستی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی عەرەبی و عەقلیەتی ئۆردووی سەربازی و کاسکێتی ئەفسەران، وای لێهاتبوو بەشی زۆری گەلانی عێراق لەژێر سێبەری ئەو ڕژێمەدا خەریکی هوتاف کێشان و شایلۆغان و هەڵپەڕکێی خوێن بن. لەو ڕۆژگارەدا هەم هوتافی (لەسەریان دە، کەریم، لەسەریان دە مەیانهێلە!!)، هەم ڕاکێشکردنی ئۆپۆزیسیۆن بەشەقامەکان و بەعەموودی کارەبا هەڵواسینییان ڕاستەقینەترین و بەرچاوترین دەربڕی کەلتوورە سیاسییەکەی خەڵک و حزبە سیاسییەکان بوو بەتایبەتی لە خۆپیشاندانەکانی شیوعیان لە کۆیە و هەولێر و بەسرە و بەغدا و مووسڵ.

بێجگە لە عێراق، حاڵ هەمان حاڵ بوو لە ئێران و تورکیا و سووریا و ئوردون و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە. بزووتنەوەی مەشروتیەت لە ئێران کە گەورەترین بزووتنەوەی دەستووری بوو لەو زەمانەدا لەژێر زەبری قاجارییەکان و پاشانیش ڕەزا شای پەهلەوی خنکێنرا تا وای لێهات لەناو بازنەی پیاوانی ئاینیدا دەرفەت تەنیا بۆ توندرەوان مایەوە. هەر لە هەمان چوارچێوەدا، ڕۆشنفکری ئێرانی ملکۆم خان ساڵی ١٨٥٨ بنکەیەکی ڕۆشنبیری دامەزراند بەناوی (فەرامۆشخانە). ئامانجی ئەو بنکەیە بڵاوکردنەوەی زانستی و خوێندەواری بوو. ملکۆم خان کە لەو سەردەمەدا ئەوروپای بینی بوو و حەزی بەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکرد، دەیویست ئێران کەڵک لەو پێشکەوتنەی ئەوروپا وەربگرێت. بەڵام زۆری نەبرد پادشای قاجاری ناصر ئەلدین شاه ساڵی ١٨٦١ فەرمانێکی دەرکرد بەسزادانی ملکۆم خان و ڕێکخراوەکەی یاساغ کرد و سزای هەر کەسێکیشی دا هاوکاریی ئەو ڕێکخراوەی کرد بێت. دواتریش هەر لە

ئێراندا بزووتنەوەی دکتۆر مصدق بووە قوربانیی پۆستاڵی سوپا. ئنجا ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا لە بەرامبەر شۆڕشی ئیسلامی سەرنگون بوو. بەر لەوەیش، لە سێدارەدانی قازی محەمەد و خاپوورکردنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و کۆماری دیموکراتی لە ئازەربێجان ڕووگەیەکی دیکەی بەدیکتاتۆریکردنی دەوڵەتی ئێران بوو لەو سەردەمەدا. سەیر ئەوەیە، ڕۆشنبیران وکەلتووری خەڵکەکە لە زۆر لەو ڕووداوە گەورانەدا ڕۆڵی گرینگ و سەرەکییان هەبوو بۆ پشتگیریی ڕژێمی ئێران. بگرە ئەگەر بەڕاشکاوتر قسە بکەین دەتوانین بڵێین کەلتووره سیاسییە دواکەوتووەکەی کۆمەڵگای ئێران لەو سەردەمەدا وای کردبوو زەینی گشتیی خەڵک بەحەماستر بێت لەو سەرکردە سیاسییانەیان کە پاڵەوانی بردنە پشتەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو بوون.

سووریا هەمان شت. لە پێناو بەسەربازکردنی بونیادی دەوڵەتەکەی چەندین کودەتای سەربازی بەخۆیەوە دیوە. بگرە لەم بوارەدا دیمەشق قوتابخانەیەکی گەورە بووە بۆ ئەفسەرانی عێراق و میسر و لوبنانیش. تورکیا، ئەوەی ئەوروپایی و ئەمریکاییەکان بەبنکەی دیموکراسییان دەزانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوای ئیسرائیل، هەناسەی لەناو دووکەڵی سێ کودەتای سەربازیی گەورەدا لەبەر بڕا بوو. ئەوەی دووکەڵەکەیشی خەستتر دەکردەوە ئاگر تێبەردانی کوردستان بوو لە لایەن سوپای تورکەوە. لێرەش حاڵی کەلتووره سیاسییەکەی کۆمەڵگای تورکی کە بەئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکەی کەمالیست گۆش کراوە باشتر نییە لە کەلتووره توندڕەوە نەتەوەییەکەی عەرەب و ئێران و بگرە تەواوی ناوچەکەش.

لێکۆلەرەوەی ئەمریکی پاتریک باشام کە لە ئامۆژگای کاتۆی ئەمریکی کار دەکات وای بۆ دەچێت کە کەلتووری سیاسی دەبێتە هۆی دروست بوونی دیموکراسی نەک بەپێچەوانەوە. باشام ڕاست دەکات، چونکە ئەگەر بەدیقەت ئاوڕ لە ڕۆشنبیریی سیاسیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



بدەینەوە دەبینین ئەو ڕۆشنبیری، یان کەلتووره هەر لە کۆنەوە لەسەر بنەمای شەڕ و ناکۆکی و تووڕەیی و لە یەکدی نەبووردن دامەزراوە. بۆیە کاتێک کار هاتبێتە سەر چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک خەڵکەکە وەک ڕژێمەکانیان توندوتیژ و پڕ ڕق و کینە بوون و بەشمشێر و خەنجەر و تفەنگ کێشەکانیان چارەسەر کردووە. باشام، لە بارەی دیموکراسییەوە دەڵێ: دیموکراسی تەنیا بەهەڵبژاردن و دەنگدان و دامەزراندنی دامودەزگای پەرلەمانی دروست نابێت و نایەتە کایەوە، بەڵکو لەوانە گرینگتر دەبێت کەلتوورێکی سیاسیی دیموکراسیخواز هەبێت زەمینەی دامەزراندن و گەشەپێکردنی پرۆسەی دیموکراسی خۆش بکات. هەر لە هەمان لێکۆڵینەوەدا باشام پێی وایە هۆی دانەمەزرانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی سیاسیی دیموکراسییە.

ئەگەر واز لە مێژووی کۆن بێنین، دەبینین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژگاری شەڕی سارد و پێش شەڕی ساردیش، سەرێکی ڕژێمە ئیستیبدادییەکان بووەو سەرەکەی دیکەی نەخوێندەواری و نەخۆشی و دواکەوتوویی و گۆشەگیری و تاکڕەوێتی میللەتانی بووە. بۆیە لە سەردەمە تازەکانیشدا دەبینین پێوەندی و هاوکاریی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە نێوان دەوڵەتان و میللەتانی ناوچەکە هەمیشە لە ئەوپەڕی لاوازیدا بووە. ڕەنگە بەرچاوترین نموونە لەم بارەیەوە دەوڵەتانی عەرەبی بێت کا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هێڵێکی شەمەندەفەر، یان ڕێگەوبانێکی گونجاوی هاوبەش نییە ئەو وڵاتانە بەیەکتری ببەستێتەوە و هاوکاری و بزووتنەوەی ئابووری و بازرگانییان ببووژێنێتەوە. تەنانەت هەر کاتێکیش دوو یان سێ یان چوار دەوڵەت لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەباشیان زانیبێت هاوکارییەک لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، بۆ نموونە تاقیکردنەوەکانی یەکێتیی (وەحدە)ی عەرەبی، ئەوا ئەو هاوکارییە هەمیشە هاندەری سیاسی و ئامانجی سیاسی لە پشتەوە بووە نەک ئابووری یان کۆمەڵایەتی

یان ڕۆشنبیری. بۆیە هەر کاتێک کێشەیەکی سیاسی لە نێو دەوڵەتەکان ڕووی دابێت یەکسەر هەموو پێوەندییەکان بەهی دیبلۆماسی و ئابووریشەوە پچڕاوە. لای ئەو دەوڵەتانە، بەهۆی کزی و لاوازیی بەها دیموکراسییەکان، هەمیشە سیاسەت بەستراوەتەوە بەئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. هەر کاتێک پێوەندییە سیاسییەکە تەنگژەی تێکەوتبێت یان پچڕا بێت ئەوا لە هەمان ئان و کاتدا هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیش پچڕاوە. ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٢ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی بووژانەوەی مرۆیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە جیهانی عەرەب لە ڕووی خوێندەواری و بووژانەوەی ئابووری و ڕۆشنبیری لە بارودۆخێکی ئێجگار خراپدایە. لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی فەرید زەکەریا لە بارەی هەلومەرجی مۆدێرنتی جیهانی عەرەب دەڵێ دیاردەی سەیر لەو جیهانەدا ئەوەیە کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە عەرەبییەکان ئەگەرچی بەدیکتاتۆر و تاکڕەوێتی ناسراون، بەڵام لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگا و خەڵکانی ناو دەوڵەتەکانی خۆیان لیبرالترن. بێ گومان مەبەست لەم لیبرالیەتە تەنیا سیما ڕووکەشییەکانە، نەک سیستەمی بیر و خووڕەوشت و هەڵسوکەوت.

لەم نووسینەدا، هەوڵ دەدرێت تیشکێکی گشتی بخرێتە سەر هەندێک لە لاپەڕەکانی ئەو بابەتە. بێ گومان کار کردن لە بواری تۆژینەوە و بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان خوێندنەوەی ئاسۆکانی دوارۆژی، کارێکی ئاسان نییە. هۆی ئەو ئاسان نەبوونەش هەر تەنیا سەختیی گەیشتنە زانیاری و نەبوونی ئاماری ورد و تەنگەژەی ئازادی نییە، بەڵکو لەوانە گرینگتر گۆڕانکارییە بەپەلە و دراماتیکییەکانی ناوچەکەیە. دواترین نموونە لەم بوارەدا ڕەنگە سوودان بێت، ئەگەرچی سوودان زۆرتر بەئەفریقیا و کەمتر بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حسێب دەکرێت. هەروەها ڕەنگە عێراق و لوبنان و سووریا و میسر بێت.



سوودان بەر لە ساڵ و نیوێک، واتە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق، کەوتە ناو پرۆسەیەکی تازەی دیموکراسی. دەرگا سەرەکییەکەی ئەو پرۆسەیە بەگفتوگۆ سیاسییەکەی نێوان حکوومەتی خەرتووم و بزووتنەوەی میللیی خوارووی سوودان کرایەوە. زۆری نەبرد هەردوو لا گەیشتنە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر کە ئەویش دانپێدانانی حکوومەتی ناوەندی بوو بەفیدرالیزمی نووبییەکان و هەقیان لە دابەش کردنی سەروەت و سامانی سوودان لەگەڵ حکوومەتی خەرتوومدا. بەڵام گۆڕانە لەپڕە کە ئەوە بوو هێشتا مەرەکەبی ڕێککەوتننامەکە وشک نەبووبووەوە جۆن گەرەنگی سەرۆکی نووبییەکانی خوارو لە ڕووداوێکی گومانلێکراوی فڕۆکەدا گیانی لەدەست دا. بەم گۆڕانکارییە هەموو پرۆسەی دیموکراسی لەو وڵاتەدا کەوتەوە بەردەم تەحەددایەکی تازە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان تازەگەرێتی و گەورەییدا

دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بۆ سەر نیۆیۆرک و واشنتۆن، ئەمریکا و ئەوروپا یەقینیان پەیدا کرد ئەو تیرۆرەی خەریکە ئاگرەکەی ناو ماڵەکانیان دەگرێتەوە، لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. پێشتریش باوەڕیان هەر وا بوو. ئەوسا زۆرتر وای بۆ دەچوون کە ئایدیۆلۆژیا و ئاین و کەلتووری ئاینی دەوری لەو مەسەلەیەدا هەیە. بۆیە بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا هانی باوەڕێکی ئاینی هێمن و لەسەرەخۆ بدەن. بەڵام دوای سێپتەمبەر ڕاستیی ئەوەیان بۆ ڕوون بووەوە کە ئاین و ئایدیۆلۆژیا دەوری زۆریان هەیە و دەکرێ بەگۆڕینی ئەو ئامرازانە بەرەو شێوە هێمنەکانیان جۆرە دیموکراسییەک لە ناوچەکەدا دروست ببێت. بەڵام دوای سێپتەمبەر بۆیان دەرکەوت کە لەو دەورە گرینگتر مەسەلەی گۆڕینی ناوچەکەیە. گۆڕین نەک تەنیا لە ڕووی ڕۆشنبیری و کەلتوورەوە، بەڵکو لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و سیاسیشەوە. هەر پابەند بەم مەسەلەیە بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەو گۆڕینەش ڕەنگە زەحمەت جێبەجێ بکرێت ئەگەر لەسەر دوو ڕێباز هەنگاوی بەپەلە و بێ ترس نەهاوێژن: ڕێبازی داماڵینی چەکی کۆمەڵکوژ لەو دەوڵەتانەی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش نین، واتە بەدەوڵەتی گەورە لە جیهاندا لە قەڵەم نادرێن. ڕێبازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەوڵەتانەی ڕێگە لە دیموکراسی دەگرن جا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە چ بەشێوازی سیاسی بێت یان سەربازی.

ئەوروپا و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی سنووری نیشتمانی خۆیاندا، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە گورزی کوشندەیان بەدەست ئەو تیرۆرە پێکەوتبوو کاتێک فەلەستینییەکان چوار فڕۆکەی



مەدەنییان لە بیابانەکانی ئوردون تەقاندەوە. دوای ئەو ڕووداوەش دەیان جار لە شەقامەکانی پاریس و سەفارەتخانەکانی ئەمریکا لە ئەفریقیا و کەنارەکانی دەریای بەیرووتدا تیرۆر بەشوناسنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییەوە گۆماوی خوێن و تۆقاندنی تەقاندبۆوە. بەڵام دواتر لە نێوان ١٩٩٧ و ٢٠٠١دا کەوتنە سەر ئەو ڕایەی دەستی تیرۆریان وا بەستۆتەوە کە نەتوانێت لەناو ئەوروپا و ئەمریکا دەست بوەشێنێت. لەو سەردەمەدا زۆرتر جەزائیر و لوبنان و تا ڕادەیەکیش میسر ئامانجی تیرۆریستان بوو. ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کاتێک بیانویستبایە زەبر لە ئەمریکا یان دەوڵەتێکی ئەوروپی بدەن ئەوا یان لە هاوپەیمانەکانی یان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بریتانیا و ئیسرائیلیان دەدا لە دەرەوەی سنوور و خاکی ئەو دەوڵەتانە. لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر ئەو باوەڕە بەتەواوەتی گۆڕانی بەسەردا هات. ئەمریکا و ئەوروپا لەو کارەساتە بەولاوە زۆر ڕاشکاوانەتر لە جاران کەوتنە سەر بیرۆکەی ئەوەی کە بونیادی کەلتووری و سیاسی و ئابووری لە ناوچەکەدا بگۆڕن و وای لێ بکەن ئیتر لە جیاتی توندڕەوی و دیکتاتۆری و نەداری و دەسەڵاتی توندوگرژیی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا، دیموکراسی و کرانەوە و فرەخوازی و قبوڵکردنی یەکتری و بازاڕی ئازاد و کەلتوورێکی مۆدێرنی سیاسی تیایدا بەرقەرار بێت. ئەمەش لە ڕاستیی ئەرکێکی ئاسان نەبوو بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدەدا. ئنجا لەوەش گرینگتر ئەوە هەر تەنیا بەقەناعەت پێکردنی ڕژێمەکان بەپێداویستیی ڕیفۆرم نەدەکرا. بەڵکو لەوە گرینگتر دەبوایە بەگۆڕینی کەلتووری خەڵکەکە و بەقەناعەت پێکردنی تاکە کەسەکانیش بکرێت.

لەم پێناوەدا، دیار بوو ئەمریکا دەیویست کەڵک لە هەڵەکانی فایلی عێراق وەربگرێت. واتە لە جیاتی بەتەنیا ڕۆیشتن بۆ شەڕی تیرۆر هەوڵ دەدا، پێشەکی، زنجیرەی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتیی فراوان بۆ ئەو

شەڕە لە پشتەخۆی ساز بکات. دوای دامەزراندنی ئەو هاوپەیمانێتییە ئنجا بکەوێتە ناو گۆڕەپانی ناوچەکە. هەر بۆیە واشنتۆن لە هەشت و نۆی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٤ پرۆژەیەکی بەناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پێشکەش بەکۆبوونەوەی سەرانی هەشت دەوڵەتە گەورەکە کرد کە لە (سی ئایلەند)ی ئەمریکا بەسترابوو. دواتر لە هەمان مانگدا هەمان ئەو پرۆژەیەی پێشکەش بەکۆبوونەوەی سەرانی ئەوروپا و ئەمریکا کرد کە هەر لە ئەمریکا بەسترا. ئنجا کاتێک کۆبوونەوەی سەرانی دەوڵەتە ئەندامەکانی هاوپەیمانییەتی ناتۆ لە ئەستەمبوول بەسترا لە بیست و هەشتی هەمان مانگ جورج بووش ـ ی سەرۆکی ئەمریکا پرۆژەکەی خستەوە بەردەم هاوەڵە ئەوروپاییەکانی. لە هەمان کاتدا کۆلن پاوەڵ ـ ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا زۆر بەفراوانی دەقی پرۆژەکەی بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە گێڕاو هەوڵی دا پشتگیریی ئەو دەوڵەتانە بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم مسۆگەر بکات.

لەو پرۆژەیەدا واشنتۆن جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارێکی ئێجگار خراپی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دایە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەشی بەو ڕاپۆرتانە پشت ئەستوور بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی بووژانەوەی بەشەریی لە وڵاتە عەرەبییەکان دەریکردبوو. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو میسر لەو ساڵەدا کۆی دەرچووانی زانکۆکان گەیشتبووە ١٦ ملیۆن دەرچوو. بەڵام هەر لەو میسرەدا ڕۆژانە لە سێ ملیۆن کەمتر ڕۆژنامە دابەش دەکراو دەخوێندرایەوە. ئەمە لە کاتێکدا تەنیا ڕۆژنامەیەکی تابلۆیدی وەکو ڕۆژنامەی (سەن)ی بریتانی ڕۆژی سێ ملیۆن کۆپی دابەش دەکات.

هەر لە پرۆژەکەدا باس لەوە کراوە کە کۆی داهاتی نەتەوەیی لە هەر بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبی بەسەر یەکەوە ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ زۆر زۆر کەمتر بووە لە دەوڵەتی ئیسپانیا بەتەنیا. هەر هەمان پرۆژە ئاماژەی



بەوە کردووە کە ئەگەر ڕێژەی بێ کاری لە ئاستی ئەو ساڵەدا بڕوات ئەوا ساڵی ٢٠١٠، واتە دوای پێنج ساڵی تر، ڕێژەی بێ کاری لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەگاتە ٢٥ ملیۆن بێ کار. لە نموونەیەکی دیکە پرۆژەکە پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە ژمارەی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لەناو عەرەب زۆر نزمترە لە وڵاتەکانی ئەفیریقیاش. بگرە نزمترین ڕاژەیە لە هەموو جیهاندا. (سەیری دەقی پرۆژەکە بکە بەزمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی عەرەبی ڕۆژی ١٣ی شوبات ٢٠٠٤).

بێ گومان بەر لەو پرۆژەیە واشنتۆن باسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردبوو. لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بیل کلینتۆن باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە کرابوو بەتایبەتی لەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئیسرائیل و فەلەستینییەکانی دەکرد. بەڵام لای کلینتۆن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە تەنیا ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و سووریا و میسر و ئوردون و لوبنانی دەگرتەوە. هەندێک جاریش کە باس دەهاتە سەر باسی سامانی ئاو ناوی تورکیاش دەهێندرا. دوای کلینتۆن، سەرەک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل شەمعون پێرس کتێبێکی گەورەی هەر بەناونیشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە بەزمانی عیبری و ئینگلیزی بڵاو کردەوە. بیرە سەرەکییەکەی ئەو کتێبە باسی ئەگەرەکانی هاوکاریی ئابووری و ڕۆشنبیریی بوو لە نێوان ئیسرائیل و دەوروپشتە عەرەبەکەی.

ڕاستە ئەمریکا، دوای پێرس، هاتەوە سەر باسەکە بەتایبەتی کاتێک ئەو مەسەلەیە لە دەستپێشخەریی نێوان ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵی ١٩٩٣، واتە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ باسکرا و بڵاوکرایەوە. بگرە واشنتۆن چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی لێرە و لەوێی جیهان بۆ سەرخستنی پلانەکەی ساز کرد وەک کۆبوونەوەی مەغریب ساڵی ١٩٩٤ و کۆبوونەوەی ئەلدەوحەی پایتەختی قەتەر ساڵی ١٩٩٥، بەڵام دیار بوو بەتەنگەژەکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و

فەلەستینییەکان، بەتایبەتی کارەساتەکەی قاناى لوبنانی، وای لە ئەمریکییەکان کرد کەمتر ئاوڕ لە مەسەلەکە بدەنەوە. لەو سەردەمەدا هەندێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان خۆیان لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دەکشاندەوە بەبەهانەی بەشداریکردنی ئیسرائیل.

کاتێک کلینتۆن لە کۆشکی سپی کشایەوە، ئیتر ئەو بیرۆکەیە کەوتە حوکمی مردن تا ئەوە بوو (جۆرج دەبلیو بووش) لە پاش ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و ڕووخاندنی بزووتنەوەی تالیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمەکەی سەدام حوسێن لە عێراق، سەرلەنوێ کەوتەوە باسکردنی. ئەوەندە هەبوو باسکردنەکەی بووش لەگەڵ ئەوەی کلینتۆن دوو جیاوازی بەرچاوی پێوە دیار بوو: یەکەم، بووش لە جیاتی ئیدیۆمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە ئیدیۆمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی بەکار هێنا. دووەم، سەرەڕای ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و میسر و ئوردون وسووریا و لوبنان، بووش لە چمکی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی مەبەستی بوو ناوی پاکستان و ئەفغانستان و عێراق و تورکیاو ئێرانیشی بۆ زیاد کرد. هەندێک جار ئەو زیادەیە سوودانیشی دەگرتەوە.

ئەوی ڕاستی بێت پرۆژەکەی ئەمریکا لە مەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا نەبێت تەنیا پرۆژەیەکی سیاسی ڕووت بێت وەک زۆربەی دەوڵەت و ناوەندە عەرەبییەکان لێکی دەدەنەوە. بەڵکو سەرباری مەودا سیاسییەکەی، ئەو چمکە لایەنی ئابووری و مەعریفی و یاسایی و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە. ئەمریکاییەکان پێیان وایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەگۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیان و تەکنۆلۆژیا و مەعریفەدا. بەبێ ئەم گۆڕانە، بەگوتەی خۆیان، مەحاڵە دیموکراسی و بووژانەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەست پێ بکات.

پرۆژەکەی ئەمریکا، ئەوەی پێشکەشی کۆبوونەوەی سەرانی هەشت



دەوڵەتە گەورەکە کرا، باس لە هاندانی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و دەستگرتنی ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات. هەروەها جەخت لەسەر ڕێزگرتنی ڕۆڵی ئافرەتان و چاوگێڕانەوە بەمەنهەجی خوێندنی قوتابخانەکان و ڕەتکردنەوەی کەلتووری توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە دەکات و داوای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەعریفی و شارستانی دەکات لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ئاوڕێکی تایبەتییش لە بەرفراوانکردنی دەرفەتی ئابووری و گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و ئەهلی و داهێنان و ئازادیی تاکە کەس دەداتەوە. بۆ نموونە، پرۆژەکە ئیشارەت بەوە دەدات کە بەقەرزێکی چوار یان پێنج سەد هەزار دۆلاری، بەپێنج ساڵ بدرێتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێت ملیۆنێک و دوو سەد هەزار کارمەندی بواری ئابووری لە بێدەرەتانی ڕزگار بکرێن. لەوەش بەولاتر پرۆژەکە باس لە دامەزراندنی بانکێکی بووژاندنەوە دەکات لە ناوچەکەدا کە هەشت دەوڵەتە گەورەکەی جیهان سەرمایەکەی بۆ دابین بکەن و ئامانجەکەیشی یارمەتیدانی پرۆژە ئابوورییە مامناوەنجییەکان بێت لە ناوچەکەدا.

بووش لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ باسی لە پرۆژەکانی خۆی کرد لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام، دیار بوو هێشتا وردەکارییەکانی وێنەکەی بەتەواوەتی لەبەر چاو ڕوون نەبوو. بۆیە لە گوتارێکدا کە لە زانکۆی ویلایەتی کارۆلینای سەروو دای باسی لەوە کرد کە پێویستە لە ماوەی ١٠ ساڵدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەک بۆ گۆڕینەوەی ئازاد لەگەڵ ئەمریکا دروست بکرێت. دیار بوو دەیویست هەمان بیرۆکەی کلینتۆن تازە بکاتەوە. بەڵام کاتێک بینی ئەم بیرۆکەی بۆ ناچێتە سەر، دوای ساڵێک کەوتە باسکردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و ئەمجارەیان لە جیاتی دەوڵەتانی عەرەبی ڕووی لە ئەورووپا کرد بۆ یارمەتی و هاوکاری.

هەر لەو ساڵانەدا ئەوروپاییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر هاوبیری ئەمریکا بوون لەو مەسەلەیەدا بەتایبەتی ڕووداوە تیرۆریستییەکانی نیویۆرک و واشنتۆن ترسێکی گەورەیان لەناو دەوڵەتانی ئەوروپاش دروست کرد بوو. یۆشکا فیشەڕی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە گوتارێکیدا لەبەردەم کۆنگرەی میونیخ لە ٢٠٠٤دا کە تایبەت بوو بەسیاسەتی ئەمنیی ئەوروپا، هێمایەکی ئاشکرای بۆ ئەوە کرد کە ئەوروپا لە دوای ١١ی سێپتەمبەر وەکو ئەمریکا ڕازی نییە بەبارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر لە کۆبوونەوەی جۆرج دەبلیو بووش و ڕاوێژکاری ئەڵمانی شرۆیدەر کە لە واشنتۆن لە شوباتی ٢٠٠٤ بەسترا لە کۆتاییشدا بەیاننامەیەکی هاوبەشی لە بارەوە دەرکرا، باس لە هاوبەشێتی ئەمریکا و ئەڵمانیا دەکات لە ئامانجی بەرقەرارکردنی ئازادی و دیموکراسی و دەسەڵاتی یاسا و دەرفەتی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەوەش، دیار بوو ئەڵمانەکان وەک ئەمریکاییەکان هێشتا هەر پەلەیان نەبوو لە مەسەلەکە چونکە فیشەر لەو گوتارەیدا هێمای بۆ ئەوەش کرد کە بەرنامەی پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستیی بەنەفەس درێژی و کات و سەبر هەیە. دوای ئەڵەمانیا، فەرەنساش پشتی پرۆژەکەی ئەمریکای گرت بەتایبەتی کاتێک جاک شیراک-ی سەرۆکی فەرەنسا لە دوای کەمتر لە مانگێک سەردانی واشنتۆنی کرد و لەگەڵ بووش چەند کۆبوونەوەیەکی درێژیان بەست. دیارە دوای ئەو کۆبوونەوانە، فەرەنسا و ئەمریکا یەک هەڵوێستییەکی بەرچاویان نواند لە مەسەلەی لوبنان و چوونە دەرەوەی هێزەکانی سووریا لەو وڵاتە بەپێی بڕیاری ژمارە ١٥٥٤ ی ئەنجوومەنی ئاسایش. ئەوەی ڕاستی بێت، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قازانجێکی گەورەیان لە دامەزراندن و سەقامگیر بوون و گەشەکردنی سیستەمێکی سیاسی و ئابووریی تازە هەیە لە ناوچەکەیاندا. هەر وەکو نموونەیەکی بچووک، دەوڵەتانی عەرەبی ئەمڕۆ نزیکەی لە ١ ٪ ی کتێبە



چاپکراوەکانی جیهانیان بەردەکەوێت. ئەمە لە کاتێکدا لە ١٥ ٪ ی ئەو کتێبە عەرەبییانەش کتێبی ئاینین. لەوەش بەولاتر کتێبی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی یۆنانی (١١ ملیۆن کەس قسەی پێ دەکات) پێنج قاتی ئەو کتێبانەیە ساڵانە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی). لە پاڵ ئەو ڕاستییانە، هەمان ڕاپۆرت ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە هەر هەزار کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ٥٣ ڕۆژنامەی هەیە بۆ خوێندنەوە، لە کاتێکدا دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ٢٨٥ ڕۆژنامەیان هەیە بۆ هەر هەزار کەسێک. (ڕاپۆرتی بووژانەوەی بەشەری عەرەبیی (ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ی نەتەوە یەکگرتووەکان).

بەڵام بێجگە لە دانیشتوانی ناوچەکە، ئەمریکا و ئەوروپا و تەواوی جیهانیش بەرژەوەندیان لەو جۆرە تازەگەرێتییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. هەر بۆ نموونە ناوەندە پسپۆڕەکان وای بۆ دەچن ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا پتر لە ٦٠ ٪ی نەوت بۆ یابان و ئەوروپا دابین بکات. هەروەها بازاڕێکی ئێجگار گەورەش پێک بهێنێ بۆ کەلوپەلی وڵاتە پێشکەوتووەکان. بێ گومان ئەم بەرژەوەندییانە لە قازانجیاندا نییە شەڕ و ئاشووب لە ناوچەکەدا باڵا دەست بێت، بەڵکو ئەو قازانجە لە ئاشتی و هێمنی و بووژانەوەی ناوچەکە دایە.

ئەگەر بێینەوە سەر جیاوازییەکانی کلینتۆن و بووش لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین جیاوازییەکی گەورە لەو نێوانەدا هەیە کە ئەویش چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی ئەو بەها سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوورییانەیە. کلینتۆن، لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بێجگە لەوەی زۆرتر چاوی لە ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و میسر و ئوردون و سووریا بوو، واتە چاوی لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل بوو، پێی وا بوو بەشێوەیەکی ئاشتییانە و لە ڕێگەی سیاسەت و دیپلۆماسییەوە ئەرکەکەی پێ جێبەجێ دەکرێت و کێشەکانی پێ چارەسەر

دەکرێت. هەرچی بووشە، بەپێچەوانەوە، ڕۆژهەڵات بەفراوانتر دەبینێت و پێی وایە شەڕی دەستپێشکەرانە و فشاری ئابووری و سیاسی زامنی بڵاو کردنەوەی ئەو بیرۆکەیەن.

زۆر لە ناوەندە عەرەبی و ئیسلامییەکان ئەو ڕێچکە سیاسییەی بووش بەمایەی قەیران و پشێوی و نائارامیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێک دەدەنەوە. پێیان وایە شەڕی دەستپێشکەرانەی بووش، ئەفغانستان و عێراقی گرتەوە و ئێستاش نۆرە هاتۆتە سەر ئێران و سووریا، ئنجا دواتریش بەفشاری سیاسی نۆرە دێتە سەر سەعوودی و میسر. لەوەش بەولاتر ئەو ناوەندانە کە تاوتوێی بیرۆکەکەی بووش دەکەن وای بۆ دەچن کە مەسەلەکە ئاینی بێت و بووش نوێنەری ئەو ڕێچکە مەسیحیەتەیە کە لەگەڵ ئاینی جوولەکە تێکەڵاویەکی کۆنینەیان هەیە و ڕەنگە ئەو شەڕەی بووش دەیکات شەڕێکی تازەی ئاینی بێت دژی ئیسلام. هەندێک ناوەند لەو ناوەندانە، بەتایبەتی ئەوانەی بیانوو بۆ تیرۆر دەدۆزنەوە، پێیان وایە سەرچاوە سەرەکییەکەی تیرۆر لە سیاسەتی ئەمریکاوە هەڵدەقوڵێت و سیاسەتی بووش بەرپرسی یەکەمە لە سەرهەڵدانی تیرۆر. بەڵام ئەوانەی بەچاوێکی دیموکراسی سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەن وای بۆ دەچن کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان لەناو کەلتوور و ڕۆشنبیرییە سیاسییەکانیان تۆوی تیرۆر چێندراوە و ڕژێمە توتالیتارییەکانی ناوچەکە بەهۆی توندوتیژی و دیکتاتۆری و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادی ئاوی ئەو تۆوە دەدەن. پێیان وایە تاکە چارەسەر بۆ دیاردەی تیرۆر گۆڕینی سیستەمی فیکر و ڕۆشنبیری و کەلتوورە، گۆڕینی بونیادی ئابووری و بژێوی وکۆمەڵایەتی، ڕیفۆرم و چاکسازیی سیاسییە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەڵوێستی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر شەڕی تیرۆر و شەڕی دیموکراسی دووفاقییەکی زەقی پێوە دیارە. ئەمریکییەکان لە شەڕی



ئەفغانستان سەرکەوتنێکی سیاسی و سەربازیی گەورەیان وەدەست هێنا. بەڵام ئامانجە سەرەکیەکەیان لەو شەڕە تێکشکاندنی تیرۆر و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوو نەک بڵاوکردنەوەی دیموکراسی. بۆیە تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە هاوپەیمانێتی ئەمریکایان کرد لە شەڕی ئەفغانستان بەسەعوودی و پاکستان و ئێران و تورکیا و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستیشەوە. بنکەی سەربازی لە ناوچەکەدا نەما دەرگاکانی لەبەردەم سوپای ئەمریکا نەکاتەوە. فڕۆکەخانە نەما باوەشی خۆی بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نەکاتەوە. وڵات نەما بەتفاق، بەکەلوپەل، بەتفەنگ و فیشەک، بەپارە و پوول، بەیەکەی پزیشکی و بەتانی و خێوەت بەشداری لە شەڕەکە نەکات. بەڵام کاتێک شەڕی ئەمریکا بەر دەرکی عێراقی سەدام حوسێن-ی گرتەوە، زۆربەی هەر هەمان ئەو دەوڵەتانە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو خۆیان دوورەپەرێز گرت، یان خۆیان لە شەڕەکە دزییەوە. ئەمە لە کاتێکدا ڕژێمی عێراق زۆر لە ڕژێمەکەی تالیبان خەتەرتر بوو بۆ سەر ئەوان و بەرژەوەندییەکانی ئەوان و ئاسایش و ئیستیقرار لە تەواوی ناوچەکەدا. ئەم دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییانە هەتا بۆیان لوا هاوکاریی ئەمریکایان نەکرد. کاتێکیش ناچاری هاوکاریکردن دەبوون، ئەوا زۆر بەسەرکزی و بێ دڵی و شەرم و بۆڵە بۆڵەوە هاوکارییەکەیان پێشکەش دەکرد. ڕەنگە لەم مەسەلەیەدا تورکیا چاکترین و بەرچاوترین نموونە بێت.

ئەنقەرە لە شەڕی ئەفغانستان یەک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بوو. دواتر ئاسایشی کابولی پایتەخت کەوتە دەست هێزەکانی تورکیا بەهۆی ئەو ڕۆڵە "جوامێرانە"یەی لە ڕزگارکردنی ئەفغانستاندا دیبووی. بەڵام لە شەڕی عێراق نەک هەر بەشداریی نەکرد، بەڵکو هەتا ڕادەیەکی تەواویش هەڵوێستی دژایەتی نواند. جارێک کوردی عێراق و جارێک کوردی تورکیا و جارێکی دی ڕای گشتیی وڵاتەکەی و هەڵوێستی پەرلەمانی دەکردە بەهانە. بەڵام قەت ئەوەی نەدەگوت کە ترسە گەورەکەی لە ڕووخانی ڕژێمی

سەدام حوسێن و دامەزرانی دیموکراسییە لە عێراقدا. ئەو دەوڵەتانە دەیانزانی، بگرە زۆر چاکیش دەیانزانی شەڕی عێراق وەک ئەوەی ئەفغانستان تەنیا بۆ لەناوبردنی تیرۆر نییە بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و هەوای تازەی جیهانە لە ناوچەکەدا.

ئەمریکا لەو سەردەمەدا عێراق و ئێران و کۆریای باکووری لەناو یەک تەوەردا کۆکردبووەوە کە بەتەوەری شەڕ و خراپە ناوی دەبرد. بەڵام لە کرۆکدا دەیزانی تەگەرەی گەورە لە بەردەم بەدیموکراسەکردنی ناوچەکە عێراقە. بۆیە بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە کە کێشەی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک کێشەی ئێران و کۆریای باکوور نییە. هی عێراق دەبێت بەلەناوبردنی ڕژێمەکەی چارەسەر بکرێت. بەڵام ئەوەی ئێران و کۆریا بەسیاسەتی ئیحتیوا کردن. دواتر کە ڕژێمی بەغدا ڕووخا سەرۆک بووش لە وتەیەکیدا لە بەردەم ئامۆژگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی زۆر بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام بۆ ئەوەیە دەرگای دیموکراسی نەک هەر بەسەر عێراق، بەڵکو بەسەر تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێتەوە.

ئێستا دوای چەندساڵێک لەم وتەیە پێ دەچێت بووش ڕاستی کرد بێت هەر چەندە تەگەرە زۆر زۆرترە لەبەردەم بەدیموکراسە کردنی ناوچەکە لەوەی سەرۆک بووش تێیگەیشتبوو. ڕەنگە تەقینەوەکانی شەرم ئەلشێخ و ئەوانەی ئوردون و نەبڕانەوەی لافاوی خوێن لە عێراق و کوژرانی سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوانە دیموکراسەکان لە لوبنان نموونەی ئەو تەگەرانە بن بووش حسێبی وردی بۆ نەکردبوون.

لەگەڵ ئەو ڕاستییانەش، ئەمریکا تا ئێستا توانایەکی زۆری سیاسی و سەربازی و ئابووری خستۆتە گەڕ بۆ شەڕی تیرۆر و لەناوبردنی ئەو دیاردە خوێناوییە. بگرە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدا بەرەی هاوپەیمانێتی بۆ ئەو شەڕە بەهێزتر و فراوانتر و بەتینتر بکات. بەڵام لە دوای ڕووخاندنی



ڕژێمی پێشووی عێراق، واشنتۆن کەوتۆتە ئەوەی لە تەک شەڕی تیرۆر شەڕیش بۆ دیموکراسی و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی بکات. بگرە لە عێراق و تەواوی جیهاندا هەوڵ دەدات گوریسەکانی شەڕی تیرۆر و ئەوەی دیموکراسی بەیەکدی ببەستێتەوە. هەن ئەوەیان پێ خۆش نییە بەتایبەتی لە ناوەندە عەرەبییەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەو پێ ناخۆشییەش زۆربەیان ناچارن قبوڵی بەیەکدی بەستنەوەکەی شەڕی تیرۆر و دامەزراندنی دیموکراسی بکەن.

هەر لەم پێناوەدا، ئەمریکا توانایەکی زۆری خستۆتە گەڕ بۆ یاریدەدانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنانەت ئەوانەیش کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندن. مەبەستیش لەو یاریدەدانە ئەوەیە دەوڵەتەکان بتوانن خۆیان لە نەداری و نەخوێندەواری و باری خراپی ئابووری ڕزگار بکەن و لەگەڵ سیستەمی تازەی جیهان خۆیان بگونجێنن نەک هەر لە بواری سیاسی و یاساییدا بەڵکو لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریشدا. لەم بوارەدا کۆبوونەوەی سەرانی هەشت دەوڵەتە پیشەسازییەکە کە لە ١١ ی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤ لە (سی ئایلەند)ی ئەمریکا بەسترا ئاماژە بەبەشێک لەو یارمەتی و هاوکارییانە دەکات کە بەخشراونەتە وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەفریقیا. لەوەش بەولاوە ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە قەناعەت پێکردنی دەوڵەتانی ئەورووپا کە ڕازی بن بەکردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەبەردەم تورکیا بۆ وەرگێڕانی لە یەکێتیی ئەورووپا.

فەڕەنسا هاوکاریی سووریا دەکات بۆ چاکسازیی سیستەمە کارگێڕی و یاساییەکەی. یەکێتیی ئەورووپا یارمەتی فەلەستینییەکان دەدا بۆ دامەزراندنی دادگایەکی دەستووری و ئامۆژگاییەکی نیشتمانی بۆ ڕاهێنانی یاسایی. بریتانیا پابەندە بەیارمەتیدانی بەحرێن بۆ چاککردنەوەی بارودۆخی پەرلەمانەکەی. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا تێکڕایان

یارمەتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن بۆ گەشەپێدانی ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووریاندا. کەنەدا هاوکاریی ئەفغانستان دەکات بۆ ڕێکخستنی لیستی دەنگدەرانی لە هەڵبژاردنەکاندا. فەرەنسا یارمەتی یەمەن دەدات لە بواری گەشەپێدانی ژیانی پەرلەمانی و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا. کەنەدا یارمەتی ڕێکخراو و دەزگا پەروەردەییەکانی میسر دەدات بۆ فراوانکردنی بواری کار و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان. کەنەدا یارمەتی ئوردون دەدات بۆ گەشەپێدانی ژیانی پەروەردەیی. یابان چەندین قوتابخانە لە یەمەن دروست دەکات بۆ ١٨ هەزار قوتابی. هەروەها یارمەتی ئەو وڵاتە دەدات ساڵانە ١٠ ملیۆن کتێبی قوتابخانە بەچاپ بگەیەنێت. ئەمریکا یارمەتی پرۆگرامی وەرگێڕانی کتێب دەدات بۆ سەر زمانی عەرەبی, ئەمە بێجگە لە یارمەتییە ئابووری و سیاسییەکان.

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە کە ئەو دەوڵەتانە لە بواری بەگەڕخستنی کەرتی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان هەرچی ئیمکانیان هەبێت دەیخەنە بەردەست وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی دەرفەتی کاری بەرهەمهێنەرانە و ژیانی ڕۆشنبیریی ئەو کەرتانە بجولێنن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان بەیەک ئاست پێشوازی لەو یارمەتییانە ناکەن. بگرە هەندێکیان وەک میسر ئەو ڕێکخراوە بەنۆکەر دەزانن و بەرپرسەکانی دەدەنە دادگا ئەگەر هەچ یارمەتییەک لە دەرەوە وەربگرن. خۆ ئەگەر ئەو ڕێکخراوەی ئەم جۆرە یارمەتییانە لە دەرەوە وەربگرێت بۆ گەشەپێدانی چالاکییەکانی سیاسی یان نیمچە سیاسی، ئەوا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی لە دژی وڵاتەکەی خۆی پێوەندیی بەدەرەوە کردووە. ئەمەش لە هەندێک وڵاتدا سزاکەی خنکاندنە. بەرچاوترین نموونە لەم بارەوە میسرە کاتێک بەر لە سێ ساڵ دادگاکانی قاهیرە دکتۆر سەعدەددین ئیبراهیم-ی سەرۆکی ئامۆژگای ئیبن خەلدونیان



لە زیندان قایم کرد بەتۆمەتی ئەوەی ڕێکخراوەکەی یارمەتی لە ڕێکخراوێکی غەیرە حکومیی ئەمریکی وەرگرتبوو.

ئەوی ڕاستی بێت، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بەپیت و پڕ داهاتی کانزاییییە. ئەو ناوچەیە جگە لە توانستێکی بەشەریی گەورە، چەندین پانتایی ئاو و دەریا و دەریاچە و ڕووباری تێدایە. هەروەها بەپێی تەقدیری ناوەندە پسپۆڕەکان دوو لە دەوڵەتەکانی (سەعوودی و عێراق) گەورەترین یەدەگی نەوتیان هەیە: سەعوودی ٢٥٩ ملیار بەرمیل، عێراق ١١٢ ملیار بەرمیل. جگە لەو دوو دەوڵەتە چەندین دەوڵەتی دیکەی وەک جەزائیر و کوێت و ئیمارات و ئێران و قەتەر نەوت بەرهەم دێنن و ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپیکی نێودەوڵەتین. سەرباری ئەو هەموو توانستانە، ناوچەکە لە ڕووی سەروەتی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و کانزایی دەوڵەمەندییەکی زۆری هەیە.

کارێکی غەریب نییە ئەگەر بزانین ئەوروپا و ئەمریکای لاتین و هەندێک لە وڵاتە گرینگەکانی ئاسیا (مالیزیا و کووریای باشوور و سەنگافورە) لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شەپۆلێکی تازەی کاریگەرو بەرچاوی دیموکراسییان دەست پێکردوە و زۆر بەسەرکەوتوویی توانیویانە کۆمەڵگاکانیان لەسەر بناغەی پیشەسازی و پێشکەوتنی شارستانی و دیموکراسی دابڕێژن. توانیویانە ئەو کارە مەزنە بکەن ئەگەرچی هێشتا شەڕی سارد و جیهانی کۆنی سیاسەت لەوپەڕی بەهێزی دابوون. لێرەدا سەیر ئەوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لەو ماوەیەدا لە جیاتی کرانەوەی زۆرتر، بەرەو داخرانی زۆرتر، بەرەو پتەوترکردنی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی، بەرەو بەهێزکردنی دەوڵەت لەسەر حسێبی تاکە کەس و میللەت، بەرەو شەڕ و ناکۆکی و دنە دانی ڕق و کینە چووە.

ئەو حەقیقەتە چاکتر دێتە بەرچاو ئەگەر زانیمان ڕادەی بێ کاری لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نزیکەی ٩٪یە. لە هەندێکی

دیکەش ١٢٪یە. بگرە لە هەندێکیان ئەو ڕادەیە دەگاتە ١٪یە. زۆربەی ئەنیستیتوت و پسپۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان وایە ڕەنگە ئەم ڕادەیە لە داهاتوودا زۆر بەشێوەیەکی ترسناک زیاد بکات ئەگەر بێت و دەوڵەتە عەرەبییەکان خەمی ئەوە نەخۆن سیستەمی ئابووری و میکانیزمی کار لە وڵاتەکانیاندا نەگۆڕن.

هەر لە هەمان بازنەدا، لە گوتارێکدا لەبەردەم هاوپەیمانێتیی جووە کۆمارییەکان، پسپۆڕی ئابووریی ئەمریکی دانێل دۆرۆن لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ ئەوەی ئاشکرا کرد کە ڕێژەی بێ کاری لە ئیسرائیل ١٠٪. لەم بوارەدا دۆرۆن داوای ڕیفۆرمێکی ئابووریی بنەڕەتیی لە ئیسرائیل کرد.

ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی (تۆماس فریدمان) لە وتارێکدا لە نیۆیۆرک تایمز دەڵێ بێ کاری لە ئێران ڕێژەکەی دەگاتە ٣٠٪ هەروەها دەڵێ لە ڕاپرسییەکدا کەلە تاران کراوە نزیکەی ٤٤ و ٩ لە دەیا لە سەدی خەڵکی داوای ڕیفۆرم دەکەن.

ڕەنگە لەو بابەتە زۆر دوور نەکەوینەوە ئەگەر ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشی هەرە گرینگ و چالاک و چاپووکی بزووتنەوە ئاینییەکان بەگشتی و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەتایبەتی خەڵکانی گەنج و خوێندەوارن. لە تورکیا لە ٦٠٪ زیاتر لە ئەندامانی بزووتنەوە ئاینییەکان دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و پارێزەر و قوتابیانی زانکۆن. لە میسر هەرچی سەندیکای پارێزەران و دکتۆرەکان و پزیشکەکانە بەدەست بزووتنەوەی ئیخوان ئەلموسلمینە. لە سەعوودی هەندێک لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان سەرچاوەی تیرۆرن وەک بنەماڵەی بن لادن. بگرە ئێستاشی لەگەڵ دا بێت خەرجی و دارایی تیرۆر لە لایەن هەندێک لەو بنەماڵانە دابین دەکرێت. لە ئوردون لەیس شوبێلات - ی ئەندازیار نموونەیەکە لە هەمان بواردا. لەناو فەلەستینییەکان ئەوەی ڕێچکەی تیرۆری دامەزراند لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا خەڵکانی خوێندەوار و ئەکادیمی بوون. وەدیع



حەداد و جۆرج حەبەش و ئەبو داوود زانکۆی ئەمریکییان لە بەیروت تەواو کرد بوو، بەڵام لەناو بزووتنەوەی بەرگریی فەلەستینی دا مامۆستای تیرۆر و تەقاندنەوەی فڕۆکەی مەدەنی و کوشتن و تۆقاندنی خەڵکی سیڤیل بوون. هەمان شت دکتۆر عەبدولعەزیز ڕەنتیسی سەرکردەی بزووتنەوەی حەماس (ئیسرائیل کوشتی) و موسا مەرزوقی دەرچووانی زانکۆکانی ئەمریکا هەمان دیاردەن. ئێستاش بەشێکی گرینگ لەوانەی لەناو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندان خەڵکانێکن بەتەمەن لاون، یان بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئەوروپا ژیاون. یان لە خوێندەواریدا پلەی زۆریان بڕیوە. محەمەد عەتا کە سەرۆکی ئەو چەند باندە تیرۆریستییە بوو کە لە نیۆیۆرک و واشنتۆن خۆیان تەقاندەوە لە ئەڵمانیا خەریکی خوێندنی ئەندازیاری بوو. یەکێکی تریان (زیاد جەراح) هەر لە ئەڵمانیا دکتۆر بوو.

ئەمە بۆ وایە؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین ڕاستە، چەندین هۆی ئابووری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی جیاواز ئەم حاڵەتەی دروست کردووە. بەڵام گرینگترینی ئەو هۆیانە ئەوەیە کە کەلتووری سیاسی لە ناوچەکەدا، کەلتووری ناو کۆمەڵگاو ماڵ و خێزان و قوتابخانە لەناو کۆمەڵگاکانی ناوچەکەدا، کەلتوورێکی کۆنی نادیموکراسییە. کەلتووری باوەڕ هێنانە بەهێز و توندوتیژی. کەلتووری لێنەبووردەیی و قبوڵ نەکردنی یەکترییە. ئەم کەلتوورە لە ناخ و دەروون و زەینی مرۆڤدا زۆر لە خوێندن و بڕوانامە کاریگەرترە. بگرە هەندێک جار خوێندەواری یارمەتیدەری ئەوەیە مرۆڤ ناوەڕۆکی دواکەوتووی کەلتوورە کۆنەکەی خۆی بەهۆی خوێندن و شارەزایی ئەکادیمی بەجوان پیشان بدات و بڵاوی بکاتەوەو بنەماکانی قایمتر بکات.

زیاد عەبدولنوور کە سەرنووسەری هاوبەشی گۆڤاری زانیارییە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس لە جیهانی عەرەب و دیموکراسی دەکات و

دەڵێ: جیهانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە حاڵێکی ئەوەندە خراپی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دان کە دەبێت دیموکراسی لە سەرەوەڕا بسەپێنرێت بەسەر ناوچەکە نەک لە ژێرەوە هەڵبقوڵێت. مەبەستی عەبدولنوور ئەوەیە ئەو جیهان و کۆمەڵگایانە بەهۆی کەلتووره سیاسییە کۆنەکەیان دیموکراسی و کرانەوە و فرەخوازی و کۆمەڵگای شارستانییان پێ قبوڵ ناکرێت.

بەکورتی دەتوانین بڵێین دیموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی چەندین فاکتەری وەک باری ئاڵۆزکاوی ئابووری و دواکەوتوویی سیستەمەکانی پەروەردە و خوێندن و نەبوونی هاوکاری و تەبایی و پرۆژەی بووژانەوەی ناوچەیی زۆر پاشکەوتووە. بەڵام هۆی لەوانە گرینگتر دواکەوتوویی کەلتووری سیاسییە لەناو میللەتان و دەوڵەتانی ناوچەکە. دڵخۆشکەر لەم بوارەدا ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ڕۆژهەڵاتە ناوەڕاستەی چەندین سەدە بوو وەک بەردێکی ڕەقەن وابوو، خەریکە لەژێر قورسایی جیهانی تازەی سیاسەت، هەنگاو هەڵدێنێ بەرەو دیموکراسی و کرانەوە و فرەخوازی و ڕیفۆرم.

لەم بوارەدا کورد و شیعە و کەمایەتییە ئاینییەکانی وەک گاور و ئێزدی و ئەرمەن، فەلەستینییەکان، نووبییەکانی خوارووی سوودان، بەربەری باکووری ئەفریقیا، قیبتەکانی میسر، لە پێشەوەی قوربانییەکانی سیستەمی کۆنی جیهان بوون. هۆیەکەش ئەوە بوو سیستەمەکە لەناو قەوارەی خۆیدا قبوڵی نەدەکردن و هەوای کەلتووریش لە ناوچەکەدا کارەساتی ئەو قبوڵ نەکردنەی توندوتیژتر دەکرد. بەڵام ئێستا، دوای ئەو هەموو وشک و برینگییە، پێ دەچێت ئەو پێکهاتانە لە پێشەوەی سوودمەندانی سیستەمە تازەکەی ئەمڕۆی جیهان بن کە سیستەمی کرانەوە و داهێنان و بووژانەوە و دیموکراسییە. بۆیە ئەو میللەتانە لە هەموو دانیشتوانی ناوچەکە زیاتر و گورجوگۆڵتر بەرگری لە جیهانە تازەکە دەکەن.



هۆی ئەو بەرگریکردنە گەرمەشیان ئەوەیە کە پێیان وایە ئەو گۆڕانکاری و دیاردانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدەن یان لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکان دێنە پێشەوە لە ڕاستیدا، قلیشانی بەردێکی ڕەقەنن کە چەندین سەدە بوو تەنگی پێ هەڵچنی بوون و هەناسەی لێ بڕیبوون.

## هۆکارەکانی قڵیشان

گۆڕان، یاخود گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دوارۆژێکی دیموکراسی و کراوەو هێمن پرۆسەیەکی هەتا بڵێی زەحمەت و نرخ گران و دژوارە. لێکۆڵەرەوەی وا هەیە پێی وایە هۆی ئەو زەحمەتی و دژوازییە ئاینی و مەزەبییە. هی دیکە هەن پێیان وایە ئەو هۆیە جوگرافیا و مێژووە. لێکۆڵەرەوەی دیکەش هەن هۆیەکە بۆ کۆلۆنیالی کردنی ناوچەکە لە لایەن ئیمپراتۆرە کۆنەکان و دەوڵەتە سەرمایەدارەکان دەگێڕنەوە بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانییەکان و پاشتریش لە سەردەمی بریتانییەکان و فەرەنسییەکان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم. تەنانەت هەندێکی دیکە ئاو و هەوای قورس و گەرمیی ناوچەکە و تەبیعەتە تۆبۆگرافییە بیابانییەکەی بەو هۆیە دەزانن. هەرچییەک بێت ئەو هۆیە، ئەوا لەو ڕاستییە ناگۆڕدرێت کە گۆڕان یان گۆڕین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆز و نرخ گرانە و بگرە لە هەندێک حاڵەتدا خوێناویشە. لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر سەدەی بیست و یەکەمینی ناوچەکە بەراورد بکەین لەگەڵ سەدەکان یان دەیەکانی پێشووتر، ئەوا بێ گومان هەست بەگۆڕانێکی هەست پێ کراو و بەرچاو دەکەین بەتایبەتی لە دوای سێ ڕووداوە گەورەکەی جیهان: هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەری سەر نیۆیۆرک و واشنتۆن، ڕزگارکردنی ئەفغانستان لە چنگ بزووتنەوەی تالیبان، ئازاد کردنی عێراق و گرتنی سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حوسێن. بێ گومان هۆی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە زۆر و هەمە چەشنەیە. لێرەدا دەکرێت بەکورتی ئاماژە بۆ چەندانێکیان بکەین:

یەکەم، سیستەمی دوو جەمسەری لە جیهاندا، ئەو سیستەمەی لە دوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە سەری هەڵدابوو تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی



ڕابردوو، زیانێکی گەلێک زۆری نەک هەر بەئابووری و ڕەوتی پێشکەوتن و کۆمەڵگای مەدەنی لە ناوچەکەدا گەیاند، بەڵکو لەوەش ترسناکتر و زەرەرمەندتر ئەوەیە سیستەمە دوو جەمسەرییەکە هۆش و زەینی سیاسی و کەلتووری سیاسیی تاکەکەس و کۆمەڵگای لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وشک و برینگتر و شێواو و ئاڵۆزتر کرد. بەهۆی ئەو سیستەمە کۆنە وای لێ هاتبوو خەڵک و میللەتان و حزب و بزووتنەوە سیاسییەکان جیهانیان لە کون و دەلاقەیەکی زۆر تەسکی ئایدیۆلۆژیا پەستا بوو. وای لێ هاتبوو لە کونی دەرزییەوە جیهان دەبینرا، زمانی سەردەم لە دروشم و لافیتە و قسەی قەبە و وشەی بەباق و بریق بەولاوە هیچی ئەوتۆی دیکەی پێوە دیار نەبوو. وای لێ هاتبوو سیاسەت مەعنای خووڕەوشت و بەهای مرۆڤایەتی و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی لە دەستدا بوو، لە جیاتی ئەوە کرابووە حیلە و گزی و فزی و پاشقۆڵ لێ گرتن و تەڵەکەبازی. وای لێ هاتبوو ئابووری بەموڵکی دەوڵەت و ئازادیی تاکە کەس بەخیانەت و باس کردنی دیموکراسی بەبورژوازی و مافی ئافرەت بەدەرچوون لە داب و نەریت لە قەڵەم دەدران. لە سەردەمی شەڕی ساردا کە قەوارەی جیهانە کۆنەکە بوو، پانتایی ژیان بوو بوو بەسەرە ڕووتەکەی ماوتسی تۆنگ... ئازادی بەسمێڵەکەی ستالین. بێلایەنی بەخیتابە ئاگراوییەکانی جەمال عەبدولناسر. ئەگەر بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک بگەڕایتایە، پێویستی نەدەکرد زۆر بگەڕێیت: وەڵام یان لە دەقێکی ئاینی. یان لە هوتافێکی نەتەوەیی، یانیش لە کتێبێکی لینین دەتدۆزییەوە. شۆڕەسواری ناوچەکە میشێل عەفلەق و جەمال عەبدولناسر و ئەنتوان سەعادە و ئەکرەم حۆرانی و بولنت ئەجەڤیت بوو. لەولایشەوە میللەتێکی وەکو کورد، ئەرمەن، نووبییەکان، بەربەر، قبتییەکانی میسر، شیعەی عێراق دەبوایە بەرد بکرۆژن و چاو لە ئاسۆیەکی بێ ڕەنگ و بێ دوارۆژ ببڕن.

بۆیە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە سیستەمە کۆنەکەی شەڕی سارد و دوو جەمسەریەکە تەپین و تەوژمی دیموکراسی و فرەخوازی و لێبووردەیی زۆربەی سووچەکانی جیهانی گرتەوەو دەوڵەت و بلۆکە سۆسیالستییەکان و دیواری بەرلین و بتەکانی ئایدیۆلۆژیا ڕووخان، هەزاران گوریس، بەتایبەتی گوریسی کەلتووری سیاسی، دەست و پێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەستبۆوە و نەیدەهێشت وەکو پێویست لەگەڵ تەوژمی جیهانی تازە یەکبگرێتەوە. نەیدەهێشت کوردیش وەک سلۆڤاک، نووبیش وەک لیتوانەکان، بەربەری باکووری ئەفریقیایش وەک ئەستۆنەکان بەمافە دیموکراسییەکانی خۆیان شاد بن. دیار بوو سیستەمە کۆنەکە، ئەوەی لەسەر بنەمای شەڕی سارد و پێکادانی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانی و سیاسییەکانی هەر دوو بلۆکی سۆشیالیستی و سەرمایەداری دامەزرابوو، هێشتا لەناو هەناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گەشانەوەدا بوو. هێشتا توانستی ئەوەی تێدا بوو ڕێگە لە بزاڤی دیموکراسی و ئازادی و گەشەکردنی ئابووری و ڕۆشنبیریی بگرێت. ئەو سیستەمە گەندەڵ و پڕ کێشەیە وای کرد بوو دەوڵەتە گەورەکان خەریکی پێشبڕکێی سەربازی و بازاڕی چەک فرۆشتن و مونافەسەی تەکنەلۆژیای سەربازی و ستراتیژیی یەکتر بکەن. هاوتەریبیش لەگەڵ ئەو پێشبڕکێیە دەوڵەتە بچووکەکان یان دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە باری خۆیانەوە خەریکی کۆکردنەوەی چەک و جبەخانە بن و بەشی زۆری بودجەکانیان لە جیاتی تەرخان کردنی بۆ بووژاندنەوەی ئابووری و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەت و کۆمەڵگاکانیان، لە ناکۆکی و ململانێ و شەڕی بێ سوود و سەرکوت کردنی گەلەکانیان و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ خەرج بکەن. دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی بلۆکی ڕۆژئاوا خاوەن توانستێکی ئابووری ئەوتۆ بوو کە هەم پێداویستیی میللەتەکانی خۆی پێ دابین دەکرا، هەم توانای هاتنە ناو مەیدانی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانیشی هەبوو. بەڵام



دەوڵەتانی دی، نەک هەر توانایان نەبوو نان و دیموکراسی، بەڵکو ئەو توانایەشیان نەبوو بایەخ بەخوێندەواری و باشترکردنی باری تەندروستی و بژێوی و ئابووری ورۆشنبیریی کۆمەڵگاکانی خۆیان بدەن.

زۆربەی ئەو دەوڵەتانە بەتایبەتی لەو ناوچەیەدا گۆشە گیر بوو بوون و هیچ چۆرە هاوکارییەکی ئابووری و سیاسی ڕێکوپێکیان لەگەڵ جیهان و دەوروپشتی خۆیان پێ دانەدەمەزرا. میللەتەکانیان لەژێر دروشمی فەلەستین و خاکی داگیرکراو و ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم بەئەوپەڕی دواکەوتوویی و نەخۆشی و نەخوێندەواری هێشتبوەوە. لەگەڵ ئەوەش، پێوانەکانی شەڕی سارد و جیهانی دوو جەمسەری پشتی ئەو دەوڵەتانە و سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەیان دەگرت و پێداویستییەکانی مان و بەردەوام بوونیان بۆ دابین دەکردن. ئەو شەڕانەی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرپا بوون لە نێوان **١٩٥٦** و **١٩٦٧** و **١٩٧٣** ئەنجامێکی ئاسایی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاریی بەرژەوەندییەکانی شەڕی سارد بوون.

بۆیە ڕووخانی ئەو سیستەمە نەک هەر نانی ئەو دەوڵەت و ڕژێمانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بڕی، بگرە هەتا ئەندازەیەکی هەست پێ کراویش ئەو ڕژێمانەی لە سەرچاوەکانی هێز و قودرەت و بەردەوام بوون دامالی. هەروەها دەرگایەکی فراوانیشی کردەوە لەبەردەم میللەتانی ناوچەکە بۆ ئەوەی لە زەین و ڕۆشنبیری و سروشتی کۆمەڵایەتییاندا جێگەیەکی تازە بۆ کەلتوورێکی سیاسی نوێ بکەنەوە کە قبوولی دیموکراسی و فرەخوازی و بووژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بکات.

لە لایەکی دیکەوە، سیستەمە دوو جەمسەرییەکە لە کاتێکدا ڕووخا کە سوپای عێراق تازە کەوتبووە ناکۆکی لەگەڵ میرنشینەکانی کەنداو و خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ داگیرکردنی میرنشینی کوێت. ئەو بڕیارە ناجۆرەی سەدام حوسێن بەداگیرکردنی کوێت لە ئابی **١٩٩٠** ڕێگەیەکی

پانوپۆڕی کردەوە نەک هەر لەبەردەم ئەمریکا، کە ئەوسا تازە دەبووە تاکە زلهێزی جیهان، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری هێزە سەربازییەکانی خۆی و هاوپەیمانانی لە کەنداودا بڵاو بکاتەوە، بەڵکو لەوەش گرینگتر درزێکی قووڵی دیکە بخاتە ناو دیواری لە ئەسلدا درز تێکەوتووی دەوڵەتانی عەرەبی. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لێرەدا، ئەوەیە کە زیادبوونی دەسەڵاتی سەربازیی ئەمریکا بەتایبەتی دوای شکست پێ هێنانی عێراق و دەرکردنی سوپاکەی لە کوێت، هەر واقیعێکی سەربازی نەهێنایە ناوچەکە، بەڵکو لەوە گرینگتر، فاکتەری هێنانە کایەی کەشوهەوایەکی زۆر تازەشی لە ناوچەکەدا دروست کرد. بەرچاوترینی ئەو کەشوهەوایانەش دوو حاڵەت بوو:

یەکەم، ڕاپەڕینی کورد لە کوردستان و ڕاپەڕینی شیعەی عەرەب لە خوارووی عێراقدا لە بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ بەو فراوانییەی پێوەی بەرێوەچوون، هەوەڵین دیاردەی کەشوهەواکە بوون. ئەوەی زۆرتریش بایەخی بەو ڕاپەڕینانە دا کۆچڕەوە میلیۆنییەکەی کورد بوو کە دەربخست جیهانی تازە ئامادەیە بەچاوێکی جیددی و تازە سەیری بزووتنەوە و حاڵ و وەزعی میللەتان بکات.

دووەم، دەستپێکردنی گفتوگۆ و وتووێژی سیاسی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکان و فەلەستینییەکان لە مەدرید و ئۆسلۆ ساڵی ۱۹۹۲ دیاردەیەکی گەورەی دیکەی ئەو حاڵەتە سیاسییە بوو. لەو گفتوگۆیانەدا فەلەستینییەکان بەدزی و بەتەنیا مشووری حاڵی خۆیان دەخوارد و لە نەرویژ کۆبوونەوەی تایبەتییان لەگەل ئیسرائیلییەکان دەکرد.

لەم بوارەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەمریکا پشتگیرییەکی ئەوتۆی لە ڕاپەڕینەکانی عێراق نەکرد. بگرە هەندێک لە ناوەندە سیاسییەکان پێیان وایە ڕێگەی دا بەسوپای عێراق ئەو دوو ڕاپەڕینە تێک بشکێنێت. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت یان نا، ئەوەندە هەیە کاتێک ڕاپەڕینەکان



تێکشکان لە ئەنجامی هێرشی خوێناوییانەی سوپای عێراق، ئەمریکا نەیهێشت گەلی کورد لەو کۆچڕەوە زیاتری بەسەر بێت کە لە نەورۆزی ۱۹۹۱ بەسەری هات. بەڵکو دوای جوڵانەوەی فەرەنسا و بریتانیا و تورکیا، ئەمریکاش کەوتە هەوڵی ئەوەی ناوچەیەکی ئاسایش و هێمن بۆ کورد دروست بکات لە سەرووی هێڵی ۳٦، لەو ساتانەدا واشنتۆن چاوی نە لەسەر کورد بوو نە لەسەر هیچ ڕووداوێکی دیکەی ناوچەکە غەیری پرۆسەی گفتوگۆ لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب. زۆری بەلاوە مەبەست بوو ئەو پرۆسەیە دەست پێ بکات و بەرەو پێشەوە بچێت. پێی وابوو ئەگەر کێشەی عەرەب و ئیسرائیل چارەسەر بێت ئەوا تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەی دیموکراسی و گونجان لەگەڵ سیستەمی تازەی جیهاندا.

دیار بوو زیاد بوونی دەسەڵاتی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا فشارێکی زۆری بۆ سەر دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە دروست کرد بوو. بۆیە هەندێکیان بەدەنگی بڵند و هەندێکی دیکەیان بەدەنگی نزم داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکایان دەکرد لە ناوچەی کەنداو. بێ گومان یەک لە بنەماکانی دروست بوونی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن دەرکردنی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بوو لە سەعوودی و کەنداو. لەگەڵ ئەوەش، دیار بوو بەهۆی کەشوهەوا تازەکەی جیهان زەحمەت بوو بۆ دەوڵەتانێک کە بەهاوکاریی ئابووری و سەربازی و سیاسی واشنتۆن دەژین لە ڕووی نەخشەکانی ئەمریکا ڕابوەستن و بەربەرەکانێی بکەن. بۆیە وردە وردە ئەو دەوڵەتانە کەوتنە قبوڵ کردنی هەندێک لە فشارەکانی ئەمریکا. بۆ نموونە:

ئافرەت لە کوێت مافی دەنگدانی نەبوو. بەڵام بەر لە ساڵێک پەرلەمانی کوێتی ناچار بوو دان بەو مافە بنێت و یەکەم ئافرەت لە پۆستی وەزارەت دابنێت. یەمەن کە بەئاگر و ئاسن جڵەوی ڕژێمەکەی لە دەست عەقید

عەلی عبداللە ساڵح هێشتبووەوە، بەم دواییە وای لێ هاتووە ساڵح خۆی باس لە وازهێنان لە پۆستی سەرۆکایەتی بکات. هەروەها لە سەعوودی هەتا پێش ساڵێک بەبەهانەی هەڵکەوتەی تایبەتیی سەعوودی لە ڕووی ئاینییەوە، هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک لەو وڵاتەدا نەدەکرا نە پەرلەمانی و نە شارەوانی. بەڵام دوای فشارێکی زۆری ئەمریکا و ئەوروپا حکوومەتی سەعوودی ناچار دەستیان بەڕێکخستنی هەڵبژاردن کرد بۆ شارەوانییەکانیان. لە میسر بەهیچ جۆرێک ڕێگە نەدەدرا باس لە گۆڕینی دەستوور و دانانی جێگرێک بکرێت بۆ سەرکۆمار. بەڵام ئێستا گەرمترین باس لە قاهیرە و تەواوی میسر ڕاستکردنەوەی دەستوورە. بەم دواییە کۆندۆلیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە یەک لە گەشتەکانیدا لە ناوچەکە بەئاشکرا داوای لە میسر و سەعوودی کرد کە هەنگاوی گەرمتر بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم بهاوێژن. بگرە فشارەکەی میسر ئەوەیشی گرتەوە کە دەبێت هەڵبژاردن بۆ سەرکۆمار لە کەشوهەوایەکی ئازاد و لەژێر چاودێریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت. بەم دواییە بەرپرسێکی گەورەی ئەمریکی سەر لە نوێ دووپاتی ئەوەی کردەوە کە دەبێت قاهیرە پابەندی ئەو مەرجانە بێت لە کاتی هەڵبژاردندا. هەر لە میسر، میسر دە ساڵ بوو ڕێگەی لە مۆڵەتدانی ڕێکخراوی میسر بۆ مافی مرۆڤ دەگرت. لەو لاوە سەرۆکی پەیمانگای ئیبن خەلدون دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیمی لە زیندان نابوو. بەڵام بەر لە شەڕی ئازادکردنی عێراق، کاتێک قاهیرە بۆی دەرکەوت ئیتر ئەمریکا لە ناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە، هەم ئیبراهیمیی لە زیندان بەرەڵڵا کرد و هەم مۆڵەتی دا بەدامەزراندنی ڕێکخراوی میسر بۆ مافی مرۆڤ. خۆ ئەگەر زۆرتر بڕۆین دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئیسرائیل پێش چەند ساڵێک پێ نەدەچوو بەنیاز بێت لە خوارووی لوبنان بکشێتەوە، بەڵام بزووتنەوەی ئاشتی و بزووتنەوەی دایکانی سەربازە ئیسرائیلییەکان و نارەزایی خەڵک و فشاری ئەمریکا وای کرد ئەو کشانەوەیە ڕوو بدات. هەر ئیسرائیل و



بەتایبەتی سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئەرئیل شارون کە بەتوندڕەو لە قەڵەم دەدرێت، زۆر زەحمەت شان بەشانی پرۆسەی ئاشتی دەڕۆیشت. بەڵام ئێستا هەر ئەو شارونە بەرامبەر بەتوندڕەوە ئاینییەکان دەوەستێت و مستەوتەناتەکان لە هەرێمی غەززە چۆڵ دەکات و هێزەکانی دەکێشێتەوە. لە لوبنانیش پێش چەند ساڵێک ئەستەم بوو هاووڵاتییەکی ئاسایی دەنگ بەرامبەر سەربازێک یان ئەفسەرێکی سووریی بەرز بکاتەوە، بەڵام بەر لە دوو ساڵ خەڵکی لوبنان نەک دەستیان بەقسەکردن کرد، بەڵکو چەندین خۆپیشاندانیشیان لە دژی وجودی سووریی دەست پێ کرد. ئنجا وای لێ هات بەر لە چەند مانگێک دیمەشق هەرچی هێزی سەربازی هەبوو لەسەر خاکی لوبنان بەماوەی هەفتەیەک بکێشێتەوە. ئێستا لوبنانییەکان زۆر سەربەستانە ژیانی سیاسیی خۆیان بەڕێوە دەبەن لەگەڵ ئەو تەگەرانەش کە ئەم دەوڵەتی عەرەبی یان ئەو دەوڵەتی عەرەبی بۆیان دروست دەکات. خاڵی سێیەم لە هۆیەکانی قڵیشانی بەردی ناوچەکە ئەوەیە کە ئەمریکا وەک تاکە زلهێزی گەورەی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دوای تێکشکاندنی سوپای عێراق لە کوێت، دەسەڵاتێکی گەورەی سیاسی و سەربازی پەیدا کرد. هەندێک بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان بەتێوری پیلانگێڕی هەیە، پێیان وایە ئەمریکا ڕژێمی سەدام حوسێن-ی تووشی داگیرکردنی کوێت کرد تا بەو بەهانەیە هێزێکی سەربازی زۆر بێنێتە ناوچەکە و دەست بەسەر سامانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو بگرێت. ئەم بۆچوونە ڕاست نییە چونکە ئەمریکا بەبێ سوپا هێنان و شەڕکردن دەسەڵاتێکی سیاسی گەورەی هەبوو لە ناوچەکەدا هەر لە سەردەمی شەڕی ساردەوە. دواتر کە بەتاکە زلهێز مایەوە ئەو دەسەڵاتەی لە خۆڕا زیادی کرد و ئیتر پێویستی بەناردنی سوپا نەما بۆ دەست گرتن بەسەر نەوت و سیاسەت لە ناوچەکەدا.

ئەوەی ڕاست بێت، دەسەڵات پەیداکردنی ئەمریکا یارمەتییەکی زۆری

بەبەهێزبوونی تەوژمی دیموکراسیدا لە ناوچەکەدا. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە واشنتۆن دەستی کرد بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی (گورزی دەستپێشکەرییانە)ی سەرۆک بووش ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم میللەتە ستەمدیدەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە. هۆی کرانەوەی ئاسۆکەش ئەوە بوو کە میللەتانی ناوچەکە گیرۆدەی دەستی چەند ڕژێمێکی زاڵم و تاکڕەو و ئیستیبدادی بوون. ئەم ڕژێمانە نەک هەر ئەزیەتی میللەتەکانی خۆیان دەدا بەڵکو شەڕیان بەدەر و جیرانی خۆیشیان دەفرۆشت و بەزمانی هەڕەشە و ناکۆکی و شەڕ لەگەڵ جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قسەیان دەکرد. هەر بۆیەش ئەو ڕژێمانە زۆری نەبرد بوونە سەرچاوەی تیرۆر. زۆری نەبرد لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراسییەکانی جیهانیش کەوتنە ناکۆکی. بۆیە ئەمریکا دوای١١ی سێپتەمبەر کەوتە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەست وەشاندنی پێشەکییانە. یەکەم دەست وەشاندن لەو بوارەدا ڕووخاندنی تالیبانی ئەفغانستان و دووەمیش شەڕی ئازادکردنی عێراق بوو. ئەمەش چەند زەرەر و زیانی لەو ڕژێمانە دا، ئەوەندەی دی و زیاتریش قازانجی بەمیللەتانی وەک کورد و نووبەی خوارووی سوودان و شیعەی خوارووی عێراق و زۆرانی تر گەیاند.

هۆی پێنجەمی ئەو قلیشانە شۆڕشی تەکنەلۆژیی جیهانییە. مەعلوومە یەک لە پرۆسە گەورەکانی مرۆڤایەتی لەو سەردەمەدا تاوسەندنی شۆڕشی پێوەندی و تەکنەلۆژیای وەک کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئیمێلە. ئەم شۆڕشە وای کردووە جیهان بچووک بێتەوە و مەودای زانیاریی مرۆڤ زیاد بکات و ئیتر ڕووداوەکان لە هەر کوێیەک ڕوو بدەن زۆر بەپەلە لەبەرچاوی هەموو جیهاندا بن و دەرفەتی ئەوە هەبێت چ نەتەوە یەکگرتووەکان و چ دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و ڕای گشتیی جیهان بەزوویی بەدەنگ لێقەومانەوە بچن. هەر لە بوارەکانی قازانجی شۆڕشی تەکنەلۆژیای گەیاندن ئەوەیە کە تاکە کەس، نووسەری لوبنانی حازم صاغیە گووتەنی



(٣)، لە ڕێگەی ئەو دەسکەوتە زانستییانەوە بتوانێت گەشە بەتاکەکەسێتی خۆی بدات و پێوەندیی خۆی لەگەڵ تەواوی جیهان، دوور لە دەسەڵاتی دەوڵەت، خۆش بکات. مەعلومیشە ئازادییەکانی تاکە کەس بەردێکی گەورەی بناغەی هەر تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسییە لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا. بێ گومان تا ئێستاش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەنیوەی ئەورووپا و ئەمریکا و شوێنەکانی دی کەڵکی لەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە وەرنەگرتووە. تا ئێستاش لە ڕۆژنامەیەکی گەورە و گرینگی وەکو (ئەلئەهرام)ی میسری بەشێک لە نووسەرەکان کۆمپیوتەر بەکار ناهێنن ئەگەرچی ئیدارەی ڕۆژنامەکە بۆ هەر یەکێکیان کۆمپیوتەرێک و هێڵێکی ئینتەرنێتی دابین کردووە. تا ئێستاش زۆر حزب و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری هەیە لە ناوچەکەدا بڵاوکراوەکانیان بەڕۆنیۆ چاپ دەکەن.

لەوەش بەولاتر، ئەو ئامار و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی فرۆشران و بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەر لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، ئەوە دەردەخات کە تا ئێستاش لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا نەک هەر خوێندنی زانستی کۆمپیوتەر، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو تەکنەلوژیا گرینگەش لە ڕادەیەکی زۆر نزم دایە. هەر بۆ بەراوردکردن دەتوانین ئەوە بزانین کە وڵاتێکی وەکو هیندستان لە ڕێگەی پێشکەوتنیدا لەسەر ڕێبازی دیموکراسی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی وای لێهاتووە ساڵی ١١٥ هەزار ئەندازیاری کۆمپیوتەر خوێندن تەواو بکەن و ئەمریکا و بریتانیا مونافەسەی ئەوەیان بێت زۆرترین ژمارە لەو ئەندازیارانە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبەراورد لەگەڵ پێش پانزە ساڵ هەنگاوێکی باشی لەم بوارەدا هاوێشتووە. هەندێک دەوڵەتی عەرەبی بەر لەو پانزە ساڵە تەنانەت بینینی تەلەڤزیۆنی ئاسمانییشیان قەدەغە کرد بوو. دواتریش کە ڕێگەیان دا سانسۆری ئەوەیان دانا بوو لە چەند کەناڵێک بەولاتر نەبینرێت. بەڵام ئێستا هەندێک لەو دەوڵەتانە وا ناچار

بوون که هەر خۆیان پتر لە کەناڵێکی ئاسمانییان هەبێت. ئێستا شارێکی وەکو هەولێر پتر لە ١٠ کافەی ئینتەرنێت و پتر لە ٣٠ دوکانی چاکردنەوەی کۆمپیوتەر و هەروەها پتر لە **٣٥** کۆگای فرۆشتنی کۆمپیوتەری تێدایە. دەوڵەتێکی وەکو سەعوودی کە هەترەشی لە تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی دەچوو ئێستا پتر لە دە کەناڵی ئاسمانیی هەیە کە لە دەرەوەی سەعوودین، بەڵام تایبەتن بەگۆرانی و مۆسیقای گەنجان.

هۆی چوارەم لە بواری گۆڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە ڕۆڵی ڕێکخراوە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان و هاتنە پێشەوەی مەسەلەی بازاڕ و ئابووریی ئازاد و کراوە لە زیادبوون و بەرەوپێشەوەچوون دایە. جاران یەک لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی شەڕی سارد ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بۆ پاراستنی ئەو ڕۆڵەی خۆی نەتەوە یەکگرتووەکان کەمتر ڕێگەی دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کاتێکیش ئەو ڕێگەیەی دەکەوتە ناوچەکە ئەوا تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و ئیسرائیل و لوبنان و سووریا و میسر و ئوردون دەورێکی زۆر بچووکی دەبوو. بەڵام ئێستا ئەو ڕێکخراوە لە زۆربەی کێشەکانی ناوچەکە دەوری گەورەی هەیە. خۆ ئەگەر بونیادی ڕێکخراوەکە ڕیفۆرمی بەسەر هات و لەو بیرۆکراسییەی تیایدایە ڕزگاری بوو، ئەوا بێ گومان دەوری زۆر گەورەتر و بایەخی زۆر زۆرتر دەبێت. کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ساڵی **١٩٩٧** بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش باس لە چاکسازیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و مەسەلەی مافی مرۆڤ بەیەک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو چاکسازییە لە قەڵەم دەدات. ئەوسا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆنترۆڵکردنی کارەساتی ڕواندا دەگێڕا. ئەمڕۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە باری مافی مرۆڤ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ناوچەکە دەکۆڵێتەوە و ڕاپۆرتی گرینگ و سوودبەخش لە بارەی خوێندەواری و ئازادی و بووژانەوەی



کۆمەڵایەتیی دەوڵەت و میللەتانی ناوچەکە بڵاودەکاتەوە و یارمەتی ناوچەکەش دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا.

جاران، بگرە هەتا ئێستاش لە زۆر شوێنی ناوچەکەدا، دەوڵەت سەرمایەداری گەورە بووە لە وڵاتاندا. ڕزقی خەڵک و بازاڕی خەڵک و مووچەی خەڵکی بەدەست دەزگاکانی دەوڵەتەوە بووە و هەر کاتێک ئەو دەوڵەتانە ویستبێتیان سیاسەت و بەرنامەیەکی دیاریکراو بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنن ئەوا چەکی ڕزق و مووچەیان بەکار هێناوە. بەڵام لە بازاڕی ئازاد دەوڵەت دەسەڵاتی کەمە بەسەر ئابووری و بازاڕ. کەرتی تایبەت ڕۆڵە سەرەکییەکە لەم مەیدانەدا دەگێڕێت.

یەک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی و جیهانی تازە بازاڕی ئازادە. لەم بوارەدا سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و بانکی نیودەوڵەتی ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەگێڕن. بایەخ و ڕۆڵی گرینگی ئەو ڕێکخراوانە لە پشتگرتنی ڕیفۆرمی ئابووری دایە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی بڕیار دەدەن کە ئیتر ڕووەو بازاڕی ئازاد بڕۆن و چنگی دەوڵەت بەسەر ئابووری کەم بکەنەوە. ئەوی ڕاستی بێت ئەو ڕێکخراوە ئابوورییە جیهانییانە ئێستا مەرجی ئەوەیان داناوە بۆ وەرگرتنی هەر دەوڵەتێک و یارمەتی دانی هەر دەوڵەتێک کە ئەو دەوڵەتە دەبێت دەست بەچاکسازیی ئابووری بکات و دەرگا لەبەردەم بازاڕی ئازاد دا بکاتەوە. ڕاستە ئەو ڕێکخراوانە ڕاستەوخۆ باس لە دیموکراسی ناکەن. بەڵام ئازاد کردنی بازاڕو ئابوورییەکانیان زامنی ئەوەیە ئیتر پرۆسەی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بەهەنگای گەورەتر و کاریگەرتر بۆ پێشەوە بڕوات. لەم بوارەدا ڕەنگە حیکمەتێک لەودا هەبێت کە ئەمریکا سیاسەتمەدار و کەسایەتییەکی ستراتیژیی وەک( پۆل وەلفەویتز) لە جێگری وەزیری بەرگرییەوە بگوێزێتەوە بۆ پۆستی سەرۆکی بەنکی نێودەوڵەتی. دیارە ئێستا بەلای ئەمریکاوە ئابووری چ بڕ لە سیاسەت ڕۆڵی کەمتر نییە لە دامەزراندن و

بڵاوکردنەوەی دیموکراسیدا.

هۆی پێنجەمی قڵیشانی ناوچەکە ئەوەیە کە جیهانی دوو جەمسەری زۆر چالاکی و داهێنان و تەکانی دەرەوەی بازنەی تەسکی حکوومەتەکانی کوشتبوو. یەک لەو چالاکییە گرینگانە بۆ بەگەڕخستنی کۆمەڵگای مرۆیی و ساغ و پاراوکردنی پێوەندیی نێوان حکوومەت و خەڵک ڕێکخراوە ناحکومییەکان و مەسەلەی مافی مرۆڤ بوو. جاران ڕێکخراوی ناحکومی بەدەسکەلای بێگانە دەزانرا لەناو کۆمەڵگادا. حکوومەت هەر حکوومەتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مەودای زەمەنی ڕابردوو ڕێگەی دروستبوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوانەی نەدەدا. ئەگەر ڕێگەشی دابایە ئەوا هەر زوو دەستی دەنایە بینەقاقایان. خۆ ئەگەر هەر ترسێکی هەبوایە لە کوشتنی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەکان ئەوا گوێی پێ نەدەدان و بەنۆکەری بێگانەی لە قەڵەم دەدان. نزیکترین نموونە لەم بوارەدا ڕێکخراوەکەی دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیمە کە بەر لە چوار ساڵ حکوومەتی میسری بەدەسکەلای ئەمریکای لە قەڵەم داو دکتۆر سەعدەدینی بەو بەهانەیە نایە زیندانەوە. بەر لە زیندانیکردنی سەرۆکی بنکەی بووژاندنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە میسر، ئەو ڕێکخراوە نەیدەتوانی لەناو خاکی میسر کۆبوونەوە و سیمینارەکانی خۆی ئەنجام بدات بەهۆی هەڵوێستی حکوومەت و هەندێک لە حزبەکان. بۆیە ناچار دەبوو لە وڵاتێکی وەک دوورگەی قوبرس ئەو کۆبوونەوە و سیمینارانە ئەنجام بدات.

ئاشکرایە هەر کاتێک ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێگەیان لێ گیرابێت یان دوژمنایەتی کرابن ئەوا یەک لە بنەما گەورەکانی دامەزرانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەین چووە. ئێستاش زۆر لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین کە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەدواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێن، سیمایەکی گەورەی کۆمەڵگای مەدەنییان پێوە دیارە، چونکە لەو وڵاتانەدا ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن بەتایبەتی لە



مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیی تریاک و تاوانی ڕێکخراودا.

هەر پابەند بەو مەسەلەیەشەوە بەرێگەگرتن لە چالاکییەکانی ڕێکخراوی غەیرە حکومی ئیتر هیچ کەس و لایەن و ڕێکخراوێکی ناوەخۆ نامێنێت چاوەدێری مافی مرۆڤ و چالاکییە حکومی و شارستانییەکانی دیکە لەناو کۆمەڵگادا بکات. ئنجا هیچ پردێکیش نامێنێت لە نێوان حکوومەت و خەڵک غەیری پردی پەرلەمان نەبێت ئەویش لە حاڵی ئەوەی ئەگەر هەبێت. بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی ڕێکخراوی غەیرە حکومییان تێدا نییە، ڕژێمە سیاسییەکان بێ ترس لە هیچ جۆرە چاودێرییەک دەکەونە وێزەی خەڵک و ئازادییەکانییان لێ زەوت دەکەن و یاری بەلوقمەی دەمی منداڵەکانیان دەکەن. لە لایەکی دی، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە واشنتۆن مەسەلەی مافی مرۆڤی کردووە بەیەک لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی. بەڵام ئەوی ڕاستی بێت بەهۆی کەشوهەوای شەڕی سارد هیچ کاتێک بۆی نەلوا بوو وەکو ئەمڕۆ بایەخ بەو مەسەلەیە بدات، ئێستا لەژێر سێبەری سیستەمی تازەدا مافی مرۆڤ مەیدانێکی گەورەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسییە. بگرە نەک تەنیا واشنتۆن بەڵکو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش وەک پێوانەیەکی جیهانی سەیری دەکەن و بەهۆی هەلومەرجەکانییەوە ڕێگە بەخۆیان دەدەن تەدەخولی سەربازی و سیاسیش لە کاروباری وڵاتاندا بکەن. عێراق و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان نموونەی ئەو جۆرە دەوڵەتانەن.

سەرباری مافی مرۆڤ ڕێکخراوە غەیرە حکومییە نێودەوڵەتییەکانیش وەک یۆنسکۆ و ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ و یونیسیف و هی دیکە دەوری گرینگ لە بەگەڕخستنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگاکاندا دەگێڕن. هەر لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەین کە دوای نەمانی ئەو جیهانە کۆنە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی و لە چارەسەرکردنی کێشە و تەنگوچەڵەمە نێودەوڵەتییەکان زۆر زیادی کرد.

ڕاستە ڕای وا هەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان زادەی سەردەمی شەڕی سارده، واتە ساڵانی دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووەم. لێرەدا وایە زۆربەی یاسا و پێوانەکانی ئەو ڕێکخراوە لەو سەردەمەدا نووسراونەتەوە و پێکهاتە سەرەکییەکەی بەپێی پێوانەکانی هێزی نێودەوڵەتی لەو سەردەمەدا نووسراونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، بایەخدان بەڕۆڵی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرپەرشتیکردن و چارەسەرکردنی گرفتە نێودەوڵەتییەکان یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمی تازەی جیهانە. بگرە ناوەندە ستراتیژییەکانی بڕیار لە ئەمریکادا پێیان وایە ڕەنگە نەتوانن سیستەمێکی سیاسی تازە دابمەزرێنن ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان چاکسازی تێدا نەکرێت و نەبێتە ڕێکخراوێکی ئەکتیڤ و کاریگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

ئەوی ڕاستی بێت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا بینەقاقای غەرقی نێو فەساد و گەندەڵییە. هەروەها ئەو ڕێکخراوە لەم سەردەمە تازەیەی ئەمڕۆیدا پێویستی ی بەچاو پێداگێڕانەوە و چاکسازییەکی بنەڕەتی هەیە چ لە ڕووی فراوانکردنی ئەنجوومەنی ئاسایش و چ لە ڕووی یاسا و بنەما و شێوازەکانی کارکردنی ناوەخۆی. هەر لەم چوارچێوەیەدا عەیب و خەوشەکانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک کە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕێگەگرتن لە برسێتیی خەڵکی عێراق لە سەردەمی سزا نێودەوڵەتییەکاندا کاری پێ دەکرد، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو گەندەڵییە بوو. ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە بارەی گەندەڵییەکانی ئەو بەرنامەیە. هی وا هەیە دەڵێت لێکۆڵینەوە ڕەنگە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کوفی ئەننانیش بگرێتەوە. بەهەر حاڵ، نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستی بەچاکسازییەکی بنەڕەتی هەیە، چونکە ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە لە جیهانی ئەمڕۆدا بایەخێکی بنەڕەتی هەیە. ڕای ئەوتۆ لە ئەمریکا پەیدا بووە کە ئیتر ئەو ڕێکخراوە



هیچ ڕۆڵێکی نەماوە و دەبێت کۆتایی بەژیانی بهێنرێت چونکە شەڕی سارد نەما. بەڵام ڕێچکە کاریگەرەکەی ناو سیاسەتی ئەمریکا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە نەخێر، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر پوخت و کاریگەر بکرێت ئەوا دەتوانێت لە ئێستە بەسەرەوە ئەو ڕۆڵەی خۆی بگێڕێت.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموانەش، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گەلێک گرینگ و دیاری گێڕاوە لە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشەی نێودەوڵەتی وەک کێشەی صرب و کرواتیا و بۆسنە و کۆسۆڤۆ و عێراق و فەلەستینییەکان و کێشەکانی ئەفریقیا و ڕواندا و برسییەتییەکانی سوودان. تەنانەت لە ڕۆژهەڵات و عێراقیشدا دەورێکی گرینگی هەبوو. هەروەها دەوری هەبووە لە چاودێریکردنی مافی مرۆڤ لە زۆر وڵاتدا. دەوری هەبووە لە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و سووککردنی کێشەی نەخۆشی و نەداری و پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە چەندین شوێن و وڵاتانی جیهاندا. ئەو ڕۆڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم کێشانەدا گێڕای بایەخە ڕاستەوخۆکەی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی لە جیهاندا زیاد کرد. بگرە وای کرد ئیتر نەتەوە یەکگرتووەکان پشت و پەنایەکی میللەتان بن نەک تەنیا دەوڵەتان. بێ گومان کە باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە غەیرە حکومییە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت دەبێت ئاماژە بۆ ئەو ڕۆڵە گەورەیە بکرێت کە ئەمنستی ئینتەرناشنال و هیومان ڕایتس وەچ لە جیهانی تازەدا دەیگێڕن. بەهۆی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوانە وای لێهاتووە دەوڵەتانی نادیموکراسی نەوێرن بەو سەربەستییەی جاران مافی مرۆڤی دەوڵەتەکانی خۆیان وا بەئاسانییەکەی جاران پێشێل بکەن.

ڕەنگە لێرەدا نموونەی کۆچڕەوی کورد لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ چاکترین نموونە بێت بۆ هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوسا هەموو جیهان هاوخەمی کورد بوو. بەڵام چەند دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئەمریکا و فەرەنسا و بریتانیا و تورکیا زۆرتر دەیانەویست ڕادەیەک بۆ کارەساتی

کۆچڕەو دابندرێت. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتی هەوڵی ئەو دەوڵەتانەی گرت. دواتریش بڕیاری ژمارە **٦٨٨** ی دەرکرد کە یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتی بوو لە بارەی پشتگیریی مافی مرۆڤی کورد. ئەوەی ڕاستی بێت بەشێکی زۆری ئەو ئازادییەی بۆ کورد خوڵقا لە ساڵی **١٩٩٢** دا پێوەندیی بەبڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەبوو، ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوە لە زۆر بواری دیکەدا وەک پێویست یارمەتی کوردی نەدەدا.

ئەو هۆیانەو دەیان هۆی تر وایانکرد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرگەی تەوژمی تازەبوونەوە و دیموکراسیی جیهانیی نەگرێت و دوای پانزە ساڵ، بگرە دوای چەندین سەدە، ئەویش وەک ناوچەکانی دیکەی جیهان پێ بنێتە ناو سەرەتاکانی مەیدانی گۆڕانکاری و ڕیفۆرم و چاکسازی. ئەویش پێ بنێتە ئەو مەیدانە ئەگەرچی هی ئەو بەڕادەیەکی کەمتر و لەسەرەخۆتر بوو بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهان بەتایبەتی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. ڕاستە تا ئێستاش کەلتووری کۆن، بیروباوەڕی تاکڕەوێتی، میزاجی ئیستیبداد و تەقینەوەی تووڕەیی و هەڵچوونی خوێناوی زاڵە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕاستە هێشتا ئەو ناوچەیە زادەی تیرۆر و لانکەی دەیان گیروگرفتی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینییە. ڕاستە، زۆربەی ڕژێم و دەوڵەتانی ناوچەکە تا ئێستاش بەعەقڵی کۆمەڵگای سەربازیی بیر دەکەنەوە و بەزمانی خوێن و ئاسن قسە دەکەن و بەدەیان فڕوفێڵی سیاسی و ناسیاسی بەکار دەهێنن بۆ خۆ دەرباز کردن لە چارەنووسی ڕووبەڕووبوونەوەی دیموکراسی کە بۆ ئەوان قورسترین و دۆڕاوترین ڕووبەڕووبوونەوەیە. ڕاستە ناوچەکە تا ئێستاش هەناسەی کەلتووره کۆنەکە هەڵدەمژێت و بەچاویلکەی ڕابردوو تەماشای ئێستا و داهاتووی خۆی دەکات. ڕاستە، تێکشکاندنی ئەو کەلتوور و نەریتە سیاسییە قورس و ڕەگ داکوتاوە کارێکی ئاسان نییە. ڕاستە، دەوڵەتە عەرەبییەکان و تورکیا و ئێران تا ئێستاش گرەویان لەسەر ئەسپی دۆڕاوە و



هەمیشە لە دیدی گومان و ڕاڕاییەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن. بۆ ئەو هەموو ڕاستیانەش نموونە لەناو هەڵوێستی عەرەبدا زۆرن:

کاتی خۆی کە تەقینەوە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتەمبەر ڕوویان دا، هەندێک ناوەندی عەرەبی سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەم تەقینەوانە دەسکردی ئیسرائیلە. پێش ئەو کە سەدام حوسێن کوێتی داگیر کرد، هەندێک ناوەندی عەرەبی و ئیسلامی وازیان لەو بیرۆکەیە نەدەهێنا کە ئەمریکا هانی عێراقی دا بۆ گرتنی کوێت. دواتر کە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل تاوی سەند و ئیسرائیل دەستی کرد بەکێشانەوەی کیبوت و سەربازەکانی خۆی لە هەرێمی غەززە، ئەو ناوەندانە سەرلەنوێ کەوتنەوە دەریای گومان و پەنجەی تۆمەتی ئەوەیان بۆ ئەمریکا درێژ دەکرد کە گوایە لە ژێرەوە پشتی ئیسرائیل دەگرێت و دەیەوێت ئاشتی لەسەر حسێبی عەرەب بێتە کایەوە. دواترین نموونەش تەقینەوەکانی ئەم دواییەی لەندەنە:

هەندێک لە ناوەندەکانی فەرمانڕەوایەتی و بیری سیاسی لە جیهانی عەرەبدا جاران وایان لێک دەدایەوە کە کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل نەک هەر ڕێگەی لە دیموکراسی گرتووە، بەڵکو سەرچاوەی هەموو توندوتیژی و تیرۆر و دیکتاتۆریزمە لە ناوچەکەدا. مەبەست لەم لێکدانەوەیە لە ڕاستیدا ئەوە بوو بڵێن ئەوان لە دڵ و دەروون و مێشکدا دیموکراسین و دڵسۆزی مەسەلە نەتەوەییەکانی عەرەبن. بەڵام ئەوەی ناچاری کردوون کاسکێتی ئەفسەر لەسەر بکەن و لە شەقامەکانیان جۆگە بۆ لێشاوی خوێن ئامادە بکەن مەسەلەی فەلەستینییەکانە. ئەمەش بێ گومان پۆپەی یەک لە درۆ زلەکانیان بوو.

ئەم ڕژێم و ناوەندانە کاتێک بینییان کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل کەوتۆتە سەر ڕێگەی چارەسەری سیاسی و بەهانەکەیان لێ بڕاوە، ئیتر دەستیان کرد بەدۆزینەوەی بەهانەیەکی دیکە بۆ تیرۆر و

توندوتیژی، کە ئەویش ئەوەیە گوایە کێشەی داگیرکردنی عێراق و ڕووخاندنی سەدام حوسێن لەو وڵاتەدا بۆتە هۆی نەک ڕێگەگرتن لە هێمنی و ئاسایش و دیموکراسیی ناوچەکە، بەڵکو وایکردووە تیرۆر بگاتە دەرەوەی عێراقیش. بەم دواییە لە بریتانیا تیرۆر بۆمبی لە تونێلی شەمەندەفەر دەتەقاندەوە. هەندێک لەو ناوەندە عەرەبیانە وایان لێک دەدایەوە گوایە ئەو تیرۆرە ئەنجامی هەڵوێستی بریتانیایە لە شەڕی عێراق. ئەوە لە بیر دەکەن نە میسر و نە لوبنان خۆ لە شەڕی ڕزگارکردنی عێراقدا بەشداریان نەکرد بوو کەچی بەم دواییە تیرۆر لە بریتانیا کەمتری پێ نەکردن.

لەگەڵ ئەو ڕاستیانەش دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای شەڕی عێراق خەریکە هەنگاوی بەرچاو ڕووەو دیموکراسی و کرانەوە دەهاوێژێت. ئێستا گەیشتنی میللەتان بەئازادییە دیموکراسییەکانیان زۆر لەگوێنترە لە جاران. ئێستا لوبنانییەکان باس لە دەرکردنی دوا ئەفسەری ئیستیخباراتی سووری دەکەن لە وڵاتەکەیان. ئێستا نووبییەکان باس لە شەش ساڵ دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە چنگی سوودان و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی. ئێستا فەلەستینییەکان، دوای یاسر عەرەفات بەبەر چاوێکی ڕوونتر سەیری دوارۆژی خۆیان دەکەن. ئێستا کورد ناسڵەمێتەوە لەوەی باسی دەوڵەتی سەربەخۆ بکات ئەگەر مافە فیدراڵییەکانی لە عێراق مسۆگەر نەبوو. کەواتە شتێک لە ناوچەکە گۆڕاوە. ڕەنگە گۆڕانێکی گەورە و جەوهەریی نەبێت. ڕەنگە تیرۆر و کەلتووری سیاسی میللەتانی عێراق و پاشماوەی سەدامیزم دەورێکی گرینگ بگێڕن لە بەدواخستنی گۆڕانەکە. ڕەنگە دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی هێشتا لە ناوچەکەدا زۆری مابێت. بەڵام بێ شک ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین و واقیعییانە هەستی پێ دەکەین سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە و جەوهەرییە.



## چاکسازی و دیموکراسی لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا

هەر لەگەڵ هەرەس هێنانی بلۆکی سۆشیالیستی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەمێکی گەورەیان کەوتە پێش. ترسی گەورەی ئەو دەوڵەتانە ئەوە بوو کەشوهەوای جیهانە تازە یەک جەمسەرییەکە زەرەریان پێ بگەیەنێت و ناچاریان بکات دەرگا لەسەر فرەخوازی و ڕیفۆرم و دیموکراسیدا بکەنەوە و میللەتەکانی خۆیان لە خۆیان بورووژێنن و لە ئەنجامیشدا چارەنووسی ڕژێمەکانیان بکەوێتە خەتەرەوە. دەترسان ئەو کەشوهەوا تازەیە، کە ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی گەشەپێدانی دیموکراسی و ئازادی و بووژانەوەی ئابووری و کاری سیاسی بوو، دەرگای ناوچە و دەوڵەتەکانیان لەبەردەم بازاڕی ئازاد و فشاری سیاسی و مەسەلەی مافی مرۆڤ بکاتەوە. ئەمەش لە فەرهەنگی زمانەوانیی ئەو ڕژێمانەدا نەک بەئازادی، بەڵکو بەکردنەوەی دەرگای جەهەننەم ناو دەبرێ. ئەوەی زۆرتریش ئەو ترسەی سێ قات و چوار قات دەکردن ئەوە بوو کە ڕژێمەکان لە میللەتەکانی خۆیان باشتر دەیانزانی واقیعی سیاسیی وڵاتەکانیان لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی و فرەئاینی و مەزهەبی و فرەکەلتووری دامەزراوە. بۆیە هەر شنەبایەکی تازە، هەتا ئەگەر ڕۆشنبیرییش بێت، ڕەنگە شیرازەی وەزع و حاڵە کۆنینەکانیان لێ تێک بدات.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمریکا لەو قۆناغەدا پێی باش نەبوو گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەی شۆڕشی توندوتیژ یان خوێناوی ڕوو بدەن. ڕەنگە هەڵوێستی واشنتۆن بەرامبەر بەڕاپەڕینەکانی کورد و شیعە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا لەم بارەیەوە چاکترین نموونە بێت. بێ گومان واشنتۆن دژی ئاوات و مافەکانی کورد نەبوو لەو

سەردەمەدا. هەروەها لەگەڵ ئەوەش نەبوو زوڵم و زۆری سەدام حوسێن بەسەر شیعەوە بەردەوام بێت. بەڵام چونکە پێی وابوو لە خۆی بەولاتر لایەنێکی دیکە بۆی نییە بەشەڕ و توندوتیژی ناکۆکییەکانی خۆی یەکلا بکاتەوە، بۆیە ئەو ڕاپەڕینەی کورد و شیعەی بەدڵ نەبوو. هەر بۆیەش ڕێگەی بەسوپای عێراق و هەلیکۆپتەرەکانی دا هەر دوو ڕاپەڕینەکەی کوردستان و خواروو خامۆش بکەن. بەواتایەکی دیکە لەو ساڵەدا واشنتۆن، یاخود ئیدارەی جۆرج بووش - ی باوک وای بۆ دەچوو کە لە دوای دەرکردنی سوپای عێراق لە کوێت ئیتر ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام ئەرکی میللەتانی عێراقە و ئەم ئەرکەش دەبێ لە دوای شکستیی کوێت بەلەسەرەخۆیی ڕوو بدات نەک بەڕاپەرینی چەکداری. هەر لەم بوارەدا ئێستاشی لەگەڵ دا بێ ئەمریکا زۆر ئارەزووی ئەوە دەکات لە ئێران و سووریا و کۆریای باکوور گۆڕانکاری دوور لە توندوتیژی و شۆڕش، لە ڕێگەی ڕیفۆرم و چاکسازییەوە بکرێت. لەوەش فراوانتر، خەسڵەتە گەورەکەی سیستەمی جیهانیی تازە لە هەموو شوێنەکاندا ڕیفۆرمە وەک چۆن شۆڕشی توندوتیژی و کودەتای خوێناوی خەسڵەتی سیستەمە کۆنەکەی جیهان بوو.

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکەڵەیەکی سەیر و ئاڵۆزن. لەلایەک کۆمەڵێک ناکۆکیی مێژوویییان لەناو دایە. لە لایەکی دیکەوە زنجیرەیەک پشێوی و ئاڵۆزیی هاوچەرخی تازە ئاگری بەرداوەتە پووشوپەڵاشی نێوانیان. لەولای دیکەوە ناکۆکی و پەرتەوازەیی و ناتەباییە جوگرافییەکانیان تێکەڵ بەناتەبایی ئاینی و سیاسی و ئابووری بووە. بۆیە لە هەر سووچێکەوە سەیریان بکەیت هەنگاوەکانی بەرەو پێش چوون و گونجانیان لەگەڵ دەورووپشت و جیهان زۆر زەحمەت و قورس و بەلەنگەلەنگ دێتە پێش چاو.

لەو ناوەندەدا، تورکیا هاوپەیمانێکی حلفی ناتۆی ئەمریکایە. هەر لە



سەردەمی کەمال ئەتاتورکەوە ئەم دەوڵەتە لە دایک بووەی ڕەحمی سوپا و ڕێچکە شۆفێنییەکەی عوسمانییان سیستەمی عیلمانییەتی هەڵبژاردووە بۆ دەوڵەتەکەی. ڕاستە عیلمانییەت سیستەمێکی کراوەی دوور لە غەیبیاتیی سیاسەتە. بەڵام سەیر ئەوەیە عیلمانییەتەکەی تورکیا هەتا بینە قاقای پڕە لە توندڕەوایەتی نەتەوەیی و گۆشەگیری و ڕەگەزپەرستایەتی. ڕاستە تورکیا بەپانتۆڵ و کاسکێتی سەر و سمێڵ تاشین ئەوروپاییە. بەڵام لە ناوەڕۆک و کرۆکدا ڕۆژهەڵاتییە. بۆیە هەر کاتێک ویستبێتی لەگەڵ ئەورووپا و ژیانی ڕۆژئاوا تێکەڵاو بێت ئەورووپییەکان لەبەر ناوەڕۆکەکەی باوەڕیان پێ نەکردووە. هەر کاتێکیش ویستبێتی بگەڕێتەوە باوەشی ڕۆژهەڵات لەبەر سێدارە ئەورووپییەکەی و سمێڵە تاشراوەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک، دیسان باوەڕیان پێ نەدەکردەوە؟ تورکیا لەم نێوانەدا لە هەردوو لا بێ بەش بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا هەتا ڕادەیەک زۆرتر، لە گۆڕانکارییەکان و مانای ڕووخانی سیستەمە دوو جەمسەرییەکەی جیهان تێگەیشت. لەو مانایانە تێگەیشت ئەگەرچی هێشتا دەماری کەمالیزم توندترین دەماری لەش و هەناوی تورکیا بوو.

بەپێچەوانەی ئەو دەوڵەتانە، تورکیا، یاخود وردتر سەرۆکی پێشووی تورکیا خوالێخۆشبوو تۆرگوت ئۆزال، هەوەڵین سەرۆک دەوڵەت بوو لە ناوچەکەدا بەگەرمی پێشوازی لە سیستەمی تازەی سیاسەتی جیهانی کرد. لەو بوارەدا کاتێک ڕاپەڕینی کوردی عێراق بەرپا بوو، ئۆزال یەکەم داواکاری ئەوە بوو کە بەشێک لە کوردستانی عێراق بخرێتە ژێر ڕعایەتی ئەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی لە دەستدرێژییەکانی سەدام بپارێزرێن. ڕاستە ناواخنی ئەو هەڵوێستەی ئۆزال پاراستنی تورکیا بوو لە لێشاوی کوردە کۆچکردووەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی لەم بوارەدا ئۆزال کردی هەنگاوێکی گەورە بوو لەناو سیاسەتە کوردییەکەی تورکیا.

دواتر ئۆزال ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دەقنووسی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش کە کورد بەسەرکەوتنێکی سیاسیی گەورەی دەزانن و دەڵێن یەکەم جارە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەقی بڕیارێکدا ئاماژە بەکورد بکات. هەر لەو سەردەمەش بوو ئۆزال پێشوازیی لە چەندین سیاسەتمداری کوردی عێراق کرد. هەروەها ڕێگەی دا بنکەی ئاسمانیی ئینجرلیک بۆ پاراستنی کورد لە دەستدرێژییەکانی سەدام حوسێن بەکار بێت. بەکورتی ئۆزال دیار بوو قەناعەتی ئەوەی پەیدا کردبوو کە سەردەمی تازەی جیهان خوازیاری دیدێکی سیاسیی تازەیە بەتایبەتی لە ڕوانگەی پێوەندیی نێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. دیارە هەر ئەو دیدەش، کە ڕەگەکانی بۆ تاقیکردنەوە بەربڵاوەکەی عوسمانییان دەگەڕایەوە، پاڵی بەئۆزالەوە نا بوو دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەتاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق بڵێ کە ئەنقەرە هیچ مەترسییەکی لەوە نییە کوردی عێراق بەمافەکانی خۆیان شاد بن و بەغدا بەشێوەیەکی سیاسی کێشەکەیان چارەسەر بکات. بگرە ئۆزال لە هەندێک دیدەنی تایبەتی خۆیدا سڵی لەوەش نەدەکردەوە سۆزی خۆی بۆ فیدرالیزمی کورد دەربڕێت.

ئەوەی ئۆزال دەیکرد دەربڕی تەواوی سیاسەتی ئەنقەرە نەبوو. بەڵکو زۆربەی ناوەندە سیاسی و سەربازییەکان دژی ئەو هەڵوێستەی سەرکۆمار بوون. هۆی دژایەتی کردنەکەیش ئەوە بوو کە تورکیا خۆی بەدەست کێشەی کوردی باکوورەوە دەیناڵاند. لەو ساڵانەدا (پێ کە کە) دەستی دابووە شەڕێکی قورس لە دژی دەوڵەتی تورک. دوای شکستییەکەی عێراق لە کوێت ئەو حزبە پێگەیەکی گەورەی لە کوردستانی عێراقدا بۆ خۆی کردبۆوە. تورکیا ترسی لێ نیشتبوو. بۆیە لە هاوینی ١٩٩٢ بەهاوکاری حزبە کوردییەکان سوپای تورکیا هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئەو پێگانەی (پێ کە کە) لە کوردستانی عێراق.

ڕاستە (پێ کە کە) گیروگرفتێکی گەورەی بۆ تورکیا دروست کرد بوو.



ڕاستە (پێ کە کە) خۆی حزبێکی ئایدیۆلۆژی و چاو بەستراو و توندڕەو بوو. زادەی ناکۆکییەکانی سەردەمی شەڕی ساردی ناوچەیی نێوان سووریا و تورکیا بوو. بەڵام کێشەی لەوە گەورەتر ئەوە بوو کە کەلتووری سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەوڵەتی تورک قبوڵی نەک هەر (پێ کە کە)، بەڵکو قبوڵی ئەوەیشی نەدەکرد کورد کەسایەتیی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی خۆی هەبێت چ لە تورکیا و چ لە دەرەوەی تورکیا. لە تەک ئەو هەڵوێستەی ئەوسای ئەنقەرە، ڕژێمی دیکە هەبوون لە ناوچەکەدا هەترەشیان لەو تەوژمە دیموکراسییە چوو بوو. ئەو ڕژێمانە زۆرتر مەترسییەکانی خۆیان لەژێر پەردەی ئەوەدا دەشاردەوە کە باڵا دەست بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕەنگە بەقازانجی ئیسرائیل بشکێتەوە لە دژی عەرەب.

زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەر و پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو جۆرە دەوڵەتی تێدایە: یەکەم - دەوڵەتی خاوەن مەودای مێژوویی و سنووری جوگرافی و شوناسنامەی نەتەوەیی وەک میسر و ئێران. دووەم _ دەوڵەتی تازەی ئەوتۆ کە نە سنوورێکی سروشتی، جوگرافی و مێژوویی خۆی هەیە و نە بونیادێکی بەهێزی دەوڵەت. بەڵکو تەنیا بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم دروستی کردوون. ڕەنگە عێراق و سووریا و سەعوودی و لوبنان و دەوڵەتانی کەنداو نموونەی بەرچاوی ئەو جۆرە دەوڵەتانە بن.

یەکەم دەوڵەت لە ناوچەکەدا هەتا ئەندازەیەکی دیاری کراو دەرگای لەبەردەم ڕەشەبای دیموکراسیدا کردەوە تورکیا بوو. بەڵام ئاشکرایە کە ئەو دەرگا کردنەوەیە زۆرتر بەدەستپێشخەریی ئۆزال بوو. ڕاستە تورکیا هەر لە سەردەمی ژەنەراڵ مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕێچکەیەکی دوو فاقیی گرتبووە بەر: نەتەوەپەرستییەکی توندڕەو کە کورد و ئەرمەن و نەتەوەی لاز لە پێشەوەی قوربانییەکانی بوون. ئنجا عیلمانییەتێکی توندڕەو کە ئیسلام و عیسایی و موسایی و تەریقەتە

سۆفییەکان لە پێشەوەی قوربانییەکانی بوون. هەروەها ڕاستە بەهۆی ئەو دوو فاقێتییە تورکیا هەر لە زەمانی ئەتاتۆرکەوە هەتا ئێستا نەیتوانیوە شوناسنامەیەکی ئەوروپی بۆ خۆی دروست بکات. لە هەمان کاتدا و هەر لە هەمان مەودای زەمەنیدا نەیتوانیوە شوناسنامە ڕۆژهەڵاتییە ناوەڕاستەکەی خۆی بپارێزێت. ئنجا ڕاستە، تورکیا بۆ ماوەیەکی درێژ چ لە مێژووە عوسمانییەکەی و چ لە مێژووە کەمالییەکەی دا نموونەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و دڕندە بووە بەتایبەتی لە بەرامبەر کورد دا. بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووەش ڕاستە تورکیا لە هەموو دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە زووتر هەستی بەتەوژمی جیهانیی تازە کرد و هەر زوو هەوڵی خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو جیهانە دا.

خۆشیمان بێت ترشیمان بێت، تورکیا تایبەتمەندییەکی دیاری هەیە لە مەسەلەی بەدیموکراسی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەر کوردیش ئەوە ڕاو بۆچوونی نەبێت ئەوا ئەمەریکا و تا ڕادەیەکیش ئەوروپا ئەمە ڕاو بۆچوونیەتی.

بەر لەو قسانە دەبێت چەند ڕاستییەک هەیە لەبەرچاوی بگرین: تورکیا یەک لە دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکەیە چ لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و چ لە ڕووی پانتایی ئەرزەکەی. تورکیا لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە لە ناوەندێکی زۆر گرینگە: لە لایەک قەفقاس و ڕووسیا و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست. لە لایەکی دیکە ئێران و عێراق و کوردستان. لە لای دیکەشەوە سووریا و دەریای ئیجەو دەریای سپی و دەریای ڕەش و دەردەنیل و پسفۆر. لەولاترەوە یۆنان و بولگاریا و ئەرمینیا و ئەوروپا.

لەم ناوەندەدا کێشە گەورەکەی تورکیا ئەوەیە نە لە ناوەخۆی گونجاو و هێمنە نە لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشتی. کێشەی گەورەی ئەنقەرە ئەوەیە کە چاوی بڕیوەتە ئەوروپا و وەکو پێویست بایەخ بەبارە ڕۆژهەڵاتییەکەی نادات. ئەمە سەرباری ئەو ڕاستیەی کە دیموکراسیی تورکیا هەتا ئێستاش



زۆرتر غەرقی شۆڤێنییەت و تاکڕەوێتی و کەمالیەتیی تۆرانییە. هەتا ئێستاش عەسکەرتارییەت ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیاسەتدا. هەتا ئێستاش کۆمەڵگای تورکی کەمتر قبوڵی جیاوازی دەکات و کەمتر گیانی لێبووردەیی و فرەخوازی تێدایە. ئەم دارشتە ئایدیۆلۆژییە وایکردووە ئەنقەرە نەک هەر وەک دەوڵەتێکی غەریب و نامۆ بەنیسبەت ئەوروپا بێتە پێش چاو، بەڵکو بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیش غەریب و نامۆ بێتە پێش چاو.

لە دەورانی شەڕی سارددا تورکیا ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە سیستەمی سیاسەتی جیهانیدا بەتایبەتی لەناو بازنەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری. بایەخی ئەنقەرە لەم بوارەدا لەبەر سێ هۆی سەرەکی بوو:

یەکەم- یەک لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهانی ئیسلامی بوو لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان و پانوپۆڕیی ڕووبەرەکەی و هێزی سەربازی. هەروەها گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی بوو ڕێچکەی عیلمانیەتی پەیڕەو دەکردو ئەمریکا و ڕۆژئاوا زۆر چاویان لەوە بوو ئەو وڵاتە بکەنە نموونە بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دیکە لە جیهاندا.

دووەم – تورکیا دۆست و هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و ئەندامی حلفی ناتۆ بوو. ئنجا لە ڕووی سەربازییشەوە، بەتایبەتی لە بواری سەرژمێریی سوپاکەی، خاوەن گەورەترین لەشکر بوو لەناو حلفەکەدا. ئەمەش لە ستراتیژی ڕۆژئاوادا سیفەتێکی گرینگە چونکە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا وەکو پێویست ڕەنگە نەتوانن سەربازەکانی خۆیان بەژمارەی زۆر بنێرن بۆ ئەرک و شەڕی ئێرە و ئەوێ.

سێیەم – لە لایەکەوە سنووری هاوبەشی هەبوو لەگەڵ یەکێتیی شوورەویی سۆسیالیست و بلۆکی ڕۆژهەڵات. هەروەها لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. ئنجا سنووری درێژیشی هەبوو لەگەڵ سێ لە دەوڵەتە

گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سووریا و عێراق و ئێران) کە عێراق هەتا پێش دوو ساڵ و ئەوانی دیکە هەتا ئێستاش ناویان لەسەر لیستی تیرۆر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تۆمار کراوە.

کاتێک بلۆکی شوورەوی ڕووخا هەندێک لە لێکۆڵەرەوان وایان لێک دایەوە کە ئیتر بەها ستراتیژییەکەی تورکیا لە لای ئەمریکا و هاوپەیمانانی کەم بۆتەوە. بەڵام ڕووداوەکانی دواتر دەریخست ئەم جۆرە بۆچوونە ڕاست نییە. تورکیا تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە شەڕی تیرۆر دا. هەروەها هەڵکەوتە جوگرافییەکەی وایکردووە کە لە دوو لاوە بایەخی هەبێت: یەک لە لای ئاسیای ناوەڕاست و مەودای ڕووسیا و قەفقاس و حەوزە نەوتییەکەی دەریای قەزوینا. ئەوی دی لە لای سووریا و ئێران و عێراق و کەنداو کە گۆڕەپانێکی گەورەی تیرۆر پێک دێنن هەر یەک بەشێوەیەک.

ئەمریکاییەکان ئەو بایەخانەی تورکیایان لەبەر چاوە. بۆیە هەوڵێکی بێ ئەندازە دەدەن ئەنقەرە بکەنە یەک لە بنکە گرینگەکانی بڵاو کردنەوەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەو ڕێبازەشدا، بەلایانەوە گرینگە تورکیا چاکسازییەکی ئابووری و سیاسی و یاسایی گەورە لە ناوەخۆیدا بکات. بۆ ئەم مەبەستە ئەوروپییەکان ڕۆڵی گەورە دەگێڕن. بگرە ئەو چاکسازییانەیان کردووە بەمەرجێکی گرینگی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا. ئەمریکا پێی چاکە بەپەلە تورکیا لەو یەکێتییەدا وەربگیرێت. ڕەنگە لەم بوارەدا فشاریش لە ئەوروپا بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا پێی چاکە تورکیاش بەسیستەمەکانی ناوەخۆیان بچنەوە و خۆیان لەگەڵ مەرجەکانی نووسراوی کۆپنهاگن بگونجێنن.

ئەوی ڕاستی بێت، دەوڵەتەکەی دیکەی ناوچەکە کە ڕەنگە وەک بنکە بەکار بێت بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی ئیسرائیلە بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان و فەلەستینییەکان گەیشتە ئاشتییەکی ئیجابی.



بەڵام وەک پێ دەچێت ئیسرائیل هەتا ماوەیەکی درێژی دیکەش نەتوانێت ئەم ڕۆڵەی خۆی بگێڕێت چونکە تا ئێستاش چەندین گیروگرفت وکێشەی گەورەی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیی ناوچەکە و فەلەستینییەکان هەیە. چارەسەری ئەو گیروگرفت و کێشانە ڕەنگە وا بەزوویی نەکرێت. بەڵام تورکیا دوای ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریا ساڵی ١٩٩٩، ئیتر هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی لەبەردەم دا نەما غەیری کێشەی قوبرس و یۆنان، سەرباری کێشە ناوخۆییەکانی و کێشەی پێوەندیی ناوچەییەکانی بەتایبەتی لەگەڵ کوردی کوردستانی عێراق.

لەو لاوە، تورکیا بەناو پرۆسەیەکی بەرچاوی کامڵکردنی تاقیکردنەوە دیموکراسییە دەستوورییەکەی تێدەپەڕێت. لەو لاوە، عیلمانییەتە توندوتیژەکەی تورکیاش جۆرە ئاسان بوونەوەیەکی تێ کەوتووە. ئێستا حزبێکی بەناوەڕۆک ئیسلامی کە حزبەکەی ڕەجەب تەیب ئەردوغانە لەسەر حوکمە. لەولای دیکەوە پێ دەچێت هەتا ئەندازەیەک دەسەڵاتی دەزگای سەربازی بەسەر دەزگای سیاسی کەم بووبێتەوە و حوکمڕانە سیاسییەکانی تورکیا ئێستا تا ڕادەیەک لە جاران سەربەستتر توانای بڕیاردانی سەربەخۆیان هەیە. لە لای سێیەمەوە تورکیا لە چەند بابەتێکدا بەفشاری یەکێتیی ئەوروپا خەریکی چاکسازییە. ئنجا لەگەڵ یۆنان و یۆنانییەکانی قوبرس خەریکی گفتوگۆی سیاسییە بۆچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان کە ساڵی ١٩٧٤ بەداگیرکردنی بەشی باکووری دوورگەی قوبرس لە لایەن سوپای تورکیاوە دەستی پێ کرد. لە بواری ناوخۆییشدا ئەنقەرە ئێستا بەفەرمی ڕێگەی داوە بەچەندین بنکە و سەنتەری ڕۆشنبیریی کوردی لە ئەستەمبول و دیاربەکر. زمانی کوردی وەک جاران قەدەغە نییە.

لە ڕووی یاساییەوە ئێستا کورد ئاشکراتر دەتوانن بایەخ بەتایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بدەن و پێ دەچێت تورک بەچاوێکی هێمنانەتر سەیری مافەکانی کورد بکات لە عێراقدا بەتایبەتی مەسەلەی فیدرالی.

ئەوە سەرباری ئەوەی ئێستا تورکیا لە ڕووی ئابووریشەوە خەریکی ڕیفۆرمە. زۆر لە گیروگرفتە دراوی و ئابوورییەکانی بەهاوکاریی ئەمریکا تا ڕادەیەک چارە کراون. هەر بەهەمان مەبەست ئێستا ئەنقەرە ڕۆڵێکی سیاسی دەگێڕێت لە مەسەلەی چارەسەرکردنی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل. پێش ماوەیەک دەنگ وا بوو وەک ناوبژیوان کەوتۆتە نێوان سووریا و ئەمریکا بەتایبەتی لە مەسەلەی هەڵوێستی دیمەشق لە عێراق.

ئەو هەموو هەنگاوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە تورکیا لە ناوەخۆیدا بەپرۆسەی تازەکردنەوەی دیموکراسییەکەیدا دەڕوات. ڕەنگە قورسایی لەو بوارەدا زۆر بێت بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەگەر توانی لەگەڵ کوردی باکوور و کوردی عێراق پێوەندی و هاوکارییەکی ڕێکوپێک دروست بکات و لە بەیەکەوەنانی عێراقی تازەدا ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و بنیاتنەرانە بگێڕێت. لەگەڵ ئەو هەمووانەش، هێشتا پرسیاری گەورە ئەوەیە: ئایا تورکیا دەتوانێت ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دامەزراندنی دیموکراسیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێت؟ زەحمەتە بەئاسانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە.

جگە لە تورکیا وڵاتی گرینگی دیکەش هەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جۆرە چاکسازی و ڕیفۆرمێکیان تێدایە ئەگەرچی بەئەندازەیەکی جیاواز. ئێران و سووریا دوو لەو دەوڵەتانەن کە هەم لە لایەکەوە ناکۆکیی گەورەیان لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا هەیە، هەم لەناو جەرگەیاندا جۆرە بزاڤێکی ڕیفۆرمسازی هەست پێ دەکرێت. هێشتا بەر لە چوونە ناو ئەو باسە دەبێت هەندێک ئاماژە بەخاڵە ناکۆک و هاوبەشەکانی ئەو دەوڵەتە بکرێت: ئێران و سووریا چەندین هێڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ یەکتری. لە هەمان کاتدا چەندین جیاوازیی بەرچاویشیان لە نێواندا هەیە. هەر دوو دەوڵەتەکە دوو دەوڵەتی گرینگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. حوکمڕانی کردنی هەر دوو لایان بەدەست شیعەوەیە: تاران شیعەی دوانزە ئیمامی و دیمەشق تایەفەی



نووسەیری کە یەک لە تایفەکانی شیعەی سەبعین. لەوانەش گرینگتر هەر دوو دەوڵەت لە بارودۆخی ئەمڕۆیاندا نوێنەری هەر دوو ئایدیۆلۆژیا گرینگەکەی ناوچەکەن: ئێران ئایدیۆلۆژیای ئاینی و سووریا ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی عەرەبی. ئنجا هێشتا گرینگتر هەردوو ڕژێمەکە پێوەندییەکی پشێو و ناخۆش و ئاڵۆزیان هەیە لەگەڵ ئەمریکا کە هەردوو لایان بەپشتگیریکردن و ڕیعایەتی تیرۆر لە قەڵەم دەدرێن. لەولای دیکە هەر دوو دەوڵەت بەدوژمنایەتیکردنی ئیسرائیل و تەگەرە خستنە بەر پرۆسەی ئاشتیی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بەناوبانگن.

بێ گومان لەتەک ئەو خاڵە هاوبەشانە کۆمەڵێک جیاوازییش لەو نێوانەدا هەیە. بۆ نموونە ئیران ئیسلامی و سووریا عیلمانییە. لە ئێران شیعە زۆرینەیە و سوننە کەمینە کەچی لە سووریا بەپێچەوانەوە. جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە بایەخە ئیستراتیژییەکەی سووریا لەوەدایە کە لە ڕووی جوگرافییەوە سنووری لەگەل ئیسرائیل هاوبەشە، کەچی ئەوەی ئێران لەوەدایە کە لە مەسەلەی سنووردا هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو کە بەهاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمریکا دەژمێردرێن لە ناوچەکەدا. ئاشکراشە کە ئیران یەک لە دەوڵەتە گەورەکانی بەرهەمهێنانی نەوتە کەچی سووریا هەر ئەوەندە نەوتەی هەیە کە بەشی خۆی دەکات.

ئەمریکا بەر لە ئازاد کردنی عێراق سێ دەوڵەتی بەتەوەری شەڕ لە قەڵەم دا بوو ( عێراق و ئێران و کۆریای باکوور). بەڵام دوو ساڵ پاش ئازاد کردنی عێراق گفتوگۆیەکی گەرمی لەگەڵ بیونگ یانگ دەست پێ کرد. دیار بوو مەبەستی واشنتۆن لە تەوەری شەڕ ئەو دەوڵەتانە بوو کە بەپێچەوانەی ویستی واشنتۆن و بەهۆی سروشتە تاکڕەوێتییەکان خاوەنی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و بایەلۆژی بوون. ئەمریکا لە ئەنجامدا کۆریای باکووری بەبێ دەنگی لە لیستەکە لابرد لەبەرئەوەی کۆریا خۆی بەتیرۆرەوە خەریک نەکردبوو. هەروەها دوای شەڕی ئازادکردن

عێراقیشی لادا. بەڵام سووریای خستە جێگەی عێراق و ئیتر تەوەری شەڕ سووریاشی گرتەوە و دیمەشق چووە پاڵ تاران لەو تەوەرەدا.

گەورەترین تەگەرە لەبەردەم گەشە کردنی دیموکراسی لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا تیرۆرە. ڕاستە ڕژێمە سیاسییەکانی ناوچەکە تەگەرە بوون و تا ئێستاش تەگەرەن. بەڵام تاوسەندنی تیرۆر لە دە ساڵی ڕابردوودا مەترسییەکی ئێجگار گەورەی بۆ سەر دوارۆژی دیموکراسیی ناوچەکە دروست کردووە.

جێگەی سەرنجە، تیرۆر مەترسییەکی جیهانییە و ئەمریکا خۆی بەپەرۆشی لەناوبردنی دەزانێت. لە مێژووی هاوچەرخدا تیرۆر دەستە کوشندەکەی خۆی لە زۆر ناوچە و شوێندا وەشاندووە. بەڵام لانکەی پەیدابوونی ئەو تیرۆرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە، واتە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان. ئەوی ڕاستی بێت هۆیە سەرەکییەکەی ئەوەی کە دیاردە ترسناکەکەی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا سەریهەڵداوە کەلتوورە دواکەوتووەکەی ئەو ناوچەیەیە هەرچەندە هەندێک کەس دیاردەکە بەئاین بەتایبەتی ئاینی ئیسلام دەبەستنەوە. ئەمریکا بەوپێیەی کە تاکە زلهێزی جیهانە خۆی بەبەرپرس دەزانێت لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی ئەو دیاردەیە.

ئەگەر لە گۆشەنیگایێکی مێژووییەوە سەیری هەردوو دەوڵەت بکەین دەبینین ئێران خاوەن قووڵاییەکی مێژوویییە لە ڕووی بونیادی دەوڵەتییەوە. بەڵام سووریا لەو مەیدانەدا بەدەوڵەتێکی تازە لە قەڵەم دەدرێت کە لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم لەسەر دەستی فەرەنسییەکان و بەریتانییەکان دروست بوو. ڕەنگە هەر ئەو حاڵەش هۆی ئەوە بێت کە ئێران لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شادا جۆرێک لە دیموکراتیی دەستووریی هەبوو، بەڵام سووریا بەردەوام لە دەست عەسکەردا بووە. یەک لە ئەنجامەکانی ئەو حاڵەتە ئەوەیە کە تا ئێستاش لە سەدا ١١ تا لە سەدا



٣٠ی خێزانەکانی ئەو وڵاتە لە ژێرەوەی هێڵی نەداریدا دەژین (الحیاة ژ: ١٥٤٤٦ شەممە ١٦ تەموز ٢٠٠٥). هەر بۆ زانیاری زیاتر لە سەدا ٦٠ ی ئەو ڕێژەیە لەناو خەڵکی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە، واتە ناوچە کوردییەکانی سووریا (الحیاة ژ: ١٥٤٣٩ شەممە ٩ی تەمووز). هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا کە لەلایەن ئەنجوومەنی قەڵاچۆکردنی بێ کاری لە سووریا دەرچووە ئاماژە بەوە کراوە کە ڕێژەی بێ کاری لە سووریا لە سەدا ١٦یە و لەناو ئەو ڕێژەیەشدا لە سەدا ٨٠ بێ کاری لەناو لاواندا دایە، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٨ ساڵ تا ٢٤ ساڵەیە. (هەمان سەرچاوە).

لێرەشدا جیاوازییەک هەست پێ دەکرێت. سووریا تا ئێستاش لە چنگ سوپا و دامودەزگای موخابەرات دایە ئەگەرچی لاوێکی شارستانی و نیوە دکتۆری وەک بەششار ئەلئەسەد سەرکۆماریەتی. بەڵام ئێران تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت، دوای سەرکوتکردنی کودەتاکەی دکتۆر (مصدق) ساڵی ١٩٥٣ و گەڕانەوەی شا بۆ تاران سوپا دەستی بەسەر حوکم داگرت. دوای ئەو ماوە کورتە حوکم گەڕایەوە دەست مەدەنییەکان ئەگەرچی شا هەتا ڕووخانیشی فەرماندەی باڵای هێزە سەربازییەکانی ئێران بوو. تەنانەت دوای ڕووخانی شاو گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی لە پاریسەوە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی هەر بەدەست مەدەنییەکانەوە بوو هەرچەندە پاسدار و بەسیج ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ژیانی سیاسیی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا.

ئەوی ڕاستی بێت، ڕژێمە سەربازییەکەی سووریا هەمیشە مەوداکانی زۆر تەسک کردۆتەوە لەبەردەم کرانەوەو ڕیفۆرم. بەڵام ئەو مەدەنیەتەی ئێران هەرچەندی مەلاو پیاوانی ئاین جڵەوی حوکمیان بەدەستەوە بووە، هێشتا هەر دەلاقەیەکی تێدا هەبووە بۆ هەڵبژاردن و ڕیفۆرم و چاکسازی. ئێستاش ئێرانییەکان هەر کاتێک بیانەوێ جیاوازیی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان نیشان بدەن زوو ئاماژە بۆ ئەو دەلاقە کراوەیەی خۆیان دەکەن.

بێ گومان ئەم قسانە بۆ ئەوە نییە بڵێین ئێران بەپەلەتر لە سووریا بەرەو ڕیفۆرم و چاکسازی هەنگاو هەڵدەهێنێت، چونکە هیچ کامێکیان وەک پێویست ئەو بەپەلە ڕۆیشتنەیان پێوە دیار نییە. بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە بگوترێت ئەو داخران و گیانی سەربازییەی دیمەشق ڕەنگە لە ئەنجامدا تووشی شەڕی بکات لەگەڵ ئەمریکا. بەڵام ئێران تا ئێستاش کەناڵی زۆری پاراستووە بۆ دیالۆگ و پێکهاتنی دیپلۆماسی لەگەڵ واشنتۆن بەهۆی دەمارە مەدەنییە شاراوەکەی.

کەنداو، کە عەرەب بەکەنداوی عەرەبی و تەواوی جیهانیش بەکەنداوی فارسی ناوی دەبەن، هەر لەگەڵ پەیدابوونی نەوت لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بایەخی لەناو سیاسەتی جیهانیدا پەیدا کرد. بەر لە نەوت، کەنداو وەک ڕێگەیەکی ستراتیژی بۆ بەریتانیا بایەخی هەبوو بەتایبەتی لە بواری بەستنەوەی ئەوروپا بەهیندستانەوە. بەڵام دوای ئەوەی هیندستان سەربەخۆیی وەدەست هێنا ئیتر ئەو ڕێگەیە بایەخێکی ئەوتۆی نەما تا پەیدابوونی نەوت لە ناوچەکەدا.

لەو ماوانەدا ناوچەکانی کەنداو میرنشینی تەواویش نەبوون. لە بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکی گەلێک خراپ دەژیان. بەڵام تاوسەندنی بەرەژوەندییە نەوتییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەو ناوچەیەدا، ئنجا کەڵەکەبوونی سەرمایەی نەوت لە دەست تیرە و سوڵتانە ناوچەییەکان، جۆرێک لە ئیستیقراری سیاسی و گەشەکردنی ئابووری هێنایە ناوچەکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دیار بوو ئەو ئیستیقرار و گەشەکردنە ئابوورییە نەیتوانی بوو باری کۆمەڵایەتی و دیدی سیاسی و ڕۆشنبیریی خەڵکانی ناوچەکە وەکو پێویست بگۆڕێت. هۆیە سەرەکییەکەی ئەم حاڵەش وا نەبێت تایبەتمەندیە ئاینییەکەی ئەو ناوچەیە بێت بەتایبەتی سەعوودی کە حەج و مەککەو مەدینەی موسوڵمانانی تێدایە، بەڵکو ئەوەش بوو کە بریتانیا و ئەمریکا زۆرتر خوازیاری ئەوە بوون دەوڵەت و



میرنشینەکان لەژێر چەتری هاوپەیمانێتی خۆیاندا بمێننەوە و نەهێڵن قاچی سۆفیەت بگاتە ئاوی کەنداو. بۆیە ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا نەیاندەویست هیچ جۆرە شڵۆقی و پشێوییەک بکەوێتە ناو دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتی چاوگە سەرەکییەکەی وزە و نەوت بۆ دەوڵەتە پیشەسازییەکان لەوێوە دەهات. ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت ئەگەر بزانین لە سەدا ٦٠ی پێداویستییەکانی دەوڵەتێکی پیشەسازیی وەکو یابان لە بواری وزە و نەوت لە دەوڵەتانی کەنداوەوە دێت.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان وایان لێ هاتبوو خۆیان بێ دەنگ دەکرد بەرامبەر هەموو ئەو داخرانە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کۆمەڵگاکانی کەنداو هەیانبوو. تەنانەت تا داگیرکردنی کوێت هیچ سەربازێکی غەیرە موسوڵمان قاچی نەنابووە سەر خاکی سەعوودی لە سەردەمی لۆرانسی عەرەبەوە. بگرە وەهابییەکان کە فەرمانڕەوایانی ئێستای سەعوودین بەڕێنمایی ئاینی هاتنی سەربازی غەیرە موسوڵمانیان بۆ سەر خاکی خۆیان بەناشایەستە دەزانی. دواتر کە ناچار بوون هێزی ئەمریکی و هی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان بێننە ناو سەعوودی، مەلیک فەهد بڕیارێکی زۆر زەحمەت و دەگمەنی دا کاتێک بانگی هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی کرد بۆ ناو سەعوودی. تەنانەت ئوسامە بن لادن لەو سەردەمەدا لە سەعوودی بوو پاش گەڕانەوەی لە ئەفغانستان، زۆر بێزار بوو لەو بڕیارەی مەلیک فەهد. هەر ئەوەش بوو وای کرد پاش ماوەیەک ڕێکخراوێکی نهێنی بۆ دوژمنایەتیکردنی جوولەکە و مەسیحییەکان دروست بکات. ئەم ڕێکخراوە یەکەم هەوێنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوو.

بەکورتی ناوچەی کەنداو نزیکەی دوو ساڵە کەوتۆتە ژێر فشارێکی زۆری ئەمریکا بۆ ئەوەی هەنگاوی هەست پێکراو بهاوێژێت بەرەو دیموکراسی. ئەمریکا پێی وایە ئەگەر سەعوودی لەم بوارەدا کەمێک

بجولێتەوە ڕەنگە دەوڵەتە عەرەبییەکان وا هەست بکەن ئیتر هیچ ئیحراجێکیان لەبەردەم نەماوە بۆ دەرگا کردنەوە لەسەر چاکسازی لە وڵاتەکانیاندا. بەڵام کێشەی ئەمریکییەکان ئەوەیە کە ڕیازیش ناتوانێت بەو پەلە پەلییەی ئەوان ملی ڕێگەی چاکسازی بگرێت. کەچی ئەمریکاییەکان لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی سەعوودی بەهاوپەیمانێکی گرینگی خۆیان دەزانن لە ناوچەکە چ بەهۆی نەوت و چ بەهۆی هەڵکەوتە ئاینییەکەی و چ بەهۆی قورسایی ئەو دەوڵەتە لەناو جیهانی عەرەبیدا، دەشزانن بەبێ چاکسازی و ڕیفۆرم لە سەعوودی و میسر ڕەنگە کردنەوەی گرێ کوێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی زۆر سەخت و ئاڵۆز بێت. بۆیە بەم دواییە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆندۆلیزا ڕایس گەشتێکی تایبەتی بەناوچەکەدا کرد و لە هەردوو ئەم دوو وڵاتەدا ڕاوەستاو قسەی کرد. لە قسەکانیدا بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی ڕاشکاو، هانی فەرمانڕەوایانی سەعوودی و میسری دا بۆ کرانەوەی زۆرتر و چاکسازیی دیموکراسی.

تا ئێستا پێ ناچێت ئەو دوو دەوڵەتە تەواوی بانگەکەی ئەمریکا قبوڵ بکەن. ڕاستە تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژایەتیی هەڵوێستەکەی واشنتۆنیان نەکردووە. بەڵام لە کار و کردەوەکانیان ڕا دیارە ئامادەی جێبەجێکردنی ڕاسپارەکانی ئەمریکا نەبن. حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر بەم دواییە، بگرە دوای سەردانەکەی کۆندۆلیزا ڕایس بۆ قاهیرە ڕایگەیاند کە بۆ جاری پێنجەم خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی هەڵدەبژێرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستا موبارەک جێگرێکی بۆ خۆی دەست نیشان نەکردووەو بەهیچ شێوەیەکیش گوێ لە داواکارییەکانی بزووتنەوەی (کفایە)ی ئۆپۆزیسیۆن ناگرێت. هەروەها لە سەعوودیش لەگەڵ ئەوەی فەهد پادشا فەوتی کرد و میر عەبدوڵڵای برای جێگەی گرتەوە، تا ئێستا هیچ بەرنامەیەکی ڕوون و ڕاستەقینە بۆ کرانەوە و ڕیفۆرم لەو وڵاتەدا دانەنراوە.



لەگەڵ ئەوانەش چ میسر و چ سەعوودی پرۆسەیەکی گەرمی تازەگەرێتی و کرانەوە لە هەناوی کۆمەڵگاکانیاندا بەڕێوە دەبەن. ئەمریکا پێی چاکە ئەو ڕیفۆرم و بەرەو دیموکراسی چوونەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی هێمن و سیاسی بێت. ئێستا میسر ڕۆڵێکی گرینگ لە بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل دەگێڕێت. هەروەها قاهیرە دەورێکی سەرەکی هەیە لە یارمەتیدانی مەحموود عەبباس ـ ی فەلەستینی و هێور کردنەوەی بزووتنەوە توندخوازەکانی وەکو جیهاد و حەماس. لە ڕووی ئابووریشەوە میسر هاوکارییەکی بەرچاو لەگەڵ دەوروپشتی خۆی دەکات بەتایبەتی لەگەڵ سوودان و لیبیا و جەزائیر. لە هەمان کاتدا زۆرتر باوەڕ بەو ڕاستییە دەهێنێ کە ڕۆڵی گرینگی قاهیرە لە هێور کردنەوەی سیاسەتی عەرەبی و گەشەپێدانی هاوکاریی ئیجابی و بووژانەوەی ئابووری ناوچەکە دایە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە میسر ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ ناردنی سوپا بۆ پاراستنی سنووری ئیسرائیل و هەرێمی غەزە. ئەمەش بێ گومان هەنگاوێکە لە بواری گۆڕانی میسر و ناوچەکە لە سەردەمی عەقلیەتی جەمال عەبدولناسرەوە بۆ سەردەمی میسرێکی کراوە و مۆدێرن.

لە تەک میسر، سەعوودیش هەڵبژاردنێکی نیمچە سەرکەوتووی شارەوانیی پایتەختی ئەنجام دا و وا چاوەڕوان دەکرێت لە شارەکانی دیکەشدا ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت. هەروەها لە ڕووی بازرگانی و ئابووریشەوە وڵاتەکە خەریکی چاکسازییە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ مەرجەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی. لەولاوە کوێت بەم دواییە دانی بەمافی ئافرەت نا بۆ کارکردن لە بواری سیاسیدا. هەروەها بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو میرنشینەدا پۆستێکی وەزارەت درایە ئافرەت.

سەرباری ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە، لوبنان بۆ یەکەم جار، پارساڵ هەڵبژاردنێکی ئازادی بەخۆیەوە دی دوای کشانەوەی سوپای سووری لەو

ولاتە. تورکیا لەسەر زاری ڕەجەب تەیب ئۆردوگان بانگەوازی ئەوەی هەڵدا کە ولاتەکەی بەردەوام هەڵەیەکی گەورەی کردووە بەوەی بەچاوی جیددیەت سەیری کێشەی کوردی نەکردووە. لەولای دیکەوە مەحموود عەبباس بەزمانێکی زۆر جیاواز لە زمانی عەرەفات هەڵوێستێکی نەرمونیانی بەرامبەر بەکشانەوە و چۆڵکردنی هەرێمی غەزە لە لایەن ئیسرائیلەوە نواند.

لە هەموو ئەو نموونانە گرینگتر نموونەی عێراقە. تا پێش ڕووخانی سەدام حوسێن هیچ ئاسۆیەکی ئەوتۆ لەبەردەم چارەسەربوونی سیاسییانەی کێشەی کورد لە عێراق نەبوو. ڕاستە بەشێکی گەورە لە کوردستانی خواروو لە دەسەلاتی ڕژێمی فەرمانڕەوا چوو بووە دەرەوە. کورد توانیبووی بنیاتێکی دیموکراسی و ژیانێکی ئابووری و ڕۆشنبیری بۆ خۆی دابمەزرێنێت. بەلام بەهۆی کێشەی عێراق و بەردەوام بوونی ڕژێمە سیاسییە کۆنەکەی ئەو ولاتە، مەسەلەی کوردیش بێ ئاسۆ، بێ چارەسەر مابۆوە. تا ئەوە بوو ڕژێمەکە ڕووخاو بەهەموو لایەک دەست کرا بەدامەزراندنی عێراقێکی تازە. ئەو ڕووخاندنە وەک پێشتریش باسمان کرد خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی گەورە بوو. بەلام دواتر کە باس هاتە سەر باسی یەکلاکردنەوەی گرفتە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی عێراق دەرکەوت کە بەڕاستی گۆڕانێکی گەورە لەناو بیری سیاسی لە عێراقیشدا ڕووی داوە.

ڕاستە تا ئێستا ئەو کەشوهەوایە لە ئارادا نییە کە هەموو مافەکانی کورد بەو پەڕی ئازادی و ڕێزگرتن لە خواستەکانی کورد خۆی جێبەجێ بکرێت. ڕاستە تا ئێستا ئایدیۆلۆژیای عەرەبنیزم و ئاینگەرێتی لە عێراقدا هێزێکی گەورەی هەیە. بەلام لەگەڵ ئەو هەموانەش دەبینین ئەمڕۆ کوردێک سەرکۆمارەو کوردستان سەرۆک هەرێمی خۆی هەیە و هێزە سیاسییەکانی عێراق ئەگەرچی بەناخۆشی و فشار و پاڵەپەستۆش بێت



ڕازین بەفیدرالی بۆ کوردستان. هەروەها ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێکی دیکە زیاتر کەرکووک نزیکترە لە نەخشەی ئیداریی کوردستان و ئەگەری ئەوە لە گۆڕی دایە کە زۆر نەبات و بەیەکجارەکی ئەو کێشەیە بەبەرژەوەندیی کورد کۆتایی پێ بێت.

ئەمڕۆ لە عێراقدا کورد فاکتەرێکی زۆر گرینگە. ئەو ڕاستییەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دیموکراسی و گۆڕان و تازەگەرێتی لە عێراقدا فاکتەرێکی گەورەیە. بگرە ئەو فاکتەرە، چ هی کورد و چ هی عێراق، وای لێ هاتووە کارێکی ڕاستەوخۆ لە بزاڤی دیموکراسی لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بکات. ئەمەش وەک مەعلوومە بەشێکی گرینگی ئامانجەکانی ئەمریکا بوو نەک تەنیا لەو شەڕەی بۆ ئازاد کردنی عێراق کردی، بەڵکو لەو پرۆسە گەورەیەی بۆ بەدیموکراسەکردنی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەستی پێ کرد بوو. بەلام تەشەنەکردنی تیرۆر و خۆدزینەوەی هاوپەیمانە ناوچەییەکانی و قورسایی کەلتووری سیاسییە دواکەوتووەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دوای خستبوو.

# فەلەستینییەکان و ئیسرائیل، کورد و ناوچەکە

دەیان خاڵی هاوبەش و دەیانی دیکەی جیاواز هەیە لە نێوان کێشەی کورد و کێشەی فەلەستینییەکان. بەڵام لەم نووسینەدا ڕەنگە شوێنی ئەوە نەبێتەوە باس لەو هاوبەشی و جیاوازییانە بکرێت. لێرەدا زۆرتر لەو ڕاستییە دەدوێین کە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لە دوا ئەنجامدا ڕێگەیەکی فراوان و تەخت لە بەردەم بەدیموکراسەکردنی تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە. ئەم حاڵەتەش خۆی لە خۆیدا دەرگاکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و زۆر لە کێشە سیاسییەکانی ناوچەکە لەسەر بنەمای سیاسی و دیموکراسی. مەبەستم لێرەدا بەپلەی یەکەم کێشەی کوردە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان غەیری کوردستانی عێراق، چونکە لەو پارچە کوردستانەی عێراق هەنگاوی گەلێک گەورە هاوێژراوە بەرەو چارەسەربوونی کێشەکە لەسەر بنەمای فیدرالی و ڕێزگرتنی تایبەتمەندێتی کوردستان.

لە ڕاستیدا، پێ ناچێت ئەم ڕووگە گشتیگیرەی ڕووداوەکان هیچ لەو ڕاستییە بگۆڕێت کە ئەمریکای سەردەمی جۆرج دەبلیو بووش زۆر بەتەنگ ئەوەوە نییە چاوەڕێی چارەسەربوونی کێشەی فەلەستینییەکان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. پێش ماوەیەک، هەر لەم ساڵەدا، بووش بەئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند کە مەسەلەی سەرەکی لە ناوچەکەدا بۆ ئەو عێراقە. ڕوونیشی کردەوە کە هۆی سەرەکێتیی مەسەلەی عێراق لەوەدایە کە شەڕ لە عێراق و شەڕی تیرۆر لە کرۆکدا یەک شەڕن.

هەر لەناو ئەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین بڵێین هەتا سەردەم سەردەمی کلینتۆن بوو کێشەی فەلەستینییەکان و عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل گەورەترین کێشەی سیاسیی ناوچەکە بوو. ڕاستە کێشە سیاسییەکەی



کورد چ بڕ لەوەی فەلەستینییەکان کەمتر نەبوو چ لە ڕووی قەوارەو چ لە ڕووی ناوەڕۆک و عەدالەتەوە. بەڵام بەدرێژایی پێنج سەدەی ڕابردوو نە ئەمریکا و نە هیچ دەوڵەت و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وا ڕەفتاریان بەرامبەر بەکورد نەکردووە کە کێشەکەی ئەوەندەی فەلەستینییەکان گرینگە. بێ گومان هۆی سەرەکیش لەم بوارەدا ئەوە بووە کە فەلەستینییەکان بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبییان بەدواوە بووە کە هەندێکیان دەوڵەتی نەوتین و هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوان.

زۆر جار وا دەهاتە پێش چاو کە سەرۆکی پێشوو کلینتۆن هەموو سەرەداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگیروگرفتی عێراقیشەوە، ببەستێتەوە بەچارەسەرکردنی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل. کلینتۆن کات و هیلاکییەکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کرد بوو، لەگەڵ ئەوەش عەرەب بەگشتی پێی وا بووە حزبی دیموکراتی ئەمریکی پێگەی دەسەڵاتی ئیسرائیلە لە ئەمریکادا. بەڵام کلینتۆن، بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە عەرەبییە، تا دوا ڕۆژی حوکمرانییەکەی خۆی لە کۆشکی سپی، تا بینەقاقای غەرقی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بوو بۆ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان. چەندین جار بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، لەگەڵ هەر دوو سەرەک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل ئیسحاق ڕابین و ئیهۆدا باراک و سەرکردەی پێشووی سوڵتەی فەلەستینی یاسر عەرەفات کۆبووەوەو خەریکی دۆزینەوەی ئەو چارەیە بوو. بگرە چەندین جار بانگی کۆشکی سپی کردن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەیەکتریان بگەیەنێت.

دواتر کە دیموکراتەکان لە هەڵبژاردن دۆڕاندیان و پاڵێوراوی کۆمارییەکان، جۆرج دەبلیو بووش، هاتە کۆشکی سپی، وەزعەکە لەبنەڕەتەوە گۆڕا. یەک لە گۆڕانە گەورەکان لەم بوارەدا ئەوە بوو کە ئیتر بووش نە یاسر عەرەفات و نە هیچ بەرپرسێکی دیکەی فەلەستینی بانگی ئەمریکا نەکرد. لەوەش بەولاتر، وەها دەهاتە پێش چاو سەرۆکی ئەمریکا

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپێچەوانەی کلینتۆن، چاوەڕێی چارەسەربوونی کێشەی ئیسرائیل و عەرەب نەکات. دەوڵەتە عەرەبییەکان و فەلەستینییەکان ئەو هەڵوێستەی بووشیان زۆر لە دڵ گران بوو. بەڵام هیچ چارەیەکیان بەدەستەوە نەما بوو غەیری دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەئاشکرا و پشتیوانیکردنی بەنهێنی. ئەوی تێبینی بێت ئەم ڕەفتارە دووفاقییەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەتایبەتی ڕەفتاری میسر و ئوردون و سعوودی و دەوڵەتانی کەنداو نەک هەر مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکانی گرتەوە، بگرە دواتر لە بەرامبەر مەسەلەی عێراقیشدا هەستی پێ دەکرا.

ئەمریکا ڕاستی دەکرد لەوەی کە کێشە سیاسییەکانی ناوچەکەی بەچارەسەرکردنی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل دەبەستەوە. لە هەمان کاتدا ڕاستی دەکرد کە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن-ی بەسەنتەری گیروگرفتەکانی ناوچەکە دەزانی. بەنیسبەت حاڵەتی یەکەم، هەرچۆنێک بڕوانیتە مەسەلەی فەلەستینییەکان بۆت ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلەی میللەتێکی زوڵم لێ کراوە ئەگەرچی لە بن باڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا ئەم مەسەلەیە قەوارەیەکی گەورەتری لە قەوارەی خۆی پێ دراوەو دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرژەوەندیی سیاسی خۆیان لەژێر باڵی ئەو مەسەلەیەدا شاردۆتەوە. لەوەش گرینگتر ڕێچکەی توندوتیژی و سەربازی لەناو سیاسەتی عەرەبدا ئەو کێشەیەی کردووە بەبەربەستی هەر گۆڕانکارییەکی دیموکراسی لەناو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا. ئەم دەوڵەتانە، کاتێک باس دێتە سەر باسی بووژانەوەی ئابووری لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا، یەکسەر ناکۆکی و ئەگەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دەکەنە بەهانە بۆ ڕێگە گرتن لەو بووژانەوەیە. کاتێک باسی ئازادی و دیموکراسی و فرەحزبی و داماڵینی بەدلەی سەربازی لە ڕژێمەکان دەکرێت هەمان بەهانە دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی ڕژێمەکان. کاتێک ئەو ڕژێمانە



دەیانەوێ میللەتەکانی خۆیان کوشت و بڕ بکەن یان پەلکێشی شەڕ و ناکۆکییەکیان بکەن، ئەوا زوو ڕوو لە بەهانەی مەسەلەی فەلەستین دەکەن. ڕەنگە شەڕی عێراق لە دژی ئێران لە سالآنی ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٨ نموونەیەکی باش بێت لەم مەیدانەدا: عێراق درێژەی بەشەڕی ئێران دەدا لەژێر دروشمی (ڕێگەی قودس بەتاران تێدەپەڕێت). ئەمە لە کاتێکدا ئێرانیش درێژەی بەشەڕەکە دەدا لەژێر دروشمی (ڕێگەی قودس بەکەربەلا تێدەپەڕێت).

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی سیاسی عادیلانە هەم ئەم بڕوبیانووە لە ڕژێمەکانی ناوچەکە دەبڕێت، هەم توخمێکی گەورەی ناکۆکی و شەڕ لە ناوچەکە ڕیشەکێش دەکات، هەم دیموکراسی و بزووتنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی تاوێکی تازە دەستێنن. لە ڕاستیدا ڕژێمەکان ئەو ڕاستییە دەزانن، بۆیە نە خۆیان بەرەو ئاشتییەکی ڕاستەقینە دەچن و نەدەهێڵن فەلەستینییەکان بەو ئاشتی و ئیستیقرارە بگەن. جا ئەگەر بەچاوێکی بێلایەنانە سەیری ڕووداوەکانی ئەو بوارە بکەین دەبینین بەشێکی گرینگی کێشە عەرەبییەکان چ لەگەڵ ئەمریکا و چ لەگەڵ ئەوروپا و چ لەگەڵ دەوڵەت و میللەتانی دەوروپشت، بگرە چ لە ناوەخۆیان، پێوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە.

سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کلینتۆن هەتا دوارۆژی فەرمانڕەوایەتی هەوڵی دا بەئاشتی کێشەکە چارەسەر بکات. بەڵام کاتێک بووش هات و دەستی لە سیاسەتەکەی کلینتۆن هەڵگرت و ڕووی لە سیاسەتێکی تازە کرد ئەویش هاندانی دروستبوونی سەرکردایەتییەکی تازە بوو لەناو فەلەستینییەکان غەیری یاسر عەرەفات، کە لە کێشە و تەنگەژە بەولاوە هیچی ئەوتۆی نە بۆ فەلەستینییەکان و نە بۆ پرۆسەی ئاشتی نەکرد. لەو سەردەمەدا سەیری سیاسەتی ئەمریکات بکردایە وەهات دەهاتە پێش چاو کە ئیتر واشنتۆن وازی لە فەلەستینییەکان هێناوە و تیرۆر و عێراق و

چەکی کۆمەڵکوژی کردووە بەسیاسەتە سەرەکییەکەی خۆی لە ئاستی دەرەوەدا. بەڵام ڕاستییەکەی بووش هەر بایەخی بەکێشەی فەلەستین دەدا و هەر پێی وابوو بەبێ چارەسەری ئەو کێشەیە زەحمەتە دیموکراسی لە ناوچەکەدا بچەسپێت. بەڵام ئەوەی بووشی لە کلینتۆن جیا دەکردەوە ئەوە بوو بووش نەیدەویست عەرەفات لە سەرکردایەتیی فەلەستینییەکان بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر بشمێنێتەوە ئەوە نابێت هەموو دەسەڵاتەکانی بەدەستەوە بێت بەتایبەتی لە بواری ئاسایش و داراییدا.

لەو بەرامبەرەدا ئەمریکا هانێکی زۆری مەحموود عەباسی سەرۆکی ئێستای سوڵتەی فەلەستینی دەدا کە لە تەک عەرەفات دەسەڵاتێکی گرینگی لە دەستدا بێت. بەڵام عەرەفات کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتی ئەستوور بوو نەک هەر بەبزووتنەوەی فەتح بەڵکو بەچەندین ڕێکخراوی نهێنی و ئاشکرای وەک جیهاد و حەماس و شەهیدانی ئەقصاو سریەکانی قودس، نەیدەهێشت عەباس توانستی هیچ جۆرە جولانەوە و دەسەڵات پەیداکردنێکیشی هەبێت. عەرەفات، کە هەر دوو ناوەندی ئاینی و نەتەوەیی عەرەب پشتیان دەگرت، سەرباری زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتە عەرەبییەکان و جامیعەی عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، پێی وا بوو بەردەوام بوونی چالاکییە تیرۆریستییەکانی ئەم ڕێکخراوانە کارتێکی فشاری دەنێتە دەست لە بەرامبەر ئیسرائیل. بۆیە لەو کاتەی دەستێکی ئاشتیی بۆ تەلئەبیب درێژ دەکرد دەستەکەی دیکەی دەخستە ناو دەستی ئەو ڕێکخراوانە. ئەمەش زۆرتر هەم ئیسرائیلییەکان و هەم ئەمریکاییەکانی دەهری دەکرد و هەم پرۆسەی ئاشتیشی تووشی کەندوکۆسپی زۆرتر دەکرد.

کێشەی شەڕ و ئاشتی لە نێوان عەرەب و فەلەستینییەکان لە لایەک و ئیسرائیل لە لایەکی دیکە بەهەر بار و حاڵێک دەشکایەوە کارێکی زۆری لە هەلومەرجەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، بەتایبەتی



دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان. لە لایەکەوە ئەو تیرۆرەی لەناو فەلەستینییەکاندا تاوی دەسەند قوتابخانەیەکی ڕووحی بۆ تیرۆریستان لە تەواوی جیهاندا دامەزراندبوو هەر چەندە فەلەستینییەکان ڕێگەیان نەدەدا تیرۆریستانی جیهانی لە ناوچەکانیاندا داڵدە بدرێن. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب لە وڵاتە عەرەبییەکاندا گوناهی ئیسرائیلیان بەگوناهی ئەمریکا دەزانی و ڕق و کینەیەکی زۆریان لە ئەمریکا هەڵدەگرت و لەو ڕێگەیەشەوە ئەو ڕق و کینەیەیان لە ئەمریکا بەڕژێمەکانی خۆیان دەڕشت کە بەهاوپەیمانانی واشنتۆن لە قەڵەمیان دەدان. لە ئەنجامیشدا ڕژێمەکان لە لایەک دەمارە توندڕەوییەکەی خۆیان گرژتر دەکرد و لە هەمان کاتدا هەرچی بەرنامە و پرۆگرامێک بۆ چاکسازی و گەشەپێدانی ئابووری باسیان لێ کرد بوو ڕایاندەگرت و هەموو دەرگە و دەلاقە و پەنجەرەیەکیشیان لە ڕووی دیموکراسی و بووژانەوەی سیاسی دادەخست.

ئەوی ڕاستی بێت لە دوای شەڕی ئازادکردنی عێراق جورج بووش بەشێوەیەکی ڕوونتر دیدی خۆی بەرامبەر بەکێشەی فەلەستینییەکان ڕوون کردەوە. لە چەندین بۆنەو وتاردا دووپاتی هەڵوێستی خۆی کردەوە کە لەگەڵ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی تەبای ئیسرائیلی و فەلەستینییە. بەڵام دیار بوو ئەو دەرفەتەی بۆ نەدەخوڵقا دیدەکەی خۆی لەسەر ئەرز پراکتیزە پێ بکات. لەم پێناوەدا نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپای بەگەڕ خست. لیژنەیەکی چوارقۆڵی لەگەڵ هەر دوو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە و ڕووسیا دامەزراند و ئەم لیژنەیە نەخشەیەکی ڕێگەی دارِشت بەمەبەستی زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. بەڵام هیچی ئەوتۆی پێ پراکتیزە نەکرا تا کوژرانی هەندێک لە سەرانی حەماس و فەوتی یاسر عەرەفات.

لەو بەرامبەرەدا دەوڵەتانی دەورووپشت، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی زەرەریان لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی فەلەستینییەکان دەکرد، کەوتنە تەگەرە خستنە بەردەم پرۆسەی ئاشتی. لە لایەکەوە هانی حەماس و

جیهادیان دەدا بۆ بەرنگاربوونەوەی پرۆسەی ئاشتی. لە لایەکی دیکەشەوە، دەوڵەتێکی وەکو سووریا فشاری دەخستە سەر عەرەفات کە پەلە نەکات لە بەرقەراربوونی ئاشتی و چارەسەری کێشەکانی فەلەستین و ئیسرائیل بەئومێدی ئەوەی کە کێشەی سووریاش بەکێشەکانی فەلەستین شەتەک بدرێن. لە لای سێیەمیشەوە، دیمەشق تەگەرەی گەورەی بۆ ئیسرائیلییەکان دروست دەکرد لە خوارووی لوبنان لە رێگەی هاندان و یارمەتیدانی حزبوڵڵای لوبنانی. لە هەمان کاتدا هاوپەیمانێتییەکی دوو قۆڵی دروست کرد بوو لەگەڵ تاران بۆ بەربەرەکانێ کردنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل.

دیار بوو ئەمریکا، بەتایبەتی دوای سەرنەگرتنی هەوڵەکانی بیل کلینتۆن، وای هەست دەکرد ناوەندە سەرەکییەکەی پشێوی لە ناوچەکەدا ڕژێمی پێشووی عێراقە. ئەو هەستەی واشنتۆن زۆر قووڵ بووەوە کاتێک سووریا و چەندین دەوڵەتی عەرەبی کەوتنە مامەڵەکردنی ئابووری لەگەڵ بەغدا. تەنانەت ئیشەکەیان گەیاندە ئەوەی رێککەوتننامەی هاوکاریی ئابووری لەگەڵ ئیمزا بکەن. ئەم رێککەوتننانە و هاوکارییە ژێرەکییەکانی سووریا لەگەڵ ڕژێمی پێشوو چارەنووسی سیستەمی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر عێراقی خستبووە بەردەم مەترسیی هەڵوەشانەوە.

هەر لە چوارچێوەی فەلەستینی عێراقی دا دەبێت ئاماژە بۆ ئەو هەڵوێستەی سەدام حوسێن بکرێت لە بەرامبەر هێرشە خۆکوژییەکانی فەلەستینییان بۆ سەر سەر و سامان و ژیانی مەدەنییان لە ئیسرائیل. لەو هەڵوێستەدا بەغدا ٢٥ هەزار دۆلاری دەدا بەخاوخێزانی هەر فەلەستینییەک ئەگەر هێرشێکی خۆکوژی بکردایە سەر ئیسرائیل. ئەمەش بەبۆچوونی ئەمریکاییەکان لە هاندانی تیرۆر بەولاوە هیچی دیکە نەبوو.

لەو نێوانەدا، ئەمریکا زۆر بەگەرمی بۆ ئەلتەرنەتیڤێکی فەلەستینی دەگەڕا کە جێگەی عەرەفات بگرێتەوە. لەناو کۆمەڵگای سیاسی و



ڕۆشنبیریی فەلەستینیدا دەیان بنکەی ئەوتۆ دروست بوو بوون کە دژی تیرۆر و لەگەڵ گفتوگۆی ئاشتیانە بوون لەگەڵ ئیسرائیل. بەڵام کێشەی ئەو بنکەو ناوەندانە لەوەدا بوو کە توانستی ڕووبەڕووبوونەوەی عەرەفاتیان نەبوو. تەنانەت مەحموود عەباس کە سەردەمێک پۆستی سەرەک وەزیرانی پێ سپێردرا بوو، بەهۆی بێ توانایی لە بەرامبەر عەرەفاتدا، خۆی لە بواری کاری سیاسی کێشابووەوەو خەریک بوو ئیستیقالەی لە بزووتنەوەی فەتحیش دەدا. لە ڕاستیدا ئەو هێزەی عەرەفات هەیبوو لە دوو شتەوە پەیدا بوو بوو: یەکەم، سەرۆکی هەڵبژێردراوی فەلەستینییەکان بوو. دووەم، هەرچی دامودەزگای ئاسایش و ئیستیخبارات هەبوو، ئنجا هەرچی سەرچاوەی دارایی هەبوو لە دەستی خۆی کۆکردبۆوە. بۆیە نەک تەنیا ئیسرائیلییەکان، بەڵکو ئەمریکاییەکانیش، وایان لێ هاتبوو، هیچیان پێ نەدەکراو بەناچاری چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی کتوپڕ بوون.

لە هەمان ئەو کاتەی وێنەکە تا دەهات لەناو فەلەستینییەکان شێواوتر دەبوو، بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەتایبەتی هی دەوڵەتە عەرەبییەکان تا دەهات خراپتر و ئاڵۆزکاوتر دەبوو. لە لایەکەوە گیروگرفتی ئابووری و بژێوی خەڵکانی ناوچەکە ساڵ بەساڵ بەرەو دواوە دەکشایەوە. لە لای دووەمەوە تیرۆر تەنگی بەجەزائیر و میسر و لوبنان و سعوودی هەڵچنیبوو. خۆپیشاندانی قوتابیان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی سیاسی لە میسر تا دەهات بەهێزتر دەبوو. ئوردون بێ ئەندازە لە تەنگەژەدا دەژیا بەتایبەتی بەهۆی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئیسلامی و زیادکردنی ناڕەزایی ئوردونییە بەڕەچەڵەک فەلەستینییەکان. هەروەها بەهۆی هەڵکەوتە جیۆسیاسییە سەخت و زەحمەتەکەی:

ئوردون لە چوار لاوە، بگرە لە پێنج لاوە فشاری بۆ دەهێنرا: لە سووریاوە، لە عێراقەوە، لە فەلەستینییەکانەوە، لە ئێرانەوە، دواییش لە سعوودییەوە کە لە داگیرکردنی کوێتەوە نەوتی لێ بریبوو. لە هەموو

ئەمانەش خراپتر وەزعی تورکیا بوو کە لەژێر فشاری ئەوروپا و شەڕی ناوەخۆی کورد و گەندەڵیی ئیداری و دارایی سەردەمی تانسۆ چیلەرو بولەنت ئەجەڤیت و مەسعوود یولماز خەریک بوو چۆکی دادەدا.

ڕاستە ئەم کێشانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەفەلەستینییەکانەوە نەبوو. بەڵام چارەنەبوونی ئەو کێشە قورسەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل سەرچاوەیەکی گەورەی بۆ گەندەڵی و نائومێدی و پشێویی سیاسی لە تەواوی ناوچەکەدا دروست کردبوو. بۆیە ئەمریکا تەنیا خەمی ئەوەی نەبوو کەی ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت؟ بەڵکو خەمی ئەوەی بوو دوژمنانی ئاشتی و فەلەستینییەکان، کەڵک لەو پشێوی و گەندەڵییانە وەرنەگرن و باری ناوچەکە قورس نەکەن. دوای ١١ی سێپتەمبەر، واشنتۆن گەیشتە قەناعەتی ئەوەی کە ئیتر هیچ دەرفەتێک بۆ چاوەڕوانی نەماوە. پێویستە تەگەرەی گەورە کە ڕژێمی پێشووی عێراق بوو لەناو ببرێت. ئەو لەناوبردنە، بەبۆچوونی ئەمریکا ڕێگە خۆش دەکات نەک تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەڵکو بۆ کردنەوەی پەنجەرەیەکی گەورەش لەبەردەم بەدیموکراسەکردنی لە ناوەخۆی ئێران و سووریا.

ڕووداوی گەورە لەم نێوانەدا کۆچی یاسر عەرەفات بوو. ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو دەرفەتەدا دەست ساردی نەکرد. بەڵکو هەر زوو ئەوەی ڕاگەیاند کە پشتی مەحموود عەباس دەگرێت بۆ ئەوەی جێگەی عەرەفات بگرێتەوەو سەرلەنوێ پرۆسەی ئاشتی و نەخشەی ڕێگە تازە بکاتەوە. لەم ڕێڕەوەدا واشنتۆن فشارێکی زۆریشی خستە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی هاوکاریی عەبباس بکات. هێشتا، زۆر تەگەرەی گەورە بەرێگەوەن. زۆر کەندوکۆسپ و کێشە لەبەردەمن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم چارەسەربوونی کێشەی فەلەستینییەکان لە ئارادایە وەک چۆن ئەو ئاسۆیە لەبەردەم کوردی کوردستانی باشوور دایە.

عێراق وەزعێکی زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ حاڵی فەلەستینییەکان



ئەوەندە نەبێت دیاردەی تیرۆر لە عێراقدا زۆر کوشندەتر دەست دەوەشێنێت. لە عێراقیشدا دەوڵەتانی دەوروپشت گیروگرفتێکی زۆریان ناوەتەوە. هەندێک لەو گرفتانە هۆیەکەی ئەوەیە دەوڵەتەکان نایانەوێت دەوڵەتێکی دیموکراسی، فرەخواز، دەستووری و پەرلەمانی و فیدرالی لە تەنیشتیانەوە دابمەزرێت. هەندێکی دیکە هۆی ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە دەیانەوێت ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا بگوێزنەوە عێراق. هەرچییەک بێت هەڵوێستی دەوڵەتانی دەوروپشت و هەرچییەک بێت هۆی تیرۆر لە عێراقدا گومان لەوەدا نییە پرۆسەی دیموکراسی لە ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بەرەو پێشەوە دەچێت هەرچەندی تا ئێستاش زۆر مەعلووم نییە ئایا ئەو پرۆسەیە سەردەگرێت و پێ دەگات یان نا ؟ گرینگترین پێوانەی سەرگرتنی دیموکراسی لە عێراقدا چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. کورد بەدرێژایی شەستساڵی ڕابردوو بانگهەڵدێری ئەوە بووە کە ئەو دەوڵەتە بەشێوەیەکی ناڕاست دامەزرێنراوە و ئەگەر ڕژێمێکی دیموکراسی ئەو خوار و لەنگییەی دەوڵەتی عێراق ڕاست نەکاتەوە زەحمەتە عێراق بەیەکگرتوویی، بەساغ و سەلامەتی بمێنێتەوە. بۆیە بەپێچەوانەی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی عێراق، بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و مەرجەعیەتی بارزانیی نەمر هەمیشە بانگهەڵدێری دیموکراسی بووە بۆ عێراق. قەناعەتی کورد وا بووە مەحاڵە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی دیموکراسی لە عێراقدا. کورد هەر لە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بووە قوربانیی شەڕی ساردی جیهانی.ئەوسا سیستەمی دوو جەمسەری و شەڕی سارد لە سەرەتای دا بوو. یەکەم قوربانیی ئەو سیستەمە کۆماری کوردستان و سەری پێشەوای نەمر قازی محەمەد بوو. دواتر کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان قوربانییەکی زۆری دا، بگرە لە تورکیا و عێراق گەیشتە لێواری لەناوبردن و جینۆساید. بەڵام هەڵوەشانەوەی

سیستەمەکە یەکراست کێشەی کوردی هێنایەوە پێشەوەی ڕووداوە سیاسییە گەورەکانی ناوچەکە.

کێشەی کورد ڕەگەکانی لەناو کێشە سیاسییەکانی چوار دەوڵەتی گرینگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا) داکوتاوە. ئەمەش بەهۆی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هەر چوار ئەم دەوڵەتەدا. ئەم داگیرکردن و دابەشکردنە وایکردووە مەسەلەی کورد یەک لە کلیلە گرینگەکانی مەسەلەی دیموکراسی بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم بوارەدا کورد لە عێراق فاکتەرێکی گرینگی ڕووخاندنی نەک هەر ڕژێمی سەدام حوسێن بوون، بەڵکو فاکتەرێکی گرینگی ڕووخاندنی دەوڵەتە کۆنەکەی عێراق بوون. هەروەها لە دامەزراندنی عێراقی تازەشدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن. لە تورکیا کێشەی کورد و ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی دەوڵەتی تورک دەهاتنەوە لە ئەنجامی شەڕی کورد فاکتەرێکی گەورەی تاوسەندنی بزووتنەوەی دیموکراسی بوو لە کۆمەڵگا جیاجیاکانی تورکیا. لە سووریا خۆپیشاندانەکانی کورد لە حەسەکە و قامشلوو فاکتەرێکی گەورەی ئەوە بوو خەڵکانی سووریا ئاوڕ لە بزووتنەوەی دیموکراسی و ریفۆرم بدەنەوە. تا ئێستاش سەرچاوەیەکی گەورەی چالاکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە سووریا کێشەی ئەو کوردانەیە کە گیراون یان بێ جنسیە کراون یان ئەزیەت دراون و لە خاک و گوند و شارەکانی خۆیان دەرکراون.

هەمان شت لە ئێران. ئەوەندە هەیە بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستاندا کارێکی ئێجگار گەورەی لە بزاڤی سیاسی و مەدەنیی تەواوی ئێران کردووە. فیلمی سینەمائی کوردی و گۆرانی و مۆسیقاو شانۆ لە کوردستاندا، لەم پێنج شەش ساڵەی ڕابردوودا سەرچاوەیەکی گەورەی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری و مەدەنی بووە لە ئێراندا. لە بواری سیاسیشدا ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی مەهاباد لەم چەند مانگەی ڕابردوو وا پێ دەچێت، ڕەنگدانەوەیەکی گرینگی هەبێت بەسەر پرۆسەی دیموکراسی لە



تەواوی ئێراندا. کاتی خۆی سەرۆکی پێشووی ئێران لەناو کورد دا پاڵپشتییەکی گەورەی هەبوو. بگرە لە هەر دوو ویلایەتی هەڵبژاردندا خاتەمی سەردانی شارەکانی کوردستانی کرد بۆ مسۆگەر کردنی پاڵپشتیی خەڵکی کورد بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی.

ئەمریکا لە بواری سیاسەتە ئێرانییەکەیدا بەردەوام تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نایەوێت بەهێزی سەربازی ڕژێمەکەی تاران بڕووخێنێت, ئەمەش ڕەنگە چەند هۆیەکی هەبێت وەک پانتاییە جوگرافییەکەی ئێران و بەژمارە زۆریی سەرژمێری دانیشتووانی (٦٥ ملیۆن) و هەڵکەوتەی وڵاتەکە لە ڕووی جوگرافی و ئاینییەوە لەناو جیهانی ئیسلامی دا. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت کە ئەمریکا لە ساڵانی **١٩٧٩** هەتا **١٩٩٠** هەوڵێکی زۆری دا بۆ دژایەتی کردنی ئێران بەتۆمەتی پشتگرتنی تیرۆری نێودەوڵەتی. هەروەها بەتۆمەتی پشتگیری کردنی فەلەستینییەکان و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ناوچەی کەنداو. بەڵام ئێران لە دوای ڕاوەستانی شەڕە هەشت ساڵییەکەی لەگەڵ عێراق دەستی خۆی هەتا ئەندازەیەک لە تیرۆری دەرەکی کێشایەوە بەتایبەتی لە ئەورووپا و ناوچەی کەنداو. ئەمە لە کاتێکدا، بەڕای چەندین ناوەندی ناوچەیی و ئەورووپی و جیهانی، تاران درێژەی بەڕۆڵی تیرۆریستانەی خۆی دا چ لە ناوەوەی وڵاتەکەی و چ لە بواری شەهیدکردنی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو و دکتۆر سەعید شەرەفکەندی و چەند ئۆپۆزیسیۆنێکی ئێرانی لە پاریس و تورکیا.

لەم بازنەیەدا، پێویستە کورد هێمنانە ڕەفتار بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ناو دەوڵەتانی دەوروپشت بکات. هەوڵ بدات پێوەندیی نەرم و نیانیان لەگەڵ بپارێزێت. دەست وەرنەداتە بارودۆخی ناوخۆیان. هەمووی ئەمانە لەبەر ئەوەی پرۆسەی گۆڕانکارییەک لەو وڵاتانەدا لە ئارا دایە کە لە دەرەوەی توانست و خواستی ئێمەدایە. ئەو وڵاتانە ئەمڕۆ لەبەردەم

گۆڕانکاری و ڕیفۆرم دان. بیانەوێت و نەیانەوێت دەبێت خۆ لەگەڵ جیهانی تازە بگونجێنن. چاکسازی نەک هەر لە سیاسەت، بەڵکو لە یاسا و دەستوور و بنیاتی بازاڕ و ئابووریشدا بکەن. بۆیە دەرئەنجام ئەم وڵاتانە بەبێ هیچ فشارێکی ئەوتۆ لە ئێمەوە ناچاری خۆ گۆڕاندن دەبن. ئەو خۆ گۆڕاندنەش بێ شک مەسەلەی کورد و چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە دەگرێتەوە.

لەم ڕووداوانە بەولاتر، دیار بوو پاش ١٩٩٠، هەتا ئەندازەیەکی بەرچاو ئیتر دیاردەی تیرۆر لە بازنەی شیعەوە گوێزرایەوە بازنەی سوننەی عەرەب و غەیرە عەرەب بەتایبەتی لە پاکستان و ئەفغانستان و سعوودی. ڕەنگە ئێران لەو سەردەمەدا لەگەڵ تاوسەندنی بزووتنەوەی ئوسامە بن لادن پاش داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە، وای لێک دابێتەوە کە مادامەکی سوننە خەریکی کەوتنە وێزەی ئەمریکان لە ڕێگەی تیرۆرەوە ئیتر پێویست بەوە ناکات ئەو خۆی بەو کار و چالاکییە خەریک بکات. بۆیە هەندێک ناوەندی سیاسەت و لێکۆڵینەوەی سیاسی پێیان وایە تاو سەندنی دیاردەی تیرۆر لەناو بازنەی سوننەدا وای کرد ئێران ئیتر بکەوێتە قۆناغی خاوکردنەوەی پێوەندییە گرژەکانی لەگەڵ واشنتۆن. لەگەڵ ئەوەش ناکۆکییەکانی واشنتۆن و تاران کۆتاییان پێ نەهات، چونکە بابەتی وەک چەکی ئەتۆمی و بەرنامەی سەربازی و بەردەوامبوونی داگیرکردنی سێ دوورگەی تونبی گەورەو بچووک و ئەبو مووسا لە لایەن ئێرانەوە هێشتا لە ئارادا بوو.

لەوە زیاتر، کار لەم بوارەدا گەیشتۆتە ئەوەی ئێران و ئەمریکا، لەگەڵ هەموو ناکۆکییەکانیشیان، لە چەند بوارێکدا سیاسەتێکی لە یەکدی نزیکیان هەبێت. لە ئەفغانستان هاوپەیمانێتییەکی بێ دەنگ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دروست بوو کە تا ئێستاش بەردەوامە. لە مەسەلەی کشانەوەی ئیسرائیل لە خوارووی لوبنان تاران دەورێکی گرینگی هەبوو لە



قەناعەت پێکردنی حزبوڵڵا کە ئیتر کێشەی گەورە لەو ناوچەیەدا دروست نەکات. لە مەسەلەی کشانەوەی سووریا لە لوبنان، تاران دەوری ئیجابییانە بوو. ئنجا لە مەسەلەی عێراقدا ئێران لە ساڵانی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام وەک دەوڵەتێکی بێ لایەن ڕاوەستا بوو. بەڵام دوای ئەو ڕووخانە، بەگۆتەی ئەمریکا، کەوتۆتە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی عێراق. ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەک پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکای ئاڵۆزتر کردووە. بەڵام ئەمریکا بەردەوام دەوڵەتە گرینگەکانی ئەورووپای بەکارهێناوە بۆ هاندانی ئێران بەرەو هێمنی و دامرکانەوە و داماڵینی بەرنامەکانی لە بواری ئەتۆمی و سەربازیدا.

کێشەی کورد لە ئێران هەوڵێکی ئەوتۆی نەداوە بۆ بەجیهانیکردنی کێشەکەی. بەڵام شەهید بوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو و دکتۆر سەعید شەرەفکەندی دەورێکی باڵای هەبوو لە دەرگا کردنەوە لەبەردەم ئەو مەسەلەیە. ئنجا لەوەش گرینگتر، کورد ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە پشتگرتنی سەرخستنی سەرۆکی پێشووی ئێران محەمەد خاتەمی. باوەڕیش لەم بوارەدا ئەوە بوو کە خاتەمی لەناو ئەو بەرنامە فراوانەی بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی هەڵیدەدا، ڕەنگە ئاوڕ لە کێشەی کوردیش بداتەوە و چارەسەرێکی ئاشتیانەی بۆ بدۆزێتەوە.بەڵام دوای دوو قۆناغ سەرۆکایەتی دەرکەوت خاتەمی نەک هەر بۆ کورد بگرە بۆ مەسەلەی کرانەوە و ڕیفۆرم لە ئێران هیچی ئەوتۆی پێ نەکرا.

لە کوردستانی عێراقدا کورد لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە توانی تایبەتمەندییەکی سیاسی بۆ خۆی دابمەزرێنێت بەتایبەتی پاش ئەوەی بەسەرکەوتوویی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی بەڕێوەبرد و یەکەم حکوومەتی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراند. ڕاستە ئەم تاقیکردنەوەیە دووچاری چەندین گیروگرفتی گەورە هات بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و شەڕی ناوەخۆوە. بەڵام دیار بوو لە ئەنجامی کۆتاییدا بەهۆی وردبینی و

ژێربی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی توانی نەک هەر زاڵ بێت بەسەر ئەو گیروگرفتانە، بەڵکو زەمینەش خۆش بکات بۆ پێشکەوتنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی گەورە و گرینگ...

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا چووە قۆناغێکی تازەوە. بگرە هەنگاوێکی گەورەو گرینگی بەرەو پێشەوە هاوێشت. لەم ڕێچکەیەدا زۆر کەس بەتایبەتی لە ناوەندە عەرەبییە عێراقییەکان پێیان وابوو ڕەنگە دەسکەوتەکانی کورد درێژخایەن نەبن بەهۆی هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەوڵەتانی دەوروپشت. کەچی لەو سێ ساڵەی ڕابردوودا تا ئەندازەیەکی چاک دەرکەوت کە دەوڵەتانی دەوروپشت ئەگەرچی تا ئێستاش هەڵوێستیان دۆستانە نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەش نییە کە ڕێگەی یەکجارەکی لە بەرەو پێش چوونی مەسەلەی کورد بگرن. ئەو ناوەندە عەرەبییانە کە بەشێکیان تا ئێستاش ئەسیری ئایدیۆلۆژیای شۆفێنیی عەرەبایەتین، ئەوەیان لەبیر چۆتەوە کە ناوچەکە بەدەوڵەتانی دەوروپشتیشەوە بەپرۆسەیەکی ڕێژەیی کرانەوە و دیموکراسیدا تێدەپەڕن و هەڵوێستی ئەمڕۆیان ڕەنگە هەمان هەڵوێستی جاری جاران نەبێت.

ئەمڕۆ ئێران خەریکی گیروگرفتە ناوەخۆییەکانی خۆیەتی چ هی کورد و چ هی ئازەر و چ کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. خەریکی ناکۆکییەکانییێتی لەگەڵ واشنتۆن و ئەوروپا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی. تورکیا بێجگە لە گیروگرفتە ناوخۆییەکانی وەک مەسەلەی کورد و مەسەلەی تەنگژەی دراو، لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا سەرقاڵی کێشە و بینە و بردەیە. لە هەمان ئەو کاتەشدا لەگەڵ یۆنان و قوبرسییە بەرەچەڵەک یۆنانییەکان لە گیروگرفتێکی گەورەدا دەژییێت. سووریا لەسەر کێشەی عێراق و لوبنان لەگەڵ واشنتۆن تووشی ناکۆکییەکی



گەورە هاتووەو واشنتۆن بەڕاستی بیر لە سەپاندنی سزا بەسەریدا دەکاتەوە. پێ دەچێت ئەم ناکۆکییە گەورەتر و قووڵتر ببێتەوە لە دواڕۆژێکی نزیکدا بەتایبەتی لە بارەی فایلی عێراقەوە. ئنجا ئەو دەوڵەتانە بەبێ ویستی ڕژێمەکانیان کەوتوونەتە قۆناغی گۆڕانکاری و پەرەسەندن. هەر هەموویان، دیسانەوە بەبێ ویستی خۆیان کەوتوونەتە شەڕی تیرۆر. بەڵام دیسانەوە بەبێ ویستی خۆیان کەشوهەوای شەڕەکە، چونکە لە جیهانێکی جیاواز لە جیهانی سەردەمی دوو جەمسەری بەڕێوە دەچێت، زۆرتر بەرەو کرانەوە و دیموکراسییان دەبەن.

لەولاوە ئەم ڕووەو کرانەوە ڕۆیشتنەیان وایکردووە دەستیان لە ئاست مەسەلەی کوردی عێراق کورت بێت. ئەمڕۆ، لە تورکیا بۆ نموونە، حزبی فەرمانڕەوا کە حزبی عەدالەت و بووژانەوەی ڕەجەب تەیب ئەردوغانە لەگەڵ هێرشی سەربازی نییە بۆ سەر کوردستان، چونکە دەزانێت سەردەمی هێرشی خاکی غەیرە لە دوای کوێتەوە ئیتر بەسەرچوو. ئێران لەگەڵ ئەوەش هەتا ڕادەیەکی زۆر لەبەردەستی پارێزگاران و توندڕەوەکانە، وەک جاری جاران مۆرکی شۆڕش و دەست تێوەردانی نەماوە لە کاروباری وڵاتان و دەوروپشت. سووریا لە دوای شکست هێنانی تاقیکردنەوەی لوبنان ئیتر توانستی دەستێوەردانی سەربازیی نەماوە لە هیچ شوێنێکی دیکە. بۆیە، وەک چۆن ئەڵقە سەرەکییەکەی کێشەی فەلەستینیان کەوتۆتەوە دەست فەلەستینییەکان خۆیان، بەهەمان شێوە کوردیش لە قۆناغی ئەمڕۆیدا، ڕەنگە بۆ یەکەم جار بێت لە مێژووی هاوچەرخیدا، کەمتر ترسی لە هێرش و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتانی دەوروپشت هەیە. کوردیش وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەگیانێکی کراوەتر و بەبەرچاوێکی ڕوونترو بەباوەڕێکی بەتینترەوە هەنگاو بەرەو دواڕۆژەکانی دەهاوێژێت. سیستەمی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمڕۆ خەریکە ببێتە بەشێک لە سیستەمی سیاسەت لە تەواوی جیهاندا. ئەوی ڕاستی بێت، هەر ئەم

حاڵەتەیە وایکردووە دەرفەتی بووژانەوەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا زۆر زیاد بکات. ئەوەی دەرفەتەکەش فەراهەمتر دەکات ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئەوروپاش لە هەمان سووچەوە سەیری گۆڕانکارییەکان دەکەن و بەرژەوەندیی خۆیان لە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینن. ڕاستە ئەوان لە ئەمریکا لەسەرخۆتر و بەسەبر و نەفەس درێژترن لەو مەسەلەیە. بەڵام، پێوانەکانی سیستەمی تاکجەمسەریی لە جیهاندا، وایکردووە ئەوانیش لە دوا ئەنجامدا پشتگیریی سیاسەت و بۆچوونەکانی ئەمریکا بکەن لەگەڵ هەندێک جیاوازی.

لەولاوە، ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاتوونەتە سەر شانۆی نێودەوڵەتی، پاش ڕزگار بوونیان لە دەسەڵاتی شوورەوی، ئەوانیش وەک هێزێکی گرینگی جیهانی لایەنگری سیستەمە یەک جەمسەرییەکەن. ڕاستە هێشتا فشاری ڕووسیایان بەسەرەوەیە. بەڵام بوونیان بەئەندام لە حیلفی ناتۆ وایکردووە بەشێکی ستراتیژی ئەمریکا بن لە ناوچەکەی خۆیاندا. لەولاتر ئەمریکای لاتین و ئەفریقیاش ئەمڕۆ لە بازنەی گیروگرفت و ناکۆکیی ناوەخۆ و کودەتای سەربازی خەریکە دەربچن. تەنانەت دەوڵەتێکی وەکو لیبیا خەریکە هەنگاوی بەپەلە دەهاوێژێت بۆ خۆ دەرباز کردن لە سیستەمی کۆن. تاکە ناوچە زەحمەتی زۆری دەهاتە پێش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. بەڵام ئەویش لە دوو سێ ساڵی دواییدا بەشێوەیەکی تازە خەریکە خۆی دەنوێنێت.



## ئابووری فاکتەرێکی گرینگی دیموکراسییە

بێ گومان ئەو گۆڕانانەی لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن هەر تەنیا گۆڕانی سیاسی یان ڕۆشنبیری یان سەربازی نین، هەرچەند هەندێک لە هێزە تاریکخوازەکان و گۆشەگیرەکان دەیانەوێ وای لێک بدەنەوە. بەڵکو لەوە گرینگتر و لە پێشتر گۆڕانکاریی ئابووریش لە پرۆسەدایە. هۆی سەرەکیی گۆڕانکارییە ئابوورییەکانیش ئەو جیهانگیری (گلۆبالیزیشنە)یە کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە تەواوی جیهاندا خەریکی سەرهەڵدانە. ئەو جیهانگیرییەی خەریکە جیهان دەکاتە یەک شار و گوند و گەڕەک، سیمای سەردەمی ئەمڕۆیە و ناوەڕۆکی خۆی لە دیموکراسیدا دەدۆزێتەوە. خۆ ئەگەر گۆڕان تەنیا لەناو سیاسەت و ڕۆشنبیریدا ڕووی بدایە، یان وردتر، خۆ ئەگەر دیموکراسی تەنیا لەناو چوارچێوەی ڕۆشنبیری و سیاسەتدا دابمەزرایە، ئەوا مەعلووم بوو لە ئەنجامی کۆتاییدا نە دیموکراسی و نە ئاشتی و نە تەبایی و نە بووژانەوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وەکو پێویست دانەدەمەزران. بەواتایەکی دیکە، دیموکراسی زادەی بزاڤێکی ئابووری ڕووەو پێشەوەیە. لێرەوەیە، شەپۆلی دیموکراسی لە جیهانی ئەمڕۆدا پابەندییەکی زۆر توندوتۆڵی بەگۆڕانە ئابوورییەکانەوە هەیە. دەوڵەتانی ڕۆژئاواش، ئەوانەی دەیانەوێت یارمەتی ئێرەو ئەوێی جیهان بدەن بۆ مل نانە بەر تەوژمی دیموکراسی، ئەوا هەنگاوی یەکەمیان لە بواری چاکسازیی ئابووری و بازرگانییەوە دەست پێ دەکەن.

لەو بوارەدا ئەو کۆمەڵگایانە ڕەنگە زەحمەتی ببینن، هەندێک گیروگرفتی ئابووری و بژێوییان تووش بێت. ئەوا ئەو زەحمەتی و گیروگرفتانە وەک لە وڵاتێکی وەکو یەمەن و میسر دەیبینین، مانای ئەوە

نییە چاکسازییە ئابوورییەکە خراپە، بەڵکو مانای ئەوەیە دەوڵەت و کۆمەڵگەکان بەهۆی ناتەواویی لەنگەرە ئابووریەکانیان و خواروخێچی هەلومەرجە سیاسییەکانیان، وەکو پێویست توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو سیستەمە تازەیە نییە. مانای ئەوەیە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ گۆڕانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی مەحاڵە بتوانن لە بواری ڕیفۆرم و چاکسازیی ئابووری و بازرگانی دا سەرکەوتوو بن. بۆ نموونە: کۆمەڵگە و دەوڵەتێک قەت توانای دامەزراندنی ئابوورییەکی ئازاد و گەشەکردووی نابێت ئەگەر ئافرەت کە نیوەی کۆمەڵە جێگەی ئاسایی خۆی نەگرتبێت لەناو سیستەمی کاردا. ئنجا مەحاڵە هیچ ڕیفۆرمێک جێگەی خۆی بگرێت ئەگەر نەخوێندەواری و باری ئاڵۆزیی تەندروستی بڵاو بێت لەناو کۆمەڵگەدا.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی ڕادەی دەوڵەمەندیی ئابوورییەوە یەک لە ناوچە هەرە دەوڵەمەند و ستراتیژییەکانی جیهانە. چوار دەریای گەورە لەو ناوچەیەدا هەن وەک دەریای سپی و دەریای ڕەش و کەنداوی فارسی و ئاوی بۆسفۆر و دەریای خازر و دەریای مردوو. ئنجا چەندین ڕووباری گرینگ لە ناوچەکەدایە وەک دیجلە و فورات و نیل و بەرەدا و عاسی و کاروون و کەرخە. لەوانە بەولاتر پانتاییەکی زۆری کشتوکاڵی لە حەوزی ئەو ڕووبارانە هەیە. ناوچەکە پانتاییەکی جوگرافی فراوانی هەیە کە پێکهاتووە لە ناوچەی شاخاوی و پێ دەشتی کشتوکاڵی و بیابان و زورگ و زەوی. چەندین جۆر کان و کانزای بەبەها و سەروەتێکی زۆر بەرفراوانی نەوتی لێیە. دوو لە دەوڵەتانی ناوچەکە (سەعوودی و عێراق) گەورەترین ئیحتیاتی نەوتیان هەیە. لەوانەش بەولاتر لە ڕووی ستراتیژییەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخێکی تایبەتی هەیە لە بواری بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکتری. بەدرێژایی مێژوو ڕێگەی هەریری چینی کە ناوەندەکەی شاری کرماشان لە لایەک و شاری دیاربەکر



لە لایەکی دیکە بووە، تایبەتمەندییەکی گەورەی هەبووە بەتایبەتی لە ڕووی بازرگانییەوە.

پرسیاری گەورە لەم بەرامبەرەدا هەمیشە ئەوە بووە: چۆن کەڵک لەو بەروبووم و دەوڵەمەندییە ئابوورییە وەرگیراوە؟ لە وەڵامدا دەکرێ بگوترێ کە ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی بەسترانەوەی بەسیاسەت و دەوڵەت و کەرتی گشتییەوە هەمیشە لە قازانجی بازاڕ و خەڵک و بووژانەوەی ئابووریدا نەبووە. ئابووری خراپ و لاواز و دواکەوتوو هەمیشە زەمینەی خۆش کردووە لەبەردەم بەهێزکردنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەوڵەت و زیادکردنی ئەگەری شەڕ و ناکۆکی و دابڕان لە دەورووپشت و گۆشەگیریی. هەروەها هەموو دەرفەتێکیشی بۆ دیموکراسی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی داخستووە.

کوشندەترین دەردی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند ڕەگەزێکی بەیەکەوە بەستراوە: دواکەوتوویی کەلتوور، کەرتی گشتی و دەست گرتنی دەوڵەتە بەسەر بازاڕ و ئابووری و بازرگانییەوە. ئەو ڕەگەزانە هەر یەکەی بەشێوەیەک و بەئاستێک دەستی گرتووە بەسەر بەشی هەرە زۆری ئابووری و چالاکی ئابووریی لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئێران و ئەفغانستان و تورکیا و پاکستان. خۆ ئەگەر داهاتی نەوت لە ئابووری هەندێک لەو وڵاتانە دەربکەین کە هەر هەمووی بەدەست دەوڵەتەوەیە، ئەوا تەنیا لە ٨ ٪ی داهاتی ناوەخۆیی ئەو دەوڵەتانە لە کەرتی گشتی و بازاری دەوڵەتەوە دێتە دەست. بۆیە ئەم کەرتە، نەک هەر وایکردووە گیانی کار و مونافەسەی ئابووری لەو وڵاتانەدا ساردوسڕ بێت، بەڵکو واشی کردووە کەرتی تایبەتی و داهێنانی تاکە کەسیش خەفە بێت و تەواوی کۆمەڵگا تووشی بەئیفلیج کەوتنی پرۆسەی دیموکراسی و پێشکەوتن بێن.

بەپێی هەندێک لەو لێکۆڵینەوانەی ڕێکخراوی کاری عەرەبی (بارەگاکەی لە قاهیرەیە) بڵاوی کردۆتەوە، لە ٣٦ ٪ هەتا ٥٠ ٪ی دەخل

(داهاتی) نەتەوەیی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بۆ چالاکی و سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەت تەرخان کراوە. بگرە لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا ئەو ڕێژەیە دەگاتە سەرووی ٦٠٪. ئنجا هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە ٣٠٪ی دەخلی حکوومەتیش تەرخانە نەک بۆ پەروەردەو فێرکردن و چاککردنی باری تەندروستی و پێشخستنی پیشەسازی، بەڵکو بۆ چالاکیی سەربازی و چەک کڕین و پاراستنی ئاسایش و دوارۆژی ڕژێمە سیاسییە فەرمانڕەواکانی ئەو دەوڵەتانە.

ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی کاری عەرەبی ئەوە نیشان دەدەن کە پتر لە ١٢ ملیۆن بێکار لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە. لە هەندێک وڵات لەو وڵاتانە، وەک سووریا، ڕێژەی بێکاری دەگاتە ١٤٪. ناوەندی وای عەرەبی هەیە ڕێژەکەی سووریا دەگەیەنێتە ٢٠٪. ئەمە لە کاتێکدا عەرەب بەهۆی داهاتی نەوت میللەتێکی دەوڵەمەندن و بازاڕێکی فراوانیان هەیە کە پێک هاتووە لە بازاڕی بیست و دوو دەوڵەت. بەڵام هەر ئەو ئابوورییە خراپەی هەیانە وایکردووە ٦٥٠ ملیار دۆلاری دەوڵەت و دەزگا و تاکەکانی عەرەب کە بەشێکی گرینگی سەروەتە دراوییەکەیان لە دەرەوەی جیهانی عەرەب پێک دەهێنێت، لە بانک و بازاری دەرەوەن بەتایبەتی ئەورووپا و ئەمریکا. بێ گومان ئەم لەنگەرە خوارە ڕەنگە ڕاست بکرێتەوە بەوەی ئەگەر ریفۆرم و چاکسازیی قوڵ و دارێژراو لە ئابوورییە عەرەبییەکاندا ئەنجام بدرێت. بەڵام چونکە تا ئێستا بزاڤی ریفۆرم لاوازە و لە سەرەتاکەیەتی، بۆیە سەروەتی عەرەب بەشێکی گرینگی ئەو سەرمایەیەی پێک هێناوە کە لە وڵاتە دواکەوتووەکانەوە ڕژاوەتە بازاڕەکانی ئەورووپا. جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەو سەروەتە لە ساڵی ١٩٩٠ بەسەرەوە شەش قات بووە. بێجگە لەم حاڵەتە، وا چاکە هێما بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێو دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بکەین، چونکە ئەو پێوەندییە هەر هەمان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێتەوە کە ئابووری لە



جیهانی عەرەبدا لە ئەوپەڕی خراپی دابووە. هەتا ساڵی ١٩٩٦ نزیکەی ٦٪ی بازرگانیی وڵاتە عەرەبییەکان لە نێو خۆیاندا بووە. ئەم ڕێژەیەش ئەگەر لێک بدرێتەوە دەکاتە ٩٪ی هەموو بازرگانیی عەرەب لەگەڵ جیهانی دەرەوە. ڕاستە ڕێژەکە جار جار بەرزی و نزمی تێدا بووە، بەڵام لە هیچ کاتێک بەرزییەکەی لە ١٠٪ تێپەڕی نەکردووە. جا سەیر لەم پێوانەیە ئەوەیە دەوڵەتانی عەرەبی هەوڵ و تەقەلالایەکی زۆر و پارەیەکی بێ ئەندازە و هاتوهاوار و ناکۆکییەکی بێ ژماریان، بێ هوودە، لەپێناو یەکێتیی (وەحدە)ی عەرەبی تەرخان کردبوو.

لەولای دیکەوە وڵاتە عەرەبییەکان لەژێر بارێکی کوشندەی قەرزاریدا دەژین. بێجگە لەو قەرزانەی لە دەوڵەتانی گەورەو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان وەریدەگرن، ماوەیەکە ئەو دەوڵەتانە قەرز لە بانکی نێودەوڵەتی و سەندوقی دراویی جیهانیش وەردەگرن. بۆ نموونە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی بانک کۆی گشتی ئەو قەرزانەی تەنیا دە دەوڵەتی عەرەبی لە بانکی نێودەوڵەتییەوە وەریانگرتووە ساڵی ١٩٧٩ چەند سەد ملیۆنێک بوو، بەڵام ساڵی ١٩٩٦ گەیشتە ٢٦ ملیار و ٨٠٠ ملیۆن دۆلار. ئەو کۆ گشتییە ساڵی ٢٠٠٣ بووە ٣٤ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن. بەم دواییەش، واتە لە کۆتایی ساڵی دارایی کە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٥ بوو کۆی گشتیی قەرزەکان گەیشتە ٣٧ ملیار و ٩٠٠ ملیۆن دۆلار. ئەوی ڕاستی بێت، بەشێک لە هۆیەکانی بەرزبوونەوەی ڕادەی ئەو قەرزانە پێوەندییان بەو چاکسازییە ئابوورییەوە هەیە کە چەند وڵاتێکی عەرەبی خەریکین. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو قەرزانە دەربڕی ئەوەشن کە وڵاتە عەرەبییەکان لەگەڵ زۆریی داهاتەکانیان هێشتا لە حاڵەتی ئەوەدا دەژین کە پێویستییان بەقەرزە. جا وێنە لەم بوارەدا زۆر ڕەشتر دێتە بەرچاو ئەگەر بزانین چەندین دەوڵەتی وەک سعوودی و کوەیت و عێراق و میسر خاوەن بەشێکی گەورەی ئەو قەرزانەن.

بێ گومان ئەمە بۆتە هۆی دواکەوتوویی ئابووری هەر تەنیا یەک یان دوو هۆی نییە. بەڵکو کۆمەڵێک هۆی بەیەکەوە بەستراوی وای هەیە ئەگەر ڕیفۆرمێکی هەمەلایەنە نەبێت زەحمەتە ڕاست بکرێتەوە. بێجگە لە دواکەوتوویی تەکنەلۆژی، باری ڕۆشنبیری و خوێندەواری و هوشیارییش لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دواکەوتووە. تا ئێستاش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەوڵەتی عەرەبی هەیە بەکردەوە مافی ئافرەتان ناسەلمێنێت و ناهێڵێت ئافرەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری دا کار بکەن. لەوەش بەولاتر سیستەمی ڕێگەوبان زۆر دواکەوتووە لەو وڵاتانەدا. هێڵی شەمەندەفەر لە زۆر وڵاتی عەرەبیدا نییە. ئەگەر هەشبێت تەنیا لە پایتەخت و دەوروبەرەکانیدا هەیە. هەمان شت دەربارەی هێڵی ئاسمانی ڕاستە. کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و شۆڕشی گەیاندنەکان تا ئێستا جێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا نەگرتووە. بەرنامە و سیاسەتی کشتوکاڵی حاڵی خراپە. لە هەندێک وڵاتدا لادێ لە جیاتی ئەوەی کانگای بەرهەمی کشتوکاڵی بێت گۆڕەپانی شەڕە. لەوانەش بەربادتر ئەوەیە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هەندێک لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عێراق و ئێران و سووریا و میسر) بەشێکی گرینگی داهاتە ئابوورییەکانییان بۆ بەرنامەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی و ئەتۆمی و بایەلۆژی و کیمیاوی) تەرخان کردووە. ئەمەو دەیان هۆی دیکە وایکردووە باری ئابووری و بازرگانی لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خراپ بێت و دەوڵەت بەتوندی چنگی خۆی لە بینەقاقای قایم بکات.

ئەوی ڕاستی بێت، بایەخی ئابووریی ئازاد لێرەوەیە بۆ مەسەلەی بنیاتنانی دیموکراسی. هەر لێرەشەوەیە کە دەگوترێت دیموکراسی بەبێ بازاڕێکی ئازاد و ئابوورییەکی بەهێز یان نیمچە بەهێز و بەبێ دەرگا کردنەوە لەسەر کەرتی تایبەت دانامەزرێت. ئنجا ئەگەر بمانەوێ ئەو قسەیە بەشێوەیەکی وردتر بکەین ئەوا دەبێت بڵێین دیموکراسی لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بەبێ



ئابوورییەکی تێکەڵاو بەجیهانگیری دانامەزرێت.

ئەوی ڕاستی بێت لەم پانزە ساڵەی ڕابردوو، چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە بەتایبەتی لەناو دەوڵەتە عەرەبییەکان دەستیان کردووە بەگۆڕینی سیستەمی بازاڕی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەتی. میسر ساڵی ١٩٩١ و لوبنان ساڵی ١٩٩٤ و پاشانیش سەڵتەنەتی عومان و بەحرێن. ئەم دەوڵەتانە ئەگەرچی لە مەیدانی دیموکراسی هەر یەکەی بەئەندازەیەک هێشتا کلۆڵن، بەڵام لە بواری ئابووریدا توانیویانە هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بهاوێژن. یەمەن ئێستا خەریکە ئەویش بازاڕەکانی دەکاتەوە. بەڵام بەهۆی دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و نزمیی ڕادەی خوێندەواری و دەوری سوپا لە بەڕێوەبردنی سیاسەتدا تا ئێستا نەیتوانیوە بڕیاری یەکجارەکی بدات.

ئەمریکا لە بواری بەجیهانگیرکردنی ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی ورد و لەسەرەخۆ دەهاوێژێت. چ ئەمریکا خۆی و چ دەوڵەتە ئەوروپاییەکان باوەڕیان وەهایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ یارمەتییەکی ڕاستەوخۆی دەرەوە ڕەنگە نەتوانێت بەپتەوی بەرەو دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بڕوات. ئەو دەوڵەتە ڕۆژئاواییانە بەتاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتووە ئەگەر هاوکاری ئابووری و ئاڵوگۆڕە بازرگانی و بەرژەوەندیی ئابووری هاوبەش لە نێوان دوو یان سێ یا کۆمەڵە دەوڵەتێک هەبێت ڕەنگە قەت ناخۆشی و شەڕ لە نێوان ئەو دەوڵەتانە دروست نەبێت. خۆ ئەگەر ناخۆشی و ئاڵۆزییەکی سیاسیش دروست بوو ئەوا ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشانە ڕێگری ئەوە دەبن ناخۆشییەکە ببێتە مایەی دابڕان و شەڕ و ناکۆکییەکی گەورە.

لەم بوارەدا لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئەمریکا و ئەوروپا چەند پێوانەیەک بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا و ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی، هەروەها بۆ قەرز وەرگرتن لە بانکی نێودەوڵەتی و سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی

داندراوە. یەک لەو پێوانانە ئەوەیە کە هەر دەوڵەتێک بیەوێت ببێتە ئەندام لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە دەبێت چەندین ڕیفۆرمی ئابووری و دراوی و بازرگانی و سیاسی و یاسایی لە ناوەخۆی دا ئەنجام بدات. ئەو ئەنجامدانانەش دەبێت ڕووەو ئەوە بڕوات کە وڵاتەکە لە جیهانگیری نزیک بکاتەوە. بێ گومان واشنتۆن هەروا لە خۆڕا بڕیاری نەدا پۆل وەلفەویتسی جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکا کە یەک لە سیاسەتمەدارە گرینگەکانی ئێستای ئەمریکایە پار ساڵ لە پۆستی خۆی گواستەوە بۆ سەرۆکایەتیی بانکی نێودەوڵەتی. وەلفەویتسیش هەر کە دەستی بەکارەکەی کرد زوو ڕایگەیاند کـــە ڕۆڵی بانکی نێـــودەوڵەتی هاندانی بازڕای ئازاد و یارمەتیدانی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسییە لە جیهاندا.

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ترسێکی گەورەیان لە بازاڕی ئازادە. ڕاستە ئیسرائیل و تورکیا هەر یەکەی بەڕادەیەک لە ڕووی ئابوورییەوە بایەخی گەورەیان بەبازاڕی ئازاد داوەو ئیسرائیل خۆی لەگەڵ ڕەوڕەوەی ئابووری و بازرگانیی ڕۆژئاوا بەستۆتەوەو تورکیاش هەنگاوی ورد ورد و سەبر سەبر بەرەو یەکێتیی ئەووروپا دەهاوێژێت. بەڵام وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستا ئەسیری دەستی کەرتی گشتین. هەندێک لەو دەوڵەتانەی وەک میسر و سەعوودی و ئوردون چەند سیاسەتێکیان داڕشتووە بۆ بەتایبەت کردنی بازاڕ، بەڵام تا ئێستا ئەو سیاسەتانە ناکامڵ و پڕ کەموکورتین. تەنانەت دەوڵەتێکی وەکو عێراق کە پێش سێ ساڵ لە دەست ڕژێمی ئیستیبدادیی سەدام حوسێن ڕزگاری بوو، پێش ماوەیەک هەر ئەوەندە دەنگی ئەوەی بڵاو کردەوە کە بازاڕەکانی خۆی بەبازاڕی نەوتەوە لەبەردەم کۆمپانیا جیهانییەکان و سەرمایەداریی دەرەوە دەکاتەوە، تا دەیان دەنگی ناڕەزایی چ لەناو عێراق خۆی و چ لە جیهانی عەرەب بەرز بۆوە گوایە حوکمڕانانی تازەی عێراق دەیانەوێ نەوتی عێراق تەسلیمی دەستی ئەمریکا بکەن و بازاڕیشی بفرۆشن بەبێگانە. فشارەکە ئەوەندە



توند بوو کە بەرپرسانی عێراقی ناچار کرد زوو لەو دەنگە دەنگەی بازاڕی ئازاد خۆ لە متەق بدەن.

ئەوی ڕاستی بێت، هەر تەنیا حەزی دەوڵەت نییە لە ناوچەکەدا وایکردووە ئابووری بەدەست دەوڵەت خۆیەوە بێت. بەڵکو چەندین هۆی دیکە هەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر دەوڵەت لێیان بەرپرسیارە. بۆ نموونە، یەک لە گیروگرفتە گەورەکانی ناوچەکە کەمیی تۆڕی گەیاندنەکان، کەمیی زانیاری و ئاماری ورد و دروست، خراپیی ڕێگەوبان، نەبوونی سیستەمێکی ڕێکوپێکی بانک و دارایی، گاپ و بۆشایی نێوان شارو لادێ، نەخوێندەواری و باری خراپی تەندروستی و دەیان هۆی دیکەیە. ئەمەش وا نەبێت تەنیا لە نێو دەوڵەتانی ناوچەکە وابێت، بەڵکو لە نێو یەک دەوڵەتیشدا هەمان شتە.

سەرەڕای ئەو حاڵەتەش، هێشتا بازاڕی ئازاد و بزاڤی ئامرازەکانی پێوەندی و گەیاندن لە ناوچەکەدا لە بەرەو پێشچوونێکی لەسەرەخۆ دایە. سووریا ئەگەرچی دەوڵەتێکی سەر بەدەزگاکانی سەربازی و سیخوڕییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەو وڵاتە بایەخێکی زۆر بەکۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەدرێت. میسر هەمان شێوە. ئێران و تورکیا و لوبنان و سەعوودی و کوێت و ئیماراتیش هەمان شێوە. ئەوەندە هەیە لە هەندێک لەو دەوڵەتانە پێشکەوتنی تەکنولۆژی بەستراوەتەوە بەهەڵوێستی سەربازی لەو وڵاتانەدا. لێرەدا ئەگەر دیسان نموونەمان بوێت ئەوا عێراقی جاران و ئێرانی ئێستا چاکترین نموونەن. عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن بەتەواوەتی پشتی لە هەموو زانستێک کردبوو. بایەخی بەخوێندن و گەشە پێدانی توانستی تاکە کەس و کۆمەڵ نەدەدا. بەڵام لە هەمان کاتدا پارەو خەرجی و هیلاکییەکی زۆری تەرخان کرد بوو بۆ پێشکەوتن لە بواری بەرنامە سەربازییە کۆمەڵ کوژەکانی شەڕوشۆڕ. لە ئێران ئێستاش هەمان شتە. خەڵک لە برسان و لەبەر دواکەوتوویی بژێوی و ئابووری خەریکی

مردنن، کەچی دەوڵەت بێ پەروا ئیمکانیاتێکی زۆری دارایی تەرخان دەکات بۆ دەستخستنی تەکنەلۆژیای دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ.

هەر لە ئێران باری ئابووری و گوزەران و کار لە ئاستێکی ئێجگار خراپ دایە. ڕێژەی گەنجان (١٦ ساڵ تا ٣٠ ساڵ) نزیکەی ٣٢٪ی دانیشتووانی ئێران پێک دەهێنێت. بەڵام بێکاری لەناو ئەو کەرتە لاوەدا نزیکەی ٣٠٪. کاتی خۆی سەرۆکی پێشووی ئێران محەمەد خاتەمی ویستی چەند پرۆگرامێکی چاکسازی لە بواری سیاسەتەکانی وڵاتەکەیدا ئەنجام بدات. بەڵام دیار بوو لە چەند هەنگاوێکی ڕۆشنبیریی بەولاوە هیچی ئەوتۆی پێ نەکرا لە مەیدانی ئابووری و بازرگانیدا. بگرە ئەو سزا نەوتیانەشی پێ لانەبرا کە ئەمریکا پێش خاتەمی بەسەر ئێرانی سەپاند بوو.

تورکیا لە ئێران باشتر نەبوو لە بواری ئابووریدا ئەگەرچی لە تورکیا ماوەیەکە بازارِ جۆرە ئازادییەکی هەیە. بەڵام دەردی کوشندەی ئەنقەرە لەوەدایە دامودەزگای سەربازی دەستی بەسەر سیاسەتەوە گرتبوو. لە ڕێگەی سیاسەتیشەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەکاری ئابووری بوو. بۆ نموونە: تورکیا ساڵی پتر لە یەک ملیار دۆلاری تەرخان کردبوو بۆ شەڕی کورد لە کوردستانی باکوور. ئەمە لە کاتێکدا باری دراوی و ئابووری لە وڵاتەکەدا زۆر خراپ بوو. لەولاوە، قورسایی ئایدیۆلۆژیا وایکرد بوو حکوومەتی ئەنقەرە سیاسەت و ئابووری لە زۆر بواردا بەیەکدی ببەستێتەوە. جا ڕەنگدانەوە خراپەکەی ئەوەیش لەوەدا بوو کە تورک نێوانێکی ئاڵۆز و گرژیان لەگەڵ تەواوی دەورووپشتی خۆیان هەبوو. بۆیە هەمیشە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی تورک لەگەڵ دەوڵەتانی دەورووپشت کە هەر هەموویان ناکۆک بوون لەگەڵی، لە ئاستێکی نزمدا بوو. ئەمە تەنیا عێراقی سەردەمی شەڕی ئێران ناگرێتەوە کە لەو ساڵانە هاوبەشییەکی بەهێزی بازرگانی لە نێوان بەغدا و ئەنقەرەدا هەبوو. ئێستا تورکیا جۆرە



گۆڕانێکی تێکەوتووە.ڕەنگە ئەو گۆڕانە بەفشاری یەکێتیی ئەورووپا بێت، یان بەفشاری ئەمریکا. بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە فشارەکە لەناو تورکیا خۆیەتی کە ئەویش فشاری هەست کردنی تورکیایە ئەگەر چاکسازییەکی بنەڕەتی لە بواری ئابووری و دراوی و بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیرییدا دەست پێ نەکات ڕەنگە نە لە ئەورووپا و نە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگەی خۆی پێ نەکرێتەوە.

مەعلوومە ئەم ڕژێمانە ڕەنگە نەتوانن لەو بوارانەدا بەسەربەستی کار و بەرنامەکانی خۆیان ئەنجام بدەن ئەگەر جڵەوی ئابووری و بازرگانی و سەرچاوەی پارە و پوول بەدەست دەوڵەتەوە نەبێت. هەروەها ڕەنگە نەتوانن بۆ پاراستنی ڕژێم و بەرژەوەندییەکانیان بەوپەڕی دڕندەیی نەک هەر سەری خەڵکی بپەڕێنن، بەڵکو لوقمەیشی لە دەو قەدەغە بکەن ئەگەر چارەنووسی ئەو خەڵکە لە ڕووی بژێوییەوە بەدەست دەوڵەتەوە نەبێت. بۆیە هەتا پێیان بکرێت سەرچاوەکانی هێزی دارایی و ئابووری و بژێوی لە دەستی خۆیان توند دەکەن تا وای لێدێت ئیتر خۆیشیان باوەڕیان وا دەبێت میللەت بەبێ چنگی پۆلاییینی دەوڵەت توانای ژیان و بەردەوام بوون و بەرەو پێشەوە چوونی نابێت.

گلۆبالیزم هەر تەنیا خاوکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت نییە بەسەر ئابوورییەوە، بەڵکو تێکەڵاوکردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتان و کۆمەڵگا مرۆییەکانە لە تەواوی جیهاندا. سنوور شکاندنی کەلتووری و ئابووری و بازرگانییە لە نێوانیاندا. کاتێک دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر ئابووریدا نامێنێت، ئەوا ڕێگە خۆش دەبێت بۆ ئەوەی دەستپێشکەری و داهێنانی تاکە کەس و کەرتی تایبەتی بێتە پێشەوە و بازرگانی و بووژانەوەی ئابووری بەشێوەیەکی سەربەست لە هەر کوێیەکی جیهان بێت تێکەڵاوی یەکتری ببێت و لە کەشوهەوایەکی داهێنەرانە و پاش لابردنی تەگەرەکانی تەعریفەی گومرگی مونافەسە بکات. لە ئەنجامیشدا ئەو پێشکەوتن و

مونافەسە ئابوورییە بارودۆخێکی دیموکراسی و کراوە دروست بکات تا تیایدا هەم ئابووری و بازرگانی و بژێویی خەڵکەکەو هەم دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەئازادی گەشە بکات.

لەوانەش زۆرتر، گلۆبالیزم و تێکەڵاوبوونی بازاڕەکان وا نەبێت تەنیا بووژانەوەی ناوەخۆیی بهێننە ئاراوە، بەڵکو کەشوهەوای ئاشتی و پێکەوە ژیان و دابڕاندنی سیاسەت لە ئابووریش دێننە پێشەوە. بەواتایەکی دیکە ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەی لە نێوان دەوڵەتاندا دروست دەبێت ئیتر ڕێگە لەوە دەگرێت ئەو دەوڵەتانە بکەونە شەڕ. خۆ ئەگەر ناکۆکیی سیاسی یان بازرگانیشیان کەوتە نێوان ئەوا بەرژەوەندییەکان ڕێگری ئەوە دەبن ئەم ناکۆکییە بەرەو شەڕ بڕۆن. دەوڵەتانی ئەورووپا لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم ئیتر وازیان لە شەڕوشۆڕی نێوان خۆیان هێنا. هۆیە سەرەکییەکەی ئەو واز هێنانە هەر ئەوە نەبوو ئەو دەوڵەتانە هەستیان کرد کە ئیتر شەڕ کارەساتێکی گەورەیە و دەبێت خۆیانی لێ بەدوور بگرن. بەڵکو ئەوە بوو کە ئەوەندە بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانی لەنێو ئەو دەوڵەتانە دروست بوو بوو کە وای لێکردن نەک هەر بیر لە شەڕی یەکتری نەکەنەوە، بەڵکو تەواوی سیاسەت و بیری خۆیان بەرەو بەهێزکردنی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە تەرخان بکەن. دروست بوونی یەکێتیی ئەورووپا و پێشتریش بازاڕی هاوبەشیی ئەورووپی نموونەی ئەو ڕاستییەن کە هاوکاریی ئابووری تا چ ئەندازەیەک میللەتان و دەوڵەتان لە شەڕ دوور دەخەنەوە.

ئەورووپییەکان قازانجێکی گەورەیان لە هاوکاریی و هاوبەشیی ئابووری کرد. دواتریش لەگەڵ ئەمریکا ئەو هاوبەشییەیان ئەنجامێکی زۆر بەسوودی هەبوو بۆ هەر دوو لایان. بۆیە مەبدەئی هاوبەشیی ئابووریان کرد بەیەک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو گلۆبالیزمەی لەگەڵ ڕووخانی سیستەمی کۆنی جیهان هاتە پێشەوە. لەم دیدەوە، ئەمریکایی و ئەورووپییەکان کەوتنە پشتگیریی هەموو جۆرە ڕێکخستن و هاوکارییەکی ئابووریی ناوچەیی.



بگرە ئێستا وای لێهاتووە هانێکی زۆری دەوڵەتان دەدەن لە هەموو سووچەکانی جیهان نەک هەر بۆ گەشەپێدان و گونجاندنی ئابوورییەکانیان لەگەڵ سیستەمی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، بەڵکو بۆ گەشەپێدانی هاوکاریی ئابوورییان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشتی خۆیان و دروستکردنی ڕێکخراوی بازرگانی و ئابووریی ئەوتۆ کە بتوانێت گەشە بەبازاڕی ناوچەیی و هاوکاریی ناوچەیی بدات. ئێستا نەک هەر لە ئەورووپا ئەم جۆرە ڕێکخراوە هەیە کە یەکێتیی ئەورووپایە، بەڵکو لە نێوان ئەمریکا و مەکسیک و کەنەداش هەیە. لە ڕۆژئاوای ئەمریکا و لە نێوان دەوڵەتانی باسفیکیش هەیە. لەو لاتر ئەمریکا و ئەورووپا هانی کۆنگرەی ئەفریقا دەدەن بۆ ئەوەی بایەخی گەورە بەهاوکاریی ئابووریی نێوان ئەندامەکانی بدات.

یەک لە سەرنجە گەورەکانی ئەمریکا و ئەورووپا لەسەر ڕێکخراوی جامیعەی دەوڵەتانی عەرەبی ئەوەیە کە ئەم جامیعەیە لە جیاتی خۆش کردنی زەمینەی هاوکاریی ئابووری و بازرگانی لە نێوان ئەندامەکانی کە دەوڵەتە عەرەبییەکانن، زەمینەی هاوکاریی سیاسی دەدات و هەوڵ دەدات عەرەب نەک لە دەوری بەرنامەی ئابووری و بازرگانی، بەڵکو لە دەوری بەرنامەی سیاسی کۆبکاتەوە. ئەم ڕێچکەیەی کارکردن وایکردووە هەرچی ناکۆکییە لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا کۆببێتەوە. لە ئەنجامیشدا ڕێکخراوەکە لە جیاتی چارەسەرکردنی گیروگرفت گیروگرفتەکان قووڵتر بکاتەوە.

ئەوی ڕاستی بێت، هەر ئەم حاڵەتەشە وایکردووە هەرچی دەوڵەتێکی عەرەبی کەمێک بیەوێت خۆی خەریکی باری ناوەخۆی بکات و هاوکارییەکی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ دەوروپشتی خۆی دروست بکات و ئیتر لە جیاتی خۆ خەریک کردن بەفۆلکلۆری سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا ڕوو بکاتە کاری دامەزراندنی بنەمای ئابوورییەکی پێشکەوتوو، خۆی لە

جامیعەی عەرەبی دوور ڕادەگرێت. ئەو دەوڵەتانەش دەیانەوێت ڕێگە لە دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بگرن، بەبەهانەی مەترسییەکانی ئیسرائیل، بانگ بۆ گردبوونەوە لە دەوری جامیعەی عەرەبی هەوڵدەدەن و هەوڵی قەناعەت پێکردنی ئەو دەوڵەتانە دەدەن کە هێشتا دەست لە ڕیفۆرم و چاکسازی هەڵبگرن و خۆیان و توانای میللەتەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل تەرخان بکەن.

تا ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانیوە وەکو پێویست کار بۆ دابین کردنی هاوکارییەکی ناوچەیی بکات. تەگەرە زۆرن. ڕەنگە کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل، کێشەی کورد، دوو لەو تەگەرانە بن.ساڵی ١٩٩٧ بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی عەرەبی ئامادەی کۆنگرەی پەرەپێدانی هاوکاریی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوون بەبەهانەی ئەوەی ئیسرائیل بەشداریی لەو کۆنگرەیە دەکات. لەولاتر سووریا و تورکیا ماوەیەکی درێژ ناکۆکی و پشێوییەکی زۆریان لە نێواندا هەبوو لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیا و ئامادە نەبوون بەهۆی ئەو ناکۆکییە هیچ جۆرە هاوکارییەکی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ یەکتری بکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشکردنە کە ئەو دوو کێشەیە ئێستا ڕوو لە هێوربوونەوە و چارەسەرە. بۆیە ئاسۆیەکی تازە لەبەردەم بووژانەوە و هاوکاریی ئابووری و بازرگانی لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە کراوەتەوە. خۆ ئەگەر ئەو هاوکارییە دابمەزرێت، ئەوا بێ گومان لەمەودوا ئەگەری شەڕ لە ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر دەکشێتەوە.

شەمعوون پێرسی سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل زوو دەرکی بەوە کرد بوو کە هاوکاریی ئابووری ئامرازێکی گرینگی ئاشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە کەوتە بانگ هەڵدان بۆ ئەوەی دەست بکرێ بەکار بۆ دروستکردنی سەرەتای هاوکارییەکی ناوچەیی لە نێوان ئیسرائیل و میسرو ئوردون و سووریا و تورکیا. پێرس عێراقیشی بەیەک لەو دەوڵەتانە دەزانی



کە پێویستە بێتە ناو بازنەی ئەو هاوکارییە. بەڵام دەشیزانی زەحمەتە جێگەی عێراق لەو هاوکارییەدا ببێتەوە ئەگەر سەدام حوسێن وڵاتەکە بەڕێوە ببات. لە ڕاستیدا هەر ئەو بیرۆکەیە بوو وای کرد ئوردون بەپەلە ڕێککەوتننامەی وادی ئەلعەرەبە لەگەڵ ئیسرائیل مۆر بکات. پێشتریش سەرۆکی پێشووی میسر خوالێخۆشبوو ئەنوەر ئەلسادات هەر بەهەمان دیدو بۆچوون ڕێککەوتننامەی کامپ دەیڤدی لەگەڵ تەل ئەبیب مۆر کردبوو. ئوردون نەک هەر ڕێککەوتننامەکەی مۆر کرد بەڵکو لەوەش زۆرتر چەند پرۆژەیەکی بازرگانی و ئابووریشی لەگەڵ ئیسرائیل بەست. یەک لەو پرۆژانە بەستنەوەی دەریای مردوو بوو بەدەریای سپی. پرۆژەیەکی دیکە بەستنەوەی تەواوی ئەو دەوڵەتانە بوو بەیەک تۆڕی کارەبایی هاوبەش. پرۆژەی سێیەم کڕینی هاوبەشی نێوان ئیسرائیل و ئوردون بوو کە بەیەکەوە ئاوی خواردنەوە لە تورکیا بکڕن و ئەگەر سووریاش هاتە ناو پرۆژەکە و ناو پرۆسەی ئاشتی ئەویش بەشداری پێ بکەن. بەڵام دیارە بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی میسر و سووریا لە لایەک و دواکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لە لایەکی دیکە، ئیتر ئەو پرۆژانەش ڕاوەستان. ئێستا دوای گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە ئەو دەوڵەتانە دەکەونەوە گفتوگۆ بۆ زیندووکردنەوەی پرۆژەکانیان. پێ دەچێت عێراقیش دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، ئەویش چاوی لەو هاوکارییە بێت. ئەوەش ئەگەر کەوتە باری جێبەجێکردن، بێ گومان قازانجێکی زۆر گەورەی بۆ کورد دەبێت. وەک پێشتریش گوترا کێشەی کورد، نەک تەنیا لە عێراق بەڵکو لە تەواوی کوردستانی گەورەدا، هەر لەناو ڕۆژهەڵاتێکی دیموکراسی. ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی بەیەکەوە بەستراو بەتۆڕی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان چارەسەر دەکرێت: چارەسەرێک کە ڕێز لە خواستی دیموکراسییانەی خەڵکی کورد بگرێت و کوردستان بەڕەگەزێکی ئیستیقرار

و گەشانەوە و بووژانەوەی ناوچەکە بزانێت. لەژێر باڵی سیستەمی تازەی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد تەنیا کێشەکەی مافی مرۆڤ و ناوەڕۆکی عادیلانە و خواستی خەڵکەکەی نابێت، بەڵکو ئەوەش دەبێت کە چەند کوردستان لە بواری جێگیرکردنی بازاڕێکی ناوچەیی گەشەدار و سەقامگیر گرینگ و بایەخدارە.



## پوختە

وەک لە پێشەکی ئەم نووسینەدا گوتم: جیهان ئەوا پانزە ساڵە لە ناوەندی گۆڕانێکی گەورەدایە بەتایبەتی لە ڕووی بڵاوبوونەوەی تەوژمی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و بازاڕی ئازاد. لە دوای ڕووخانی بلۆکی دوو جەمسەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کەشوهەوای سیستەمی تاکجەمسەریی کە ئەویش جەمسەری ئەمریکایە، گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کرد. بەڵام بەهۆی تایبەتمەندییە زەحمەتەکەی ناوچەکەوە گۆڕان بۆ ماوەی دە ساڵ تووشی تەنگژە هات. ئەوە بوو دوای ڕووخاندنی حکوومەتی بزووتنەوەی تالیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق، دەرگایەکی گەورە و والا لەبەردەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرایەوە بۆ ئەوەی ئەویش سەرلەنوێ ببەسترێتەوە بەجیهان و وەک ناوچەکانی دیکە ئەویش دەست بکات بەخۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانە گەورەکان. هەروەها دەست بکات بەهەڵکشان بەرەو دیموکراسی و بووژانەوەی ئابووری و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و سیاسی، ئەگەرچی هەڵکشانەکە تا ئێستاش زۆر زەحمەت و قورس دێتە بەرچاو.

لەم نێوانەدا، واتە نێوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەگەرە زۆر و کەند و کۆسپ بێ ئەندازەن. لە لایەکەوە مێژوو و جوگرافیا و کەلتوور و ناکۆکی و شەڕ و شۆڕی سیاسی و سەربازی. لە لایەکی دیکە، ڕژێمە ئیستیبدادییە فەرمانڕەواکانی ناوچەکە. لە لای سێیەمەوە دیاردەی ترسناکیی تیرۆر کە سەرچاوە سەرەکییەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەڵدەقوڵێت. لە لای چوارەمیشەوە دواکەوتنی ئابووری و بازرگانی. لەگەڵ ئەو هەموو تەگەرە و کەند و کۆسپانەش، ناوچەکە لە سەقامگیرییە بەرد ئاساکەی جارانی لە بەرامبەر گۆڕان و دیموکراسی، خەریکە لێرەو لەوێ، هەنگاوی زەحمەت و

پڕ ئەزیەتی دەهاوێژێت. ئەو چاکسازی و ڕیفۆرمانەی لەم وڵات و لەو وڵات، هەندێک جار بەئاشکراو هەندێک جاریش بەشەرم و ڕاڕاییەوە دەکرێت، دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە دوای پانزە ساڵ لە ڕووخانی سیستەمی کۆنی سیاسەت لە جیهاندا، ناوچەکەی ئێمەش کەوتۆتە جولە. ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی عێراق و سوودان و لوبنان و سووریا و فەلەستینییەکان و ئیسرائیل و میسر و ئوردون و دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا و ئێران نموونەی ئەو جموجوڵەن. ئەمریکا فشارێکی زۆری خستۆتە سەر ناوچەکە بەمەبەستی گۆڕینی. دروشمی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی یەک لە دروشمە سەرەکییەکانی ئەمریکای جۆرج دەبلیو بووشە.

لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە کورد و چەندین پێکهاتەی ئیتنی وەکو کورد لە ناوچەکەدا بەرژەوەندییە گەورەکەیان لە دامەزرانی کەشوهەوایەکی سیاسیی تازەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە دەبێت بەدیقەت و بەپەلە هەوڵی خۆگونجاندن بدەن لەگەڵ ئەو کەشوهەوایە. دەبێت بەچاوی هیواو گەشبینی و فرەخوازییەوە سەیری گۆڕانکارییەکان بکەن و دوارۆژی خۆیان لە چەسپانی ئەو سیستەمە تازەیەی سیاسەت ببینن کە پێی دەگوترێت سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە.

سیستەمی تازە، ئەوەی پتر لە سێ ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی چەکەرە کردنە، بۆتە مایەی سەرەتای بەزینی کەلتوورێکی کۆن و داتەپیوو و پڕ دەمار گرژی لە ناوچەکەدا. بۆتە مایەی دەربڕینی ئازادی خواستەکانی تاکە کەس و کۆمەڵگە. بۆتە مایەی یەکسانی و بووژانەوەو فرەیی. ئەم ڕەگەزە گرینگانەش، وەک مەعلوومە، ڕێگەیەکی پان و هێور لەبەردەم میللەتێکی وەکو کورد، وەکو نووبییەکانی سوودان، وەکو ئەمازیغی بەربەری باکووری ئەفریقیا، وەکو شیعەی خوارووی عێراق، تەخت دەکەن بۆ ئەوەی چ وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، چ وەک هەرێمێکی فیدراڵ، چ لە یەک پارچەی کوردستان و چ لە مەودای هەموو کوردستانی



گەورەدا، لە کەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکراسیدا تەعبیر لە کەسایەتییە نەتەوەییەکەی خۆی بکات.

بەکورتی، جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوەندی گۆڕانکارییەکی گەورە دایە. ئەمریکا تاکە جەمسەری ئەو گۆڕانەیە. دیموکراسی و لێبووردەیی و کۆمەڵگای مەدەنی کرۆکەکەیەتی. بۆیە دەبێت کورد لە لایەکەوە وا لە بەرامبەر ئەمریکا ڕەفتار بکات کە تاکە فاکتەری گۆڕانە لە جیهان و لە ڕووگەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا. لە لایەکی دیکەشەوە هەتا بۆی دەکرێت ناوەڕۆکی بزووتنەوەکەی بگونجێنێت لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسی. ئێمەی کورد قازانجی گەورەمان لە دامەزرانی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی گەورە و تازە و دیموکراسییە.

لەناو هەمان چوارچێوەدا زۆر گرینگە بۆ کورد ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە ئازادی و ڕزگاریی کورد هەر بۆ دامەزراندنی بونیاتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرینگ نییە، بەڵکو بۆ ئەو هاوکارییە ئابووری و بازرگانییەش گرینگە کە بەبێ گەشەپێدان و خستنە سەرپێی زەحمەتە سیستەمە سیاسییەکە دابمەزرێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەدەوروبەری کوردستانەوە کەوتۆتە ناو پرۆسەی گۆڕانێکی بنەڕەتی. ڕاستە گۆڕانەکە باجێکی گەورەی خوێن ڕشتن و پەرەسەندنی تیرۆری لەگەڵە، بەڵام پێ دەچێت پرۆسەکە بەدوا مەنزڵگای خۆی بگات و دەرفەت بڕەخسێت کورد قازانجێکی گەلێک گەورە لەو گۆڕانکارییانە بکات. بۆیە دەبێت جیدی و بەپەلە و بەقوولی لە جەوهەر و شێوازەکانی ئەو گۆڕانکارییە گەورانە بگەین و هەوڵی خۆ گونجاندنیان لەگەڵ بدەین.

# پێڕست


سەرەتایەکی گشتی ........ 5
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان تازەگەرێتی و گەورەییدا ........ 19
هۆکارەکانی قلێشان ........ 37
چاکسازی و دیموکراسی لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا ........ 56
فەلەستینییەکان و ئیسرائیل، کورد و ناوچەکە ........ 75
ئابووری فاکتەرێکی گرینگی دیموکراسییە ........ 92
پوختە ........ 108